شیعر

# به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زوير ماچ دەکەم

**ئەو نووسینانەی کەناوی شیعرم لێناون**

عەبدولڵا سلێمان (مەشخەڵ )

٢٠١٢

ناوی کتێب: به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زویر ماچ دەکەم

بابەت: شیعر

ناوی شاعیر: عەبدولڵا سلێمان  (مەشخەڵ)

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژماره (١٨٦)

چاپخانه: کارۆ

چاپـــی یەکـــــەم: ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠) دانه

به باوەشێك لە فەناوە

نیشتمانی زوێر ماچ دەكەم

**ئەو نووسـينانەی نـاوی شـيعرم لێنـاون و لەم كتێـبەدا چـاپكراون پێشكەشن بەم بەڕێزانەی لەخوارەوە ناويان هاتووە...ياديان بەخێر**

- **دەلی مەحموود**
- **ئامەنێرە**
- **بلەشێت**
- **سالەلاڵ**
- **عەلی قومارچی**
- **ئاراسە قەڵەو**
- **سەبە شێت**
- **عەلی شانداڕی فرۆش**
- **خۆم ... كە ئومێد دەكەم بگەمە جيهانە بەرائەتەكەی ئەوان**

## پەیوەندیم لەگەڵ شیعردا
## دانپیانانەکان

" بۆ خوێندنەوەی شیعرێک ئەبێت بەچاوەکانمان گوێمان لێ بێت و بۆ گوێ لێبوونیش ئەبێ بە گوێچکەکانمان ببینین"

ئۆکتاڤیۆپاز

ئەی شیعر ئەوەندەخۆشم دەوێی وا لەنێوتا دەتوێمەوەو
ئەوەندەش ڕقم لێتەوا بەپرتاو لێت هەڵدێم

تا ئێستا گەلێ پێناسەی جیاجیای شیعرم بەرچاو کەوتووەو گەلێ ڕەخنەگر و شاعیر هەریەک لەگۆشەنیگای خۆیانەوەکەم تا زۆر خۆیان لەقەرەی ئەم پێناسەسەختەداوە. بەڵام من نەئەزانم شیعر چیەو نەئەشتوانم پێناسەی شیعر بکەم.

لەسەرەتای هەشتاکاندا کەدەستم بەشیعر نووسین کرد، پێم وابوو ئاسانترین نێچیرم ڕامکردووەو پێدەشتێکی سەوزی پڕ لەبەختەوەریم لەئامێز گرتووە. بەڵام لەگەڵ هەرچی دەستوپەنجەنەرمکردنی زیاتر و قووڵبوونەوەی زۆرترم لەم تەلیسمە، زیاتر و زیاتر وەکو گۆمێکی بێبنم دەهاتەبەرچاو کەهەرکەسێک لەلایەکەوەبەردێکی تێدەهاوێ و





هەریەکەش بەجۆرێک گوێی لەشڵپەی بەرد تێهاویشتنەکەی دەبێ و هەریەکەش بەشێوەیەک بازنەیەک لەدوای یەکەکانی بەرد تێهاویشتنەکەی دەبینێت. بۆ من ئێستا جێی مەبەستم نییەبڵێم شیعر چییە، بەڵام زۆرم مەبەستەبڵێم پێم وابوو لەهەق شیعر دێم و دەتوانم قۆرخی بکەم. دواجاریش ئاڵوگۆڕەیەک لەدوای یەکەکانی تێگەیشتنم بۆ شیعر و ماهیەتی شیعر، ئەو ڕاستییەی لا بەرجەستەکردمەوەکەشیعر پەناگەیەکەدەتوانم لێوەی دەست بۆ ڕوح بەرم، بەڵام ناتوانم بڵێم شیعرم گوتووە. دیارەئەمەش لەترسێکەوەسەرچاوەدەگرێت کەساڵانێکەسەرتاپای هۆشی داگرتووم، ئەویش ترسی لەهەق نەهاتنی شیعرە. حەز دەکەم ئەو ڕازەش بدرکێنم کەچەندین جار سەرزەنشتی خۆمم کردووەلەوەی بۆ سەرەتا بەچیرۆک دەستم پێکرد و دواتر هاتمەنێو شیعرەوە. ئێستاش هەرچەند دەکەم ناتوانم بچمەوەلەدەرگای نووسینی چیرۆک بدەمەوە و تازەلەگەڵ شیعر پەیمانێکی زۆر جیددیم مۆرکردووە، بەو ئومێدەی ڕۆژێک بتوانم یەکلایەنەئەو پەیمانەبشکێنم!.

من لەڕێگەی ئەم شیعرانەوەدەمەوێت بوونی خۆم ڕابگەیێنم. دەمەوێت بڵێم چەند جوانەزیندوێتی و ژیان و ئازادی و عیشق و شیعر. چەند جوانەوەستان لەژێر باران و ڕوانین لەکۆچی باڵندەو تەماشاکردنی خۆرئاوا بوون و لەرەی دار و وەرینی گەڵا و گریان و پێکەنینی مرۆڤ و تووڕەیی هەور و ...تاد، لەمانەش جوانتر ئەو وشانەن کەئەم دیمەنانەبەرجەستەدەکەنەوەو ڕەنگرێژی دەکەن.

من خۆم  قەرزاری هیچ شتێک نیم، بەڵام خۆم زۆر بەقەرزاری زمان دەزانم. خۆم بەقەرزاری شیعر دەزانم چونکەئەو بوارەم پێدەبەخشێت

کەڕوحی خۆم بدوێنم و کەسانێکیش بەدەربەندەپڕ پێچ و پەناکەی ڕۆحم ئاشنا بکەم.

زمانێک کەمن شیعری پێدەنووسم نەیتوانیوەببێتەهۆکارێک ،فاکتەرێک بۆ ناسینەوەی شیعرەکانم. من زمانێکی تایبەتیم نییەشیعری پێ بنووسم، هەر لەو کەین و بەینەی شیعری کوردی دووچاری بووە، منیش دیدار و خەون و گفتوگۆ و شەڕەکانی هەست و ڕوحی خۆم ئەنووسمەوەو خوێنەرەکانم بەسەر ئەکەمەوە( ئەگەر خوێنەرم هەبێت). ئەگەر خەیاڵ بڕێک سنووردار بێت لەشیعری مندا و ئاسۆیەکی زۆر بەربڵاوی نەبێت ئەوا من بەردەوام ئۆباڵی ئەم سنوورداربوونی خەیاڵەم خستۆتەئەستۆی سیاسەت و تێکچوونی فەزای خەیاڵم بەسیاسەتەوەگرێداوەو کارم کردووەو کاریش ئەکەم بۆ ئارایشتدانەوەی ئەو فەزای خەیاڵە. چونکە کارکردن لەبواری حیزبی و جەماوەری ئیشکردنە لەسەر یەقین و فاکت نەک گومان و ئەندێشە. ئەمەش دەبێتە هۆی کوشتنی خەیاڵ.ڕەگەزێکی بنەڕەتی ئەدەبیش ئەندێشەیە.لاوازی ئەندێشە و کاڵبوونی فەنتازیا لە دەق ئەبێتە مایەی نزیکبوونەوەی دەق لە قسەی ئاسایی نەک داهێنان.

من لەڕێگەی ئەم وشانەوەئەمەوێت ببم بەڕەخنەگری شیعرەکانی خۆم ، ئەمەوێت وەکو خوێنەرێکی جیددی ڕاڤەو لێکدانەوەکانم بۆ شیعرەکانم بخەمە پێش چاو. ئەمەوێت حاشا لەو کلتوورەناو و ناوبانگ سالارییەبکەم و دەرگایەک والا بکەم کەئیتر ئێمەی شاعیران نەئیمپراتۆری وشەو نەپاشای شیعر نین، بەڵکو ئێمەخوێنەرێکی تری شیعرەکانی خۆمانین کەنزیکتر لەهەر خوێنەرێکی تر ئاشنایەتیمان لەگەڵ شیعر و ڕوحمان هەیە.





من لەسەرەتای نووسینی شیعریمدا زۆر کێشەم لەگەڵ جورئەتدا نەبووە. جورئەت بۆ من هەر تەنها هاتنەدەنگ نەبووەئەوەندەی خستنەسەر کاغەز بووە، بەڵام دوواتر ترسەکانم لەلەهەق نەهاتنی شیعر جۆرێک بوونەلەناجورئەتی کەهانیان داوم زیاتر لەخۆم نزیک ببمەوەخۆم باشتر بناسم. مرۆڤ چەند زیاتر خۆی بناسێت ئەوەندەش باشتر دەتوانێت دەوروبەر و کۆمەڵگا و دیاردەکان بناسێت. بۆیە لەگەڵ هەڵکشانی تێگەیشتنم لە شیعر و دونیای شیعر لەو ئاستە لەجورئەت دوور کەوتوومەتەوە.

شێوازی نووسینی شیعر لای من هەندێک جار زۆر نانۆرماڵ و غەریبەجار هەبووەلەماوەی چەند مانگێکدا چەند شیعرێکم نووسیوەو جاری واش هەبووەلەماوەیەکی درێژدا شیعرێکم بۆ نەنووسراوە. من دانی پیا دەنێم کەتا ئێستاش نازانم شیعر سەنعەتەیان ئیلهام یان تێکەڵییەکەلەئیلهام و سەنعەت و مەعریفە؟. بەڵام ئەوەم لاڕوونەکەبیرۆکەیەک یەخەم پێ دەگرێ یان وێنەشیعرییەک بەمێشکەما گوزەردەکات دەبێ خێرا دەست بۆ قەڵەمەکەم ببەم و بینووسم ئەگینا تێپەری بەسەرما ئیتر نایەتەوە.من زۆر دیمەنی شیعریم لەسەر پارچەکاغەزو کەرتەکلێنکس و ڕوپەری ڕۆژنامەنووسیوە و دواتر ئەو پارچانەبوونەتەشیعرێک .جار هەبووەهەندێ لەو پارچانەزیاتر لەساڵ و دووساڵ مەودای زەمەنیان لەنێواندا هەبووە.

کەش وهەوای نووسین لای من پێگەیەکی گرنگی هەیەمن زۆر حەز بەبێدەنگی دەکەم و پێم خۆشەکەدەنووسم لەم دونیا جەنجاڵەبرۆمە دەرەوەو لەخۆم زیاتر کەسی تر نەدوێنم. زۆربەی نووسینەکانم

**لەبێدەنگیەوەلەدایک بوون و لەکاتی نووسیندا فەزایەکی خاوو شل یان وەبێدەنگ دەستەمۆم دەکات، تەنانەت لەپڕ هات وهاوارترین و فەوزا ترینفەزادا من لەبازنەی بێدەنگی نایەمەدەرەوەو هەر بەجەستەلەسەر زەویم ئەگینا بەڕوح و خەیاڵ لەدوورگەکانی بێدەنگیدا خەریکی ژوانم لەگەڵ وشەو شیعر.**

**دوا وشەم ئەوەیەکەنازانم چ شتێک پاڵی پێوەنام ئەم دانپیانانەبنووسم ئایاخەمی شیعرە یان سێبەری هاتنەپێشەوەی چوونەساڵەوەیەکەدەمەوێت لەزمانی خۆمەوەئەم ئەمانەتانەبگەیەنم بەخوێنەر ؟**

**عەبدولا سلێمان ( مەشخەڵ)**

**٢٨-٠٤-٢٠٠٨**

**کەنەدا**

**تێبینی : ئەم دانپیانانەی سەرەوە بوو بەپێشەکی ئەو کۆڕە شیعرییەم لە ڤانکۆڤەر کەلەسەرەتای ساڵی ٢٠١٠ دا لەلایەن ماڵی کوردەوە بۆم ڕێکخرا و لەلایەن بەڕێوەبەری کۆڕەکە کاک ڕزگار عومەرەوە خوێنرایەوە.**

**بگەڕێوە..دوو قسەم ماوە بۆ وتن**
**پیاوێک بە چراوە دێتە بەردەم خەونە مەزنەکانی دوێنێم**

## " بۆ ڕۆژی زەماوەندی باوکم "

چەند گۆرانییەکت نابووە ژێر خەونێکی پڕ
چەند میتافۆری ڕژاوت لەنێو گۆمی خەیاڵێکدا سپاردە ماسییەکانی ڕۆح
سوێندێکت وەکو بارمتە لە لای تەنیایی بەجێهێشت
دەرگاکانت لێم ڕفاند و پەنجەرەکانیشت زویر کرد
هەتا لەنێو ئاپورەخانەی فەنادا
گریای بۆ گوڵە وەریوەکانی سەر شۆستەی عەدەم
ناسیمەوە... ئەو سیما پڕ بەرائەتەتم ناسییەوە
کەلەقەراغ مێرگەکانی خۆشەویستی پڕ بوو لە هەناسە و ئومێد
چاوەکانت وەک دوو ئەستێرەی داچۆڕاو کەوتنە بەرپێی تەماشاکانی زیندەگی
لە پڕ چوویت و بێئەوەی دوا وتەم بژنەڤی
ون بوویت لەدڵی بێدەنگی
ون بوویت ....ون ب و و ی ت...ووووووووون
هەتاکو بوویت بە سیمبۆڵی سەرابێکی غەدرلێکراو
وەسیەتەکەتم لە لای باران بینییەوە پڕ بوو لە حەز و ماچ و ژوان
لێوان لێو بوو لە تەماشاکردن و ڕامان
چڕ وەکو زەردەخەنە کورتبینەکانی ڕەهێڵە
زانیم دەچیت لەتەک هەورا ژوورێک دەگرن لە ئاسمانە بەرزەکان و
ناسنامەکانی گۆشەگیری و تەنیایی تەزویر دەکەن
زانیم دەچیت بۆ ئیعتراف لەسەر تەمەنێک لە پووچی
زانیم ئیتر لەسەرەڕێی سووتانمدا دەوەستیت و
چاوەڕوانم دەکەی تا بێم ببم بە پەیکەرێک لە گڕ و لەقسە .





*

بەر لە زار هەڵبڕینم بایەک بە بێدەنگی دێت و
چەند دڵۆپە ئاوێکی بە جێماوی هەورە کۆچەرەکانی پێیە و
دەیپرژێنێتە سەر دەموچاوی ڕوئیاکانم
ڕوئیاشم هەر بە بێدەنگی لەپاڵ هێوربوونەوەی وردبوونەوەما
دەیڕوانیە هەیبەتی پڕ لە جەلالەت و لە شکۆ
شکۆش بەدەم پیاسەی ئێوارە ئەرخەوانییەکانی غوربەتما
لەدەوری کێڵگە میهرەبانەکانی جوانیدا
سترانی بێ وشە و بێدەنگی دەسپاردە قولەی قافی دۆزەخ و
دۆزەخیش هەرچی دورگەکانی عەدەمە
لە نێو چەفیە گوڵ گوڵییەکەی یادەوەریم پێچایەوە و
دایە دەستی خەونە مەزنەکانی باخچەی بێباخچەییم
باخچەش بە توولە ڕێگاکانی سێبەری فەنتازیا هەڵدەزنا
تاکو بگات بە شیمانە بەفرینەکانی قوربانی.

*

پیاوێک بە چراوە دێت و
خوترەیەکی پڕ لە خەونی ئاڵاندۆتە دەموچاوی
لە کەلێن و قوژبنەکانی ونبووندا لە دووی جەستەی خۆی دەگەڕێت
پیاوێک تۆکمە ،هەر لە باوکی سەماکانی غەدرم دەچێت
پیاوێک بێدەنگ وەک هاوارە کپەکانی ئەم کەینونە بێخەتایە
پیاوێک تەسلیم بە شەهوەتە شەرابییەکانی شەوان دەبێت و

**خەونە بێخەوشـەكانی خـۆی دەئـاخنێتە نێـو بەرگـی خـورە بە خۆفەكـانی خلوسییەت**
**پیاوێك بە چراوە دێت و ئیمانداره بە شەراب و گوڵ و شیعر**
**پیاوێك ئیمانداره بە چوونە نێو پەردە پڕ لە ڕەنگە پەمەییەكانی پەنهانی**
**بۆ جووت بوون لەگەڵ گەردی گۆرانی گوماناوییەكانی گومڕایی**
**پیاوێك ئیماندار بە دوعاكانی خۆشەویستی و ئەڤین**
**پیاوێك موتوربە بە ئارابخا و بە عەشق**
**پیاوێك چرایەكی پێیە و دێت كەلێن و قوژینەكانی منالیم دەپشكنێت**
**پیاوێك هەمیشە موسافیر بە دورگەكانی عاتیفە و ئامۆژگاری**
**نەخشەی كەونێك لە حەسرەت و لە ناچاری گرتۆتە دەست**
**دەچێت بۆنی گوڵە سەیر و غەریبەكانی بوون دەكات.**
**من پەیكەرێك لە هەناسەم لەبەردەم ئەم پیرە پڕ لە ویقارەدا و**
**تەمێكم چڕ لە پەشیمانی ئاسمانی زەماوەندەكەی ئەم پیرە.**
**پیاوێـك چرایەكـی پێـیە و منـیش هێـور هێـور وەك پەروانە بە دەوری ڕامانەكانیدا دەخولێمەوە و**
**هەر دەسوتێم تا دەبمەوە بە چراكەی دەستی باوكم .**

**كۆتایی شوباتی ٢٠٠٦**
**كەنەدا**





# قەسرین لەبەردەم نەخشەكانی بەرائەتدا

**بە گوناهێكەوە ئەچمە بەر لێزمەی شەهوەتەكانی غوربەت و**
**خوێندنەوەی چیرۆكە تەواونەكراوەكانی حەزرەتی شێتی**
**بە گومانێكەوە ئەچمە ژێر دارمانی خەونەكانی گەلا و**
**چرپە بێناوازەكانی سەر ڕۆخی دەریاچەكەی یادەوەری**
**من بە گومانم لە هەفتە سەرەڕۆكان كە بە تاكسی**
**بە نێو بێشەلانە چرەكانی نەهامەتی سەفەر دەكەن**
**من دوودڵم لە شەپۆلە شێتەكانی ئۆقیانووس كە بەپێیان**
**بەسەر تەرمی ماسییەكانی خۆشبەختیدا،گەشتەكانیان دەنووسنەوە**
**من بە شكم لە گۆرانییە سڕبووەكانی تەنیایی**
**كەبەدزمەی ڕەش و سەدریەی شینی خەستەخانەوە دەچنە سەر تەندووربانی خەم و**
**بانگی نان و قاوە دەدەن**
**بانـگ دەدەن و.. سـەبە و بـلە و دەلـی مەحمـود لە سـێبەری خەڵوەتەكـانی ونبوونەوە دێنە دەرێ و**
**دەمبەنەوە بۆ ڕۆژە هەرە دوورەكان**
**ئەو ڕۆژانەی من و سەبە و بلە و دەلی مەحمود و زۆری تر**
**نەخشەی خەونێكمان دەكێشا پڕ بێت لە شێتی و بەختیاری**
**پڕ بێت لە پێكەنینە قووڵەكانی عەلی قومارچی و سالەلاڵ**
**پڕ بێت لە جنێوە مزرەكانی ئامە نێرە**

**نەخشەی خەونێکمان دەکێشا پڕ بێت لە قەتێ و کۆتری ئەفسانەیی**
**پڕ بێت لە چۆلەکەی ئیمان**
**ئیمان بە سەربردەکانی تەنیاییمان**
**ئیمان بە داستانەکانی خۆشەویستی و بە پاڵەوانە گومڕاکان**
**نەخشەی خەونێکمان دەکێشا گوناه گوناه وەکو خەتا مەزنەکانی منداڵیمان**
**منو سەبە و بلە و دەلی ئاواتی سەرخۆشەکانمان ڕوونووس دەکرد**
**شەهیدەکانمان لە قەبر دەردەهێنا و**
**بە کڕنۆش و بە ڕێزەوە ماچمان دەکردن**
**وردە شوشە و بزماری نا تەباییمان لەسەر ڕێگای خۆشەویستی لادەبرد و**
**عەشتەبامان شک نەدەبرد بۆ دووبەرەکی و تەفرەقە**
**منو سەبە و بلە و دەلی مەحمودەکانی شارەکەم**
**بێمزەڕەتانە دەچووینە پاڵ ئاگردانی موحیبەت و**
**دەستی ڕچیوی ئاهێکمان گەرم دەکردەوە**
**بە قاڵماسنگی خۆشنوودی**
**بەردی وەفا و ئەمەکداریمان دەگرتە باڵندەی نێو ڕۆمانەکانی سەڕاج و**
**هێلە ناحاڵییەکانی ناو تابلۆکانی خەیات**
**من و شێتەکانی تری ئەم دەڤەرە..لەسەر پشتی ئێوارەیەکی برسیدا**
**دوای دەستێ دۆمینە و ئەزنیف**
**بازنەیەکمان بەدەوری قەدەردا دەکرد و دەگریاین**
**بێمزەڕەتانە دەگریاین**
**بۆ کۆمارە ڕوخاوەکەی عەلی قومارچی و سالە لاڵ**
**بۆ کۆمارە بەزیوەکەی ئامە نێرە**
**کەدەگریاین.. بە گومانەوە دەگریاین**
**هەتا دەبووین بە شەونم و بە پەلکە زێرینەی بەرائەت**





**سەردەکەوتینە سەر شاخە وەهمییەکانی عەدالەت و بانگمان دەدا**
**لەوێوە دەچوین ژنمان دەخواست بۆ نێرەموکەکانی تەعریب و**
**جڕتمان لێدەدا بۆ شەهوەتە مەییوەکان**
**ئێمە لە نێو خەونە گەورەکانی غوربەت**
**گۆرانیەکەی عەلی شانداری فرۆشمان بە کۆرسەوە دەوتەوە**
**من و سەبە و بلە و مەحمود لە مەقامی ئەفسانەکانەوە (وجود) مان ڕەت دەکردەوە و**
**بەیەک دەنگ فیزاحمان دەکرد:**
**سڵاو ئەی گەڕەکە مەییوکان**
**ئەی گۆرانییە دۆبلاجکراوەکەی مەنفا**
**سڵاو ئەی هونەرمەندە نووستووەکانی نێو فلیمەکانی حوزن و نەهامەتی**
**سڵاو ئەی میللەتێک لە نەگبەتی و بێئاگایی**
**ئەی بنیادەمە قەسریوەکانی بەر دەرگای جەنگ و**
**فڕین بەرەو کەنارەکانی ئەبەدیی**
**ئێمە نەخشەیەکمان کێشا و**
**ئێوەش بەبەرچیغەکانتانەوە لەسەر ڕێگاکان دەوەستان**
**تا شایەدومانی سەفەر بهێنن و بڕۆن**
**ڕۆیشتن بەرەو کیشوەرە پڕ ترسەکانی فڕین**
**ڕۆیشتن بەرەو قولایی گۆمەکانی بیرچوونەوە**
**ڕۆیشتن بەرەو دۆزینەوەی خود و**
**مەنزڵ خستن لە نهۆمە بەرزەکانی بەرزتر لە بەرزەخ و بوون!**

**ئایاری ٢٠٠٦**
**کەنەدا**

**ژێرنووس :**

**•سەبە و بلە و دەلی مەحمود : سێ شێتی ناسراوی شاری کەرکوک بوون**

**•عەلی قومارچی : کابرایەکی هەمیشە سەرخۆش و مەشرەب خۆش بوو**

**•سالەلاڵ : کابرایەکی بەهۆش بوو ،لاڵ بوو .هەمیشە لەگەڵ خۆی و دەوروبەری دەدوا**

**•ئامە نێرە : ئافرەتێکی دوکاندار بوو بەردەوام جنێوی دەدا و لەسەر بوو...یادی بەخێر**

**•عەشتەپا : یانی هیچ**

**•قاڵماسنگ : ئامرازی بەردهاویشتنە و لە بەن دروست دەکرێت ،لە ڕابردوودا لە شەڕە گەڕەک بەکار دەهێنرا و لەجیاتی گەمە و یاری منداڵان پێوەی سەرگەرم دەبوون.**

**•سەڕاج : مەبەست عەبدوڵا سەڕاجی چیرۆکنووس و ڕۆماننوسە**

**•خەیات : مەبەست ئیسماعیل خەیاتی هونەرمەندە**

**•عەلی شانداڕی فرۆش : کوڕێکی شانداڕی فرۆش بوو لە کەرکوک هەرکاتێک بایی پێنج فلس شانداڕیت لێ بکڕیایە گۆرانیە ناسراوەکەی خۆی بۆ دەوتی :**

**((کچەکان مەچن بۆ چیلکە**
**دوو عەسکەر هات لە بنکە**
**بانگتان ئەکەن بە فیکە**
**ماچتان ئەکەن عەنتیکە))**





**•بێمزەڕەت : بێ دەردی سەر**

**•بەرچیغ : داری ڕەق**

**•فیزاح : هاواری توند و گەورە، لە گشتییەتی خۆیدا سیفەتی مرۆڤە لە کاتی تەنگانەدا.**

**•- دۆمینە و ئەزنیف دوو یاری ناسرا و بڵاوی نێو چایخانەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتن و مرۆڤە دەست بەتاڵ و بێکارەکان پێوەی سەرقاڵ دەبوون.**

**•قەسرین : ڕچین .ئەم وشەیە زیاتر لە دەڤەری کەرکوک و دەشتی هەولێر بەکار دێت.**

**تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٩٣ ی ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کراوەتەوە.**

## گەلەرییەک لە خەتا و پەشیمانبوونەوەیەکی درەنگ

پەشیمانم لە ڕنینی گیاو گۆڵی بەهارانی باخچەی ئومولرەبیعەین و
وەراندنی گوڵە حاجیلەکانی بن دیواری ناوەندی زێوەر
پەشیمانم لە فلیقانەوەی ئەو بەچکە بۆقانەی
کەلە گۆمە قوڕاوییەکەی ئەوبەرمانەوە دەهاتن
تا بەشداری ماڵئاوایی سەفەری تاراوگە بکەن
پەشیمانم لە کوشتنی ئەو کۆترەی کە بۆ پشوو
هەر بۆ پشوو لای دابووە سەر دارتووەکەی حەوشەمان و
منیش بە دارلاستیکێکی چەتوو و شەرانگێزەوە سەربەرەوخوار
هێنامە خوار
پەشیمانم لەو شەڕانەی کە کردوومن
پەشیمانم لە نارەحەتیکردن و ئازاردانی ئەو قەتێیەی
کە نەنکم-میمکم لە لادێوە بە دیاری بۆی هێنابووم و
ئەو حەوشەیەم لێکردبووە کونە مشک
پەشیمانم لەو پێکەنینە زۆر قوڵەی کە چوارشەمانێک لە وەکاشە
نازم وەک تۆپ لەسەر گردێکی بەرزەوە خلۆر بۆوە و
دەستی شکا و منیش قاقا پێدەکەنیم وسەیرم ئەکرد
پەشیمانم لە برژاندنی ئەو سوێسکە لەڕ و ترساوەی
کەلە سەردەمی فیراری لە ئەشکەوتی حسێن برژاندم و خواردم



به باوه‌شێك له‌ فه‌ناوه‌ نیشتمانی زوێر ماچ ده‌كه‌م............ عه‌بدوڵا سلێمان (مه‌شخه‌ڵ)

پەشیمانم لە دزینی کێکەکانی مەعمەلەکەی کاک کەریم و
لە شکاندنی کاشییەکانی حاجی موتعیب
پەشیمانم لە تووڕە کردنی مام سەیدی قوتابخانەی سەرکەوتن و
لە ئازاردانی توتکە سەگەکانی ئەو بەر جادەی ڕەحیماوا
پەشیمانم لە لاسایی کردنەوەی مەلا فەتحوڵا
وەختێک وانەی تەبارەکی بە مناڵان ئەووتەوە
پەشیمانم لە شکاندنی گلۆپی عاموودەکانی کۆڵانەکان و
لەجەڕەس دانی ماڵە دراوسێکان
پەشیمانم لە خۆهەڵواسین بە پیکابی حەمە هاجەر و
بەکەرو عەربانە بەرزەکەی مام فەرەج
پەشیمانم لەو بەردە زۆر بچووکانەی کەلە سەربان
دەمهاویشتە کچە دراوسێکەمان و پێیم دەگووت خۆشم ئەوێی
پەشیمانم لەو دەفلسەی کە بە چقور دۆڕاندم و
نەمتوانی شەکرلەمەیەکی لای مامە حەمە پێبکڕم
پەشیمانم لە بەردبارانکردنی دەرگای حەوشەمان
تەنها بۆ بیست وپێنج فلس بۆ کڕینی فلیمی هەرقل و سانتۆ وشامی کاپوور
پەشیمانم لە کردنەوەی پڕتەقاڵی حەوشەی ماڵی مامۆستاکان
پەشیمانم لەو پرسیارە دزێو و ناشرینانەی لە مامۆستای ئایینم دەکرد
پەشیمانم لە قۆپیە کردنەکانم لە وانەکانی هەندەسە و کیمیا و جەبر
پەشیمانم لە لگاو کردنی ڕۆژانی جەژن و
یارمەتی نەدانی ئاراسە قەڵەو وەختێ لەسەر جادەی کۆڕنیش بزر ببوو
پەشیمانم لەو جوقانەی لەسەر جۆلانە حەبلییەکەی سەیرانەکە
مناڵانی لە خۆم بچووکتر پێ دەترسان
پەشیمانم لەدەست هەڵەکردنی ئەو ڕێبوارانەی

کە پرسیاری هەر ماڵێکیان لێکردمایە من دەمناردن بەرەو ئاڕاستەیەکی تر
پەشیمانم لە دڵشکاندنی خوشکەکەم
لە ترساندن و نیگەران کردنی باوکم وەختێ دەستم بە سیاسەت کرد
پەشیمانم لەو شیعرانەی دڕاندمن
لەو چیرۆکانەی فڕێمدان
پەشیمانم لەو ڕەسمانەی کە نەمگرتن
لەو ماچانەی لە دەستم چوون
پەشیمانم لەو گەشتانەی کە نەمکردن
لەو ئاهەنگانەی کە نەچووم تێیدا سەمای دڵدارانەی تێدا بکەم
پەشیمانم لە ڕەدوو کەوتنی هەورەکان و
بڵاوە پێکردنی ڕەوە کوکوختییەکان
پەشیمانم لە شاردنەوەی تریفەی مانگ و
لەو خەونانەی کە بینیومن.

ژێرنووس :

•ام الربیعین : ناوی باخچەیەکی گشتی بوو لە گەڕەکی (تەپەی مەلا عەبدوڵا) لە کەرکوک.

•زێوەر دوا ناوەندی زێوەری کوڕان لە گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکوک.

• نازم ،ئاراس دوو قوتابی سەردەمی منداڵیمن، یادیان بە خێر.

•وەکاشە جێمەنزڵی(عکاشە)یە و خەڵکی کەرکوک لە بەهاراندا دەچنە ئەوێ بۆ سەیران و گەشت.





•ئەشکەوتی حسێن ئەشکەوتێکە لە بناری چیای (ناسرئاغا) لە دەشتی کۆیە.

• کەریم و حاجی موتعیب دوو برا بوون ،تورکمان بوون.خاوەنی کارگەی بسکیت و کاشی بوون لە ڕەحیماوای کەرکوک.

•سەرکەوتن قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان بوو و خوێندنم لەوێ دەستپێکرد.

•مەلا فەتحوڵا مەلایەکی بێوەی بوو لە کەرکوک هەر خەریکی وتنەوەی وانەی ئایینی بوو.

•حەمە هاجەر شوفێری پیکاب بوو لە نێوان کەرکوک و دارەمان.

• مام فەرەج کۆڵهەڵگرێکی شاری کەرکووک بوو بە کەر و عەرەبانەیەکەوە چاکترین ڕۆڵی گواستنەوەی دەگێڕا.

• چقور وشەیەکی تورکییە و بەمانای (چاڵ) دێت و یارییەکی منالانەیە .سەرەتا یاریکەرەکان پارەکانیان بۆ چاڵەکە فڕێ دەدەن ،کێ پارەکەی بخاتە نێو چاڵکەوە ئەوا ئەو یەکەمەو کێ نزیکتر بێت لەچاڵەکەوە ئەوا ئەو دووەم دەبێت بەو شێوەیە.دواترپارەکان کۆ دەکرێتەوە جا پێنچ فلسی بێت یان دەفلسی ،پاشان بەرەو چاڵەکە هەڵدەدرێت چەندی بکەوێتە نێو چاڵەکەوە ئەوا دەبێتە پارەی ئەو کەسە.

• مامە حەمە پیرەمێردێکی ڕەبەنی دراوسێمان بوو، گوڵەبەڕۆژە و شەکرلەمەی دەفرۆشت. هەموو ژیانی بە سەڵتی بردە سەر و چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە.

• شامی کاپوور ئەکتەرێکی هیندی بوو و (هەرقل) و(سانتۆ)ش پاڵەوانانی فلیمی بیانی بوون.

نیسانی ٢٠٠٦
کەنەدا

## چەند خەونێكی قەدیفەیی

بــۆ ئەو،ئەو ئەوەی كەلەنێــو هەمــوو ئەوەكانــدا تەنهــا ئەوە جەســتەی ڕوتی خۆی لەنێو ئەم كورتە قەسیدانەدا ئەبینێت

## پێغەمبەرێک بەقاچاخ دەبێت بە عاشق

**بە خودام وت ..عەجەب لەم کێڵگەی میهرەبانی و عیشوەدا**
**هیچ ڕوحێکت هێندەی ڕوحی دڵدارێکی سەرخۆش بە ماچ و ئێوارە نەخوڵقاندو**
**هیچ دڵێکت وەکو دڵی شەکەتی ژێر لێزمەی باران**
**نەدەسپاردە شۆستەکانی ڤەراغ ئەڤین و موحیبەت ؟**
**بەخودام وت ..تۆ گیتارژەنێکی وەرزی پایزانی و**
**هەر بەتەنها عەزف ئەکەی لەسەر نۆتەی ترس و مەرگ**
**تۆ پرۆڤەی نمایشی دوایین پەردەی هەستێکی ڕیش درێژ ئەکەی**
**تۆ گومانت لە یۆتۆپیا هەڵکێشاوە و**
**منیش خەریکم لە دەقی ڤەسیدەیەک بێمە دەرێ.**
**ئەمرۆ خوام بینی و دواندم..ئەتوت خودا لەسەفەرێکی درێژ گەڕاوەتەوە و**
**بەو گەورەییەی خۆی لەبەردەم کچێکی نێو شیعرێکمدا بەچۆکدا هات**
**خوا ئەگریا و سوێندی ئەخوارد چیتر دڵی بیابان و شەوەکانی باخچەی عەشق**
**نەشکێنێت**
**بە دوو قۆڵی لەگەڵ خوادا دوو پێکمان هەڵدا لەپیاڵەی حەقیقەت و**
**بەسەرخۆشی لەگەڵ هەربەلاداهاتن و ساتمەیەکدا**
**ڤاڤامان بێدەنگی مەملەکەتی هزرەکانی ڕادەمووسی**
**بۆ یەکەم جار لەمرۆکەدا نووری خودام لەشێوەی کچێکی سێکسی هاتەبەر چاو**
**بۆ یەکەم جار گەیشتم بە دیداری خوا**
**من ئەمڕۆکە تامی ماچێکی حەرام و بۆنی هەناسەی خوام پێیە.**
**من ئەمڕۆکە هەر بەتەنها مرۆڤ نیم، پێغەمبەرێکی عاشقم!!**





## دۆسیەی داخراوی عاشقێک

**وێنەی هەموو سێبەرەکانی عەدەمم گرتوە و**
**هەر بە ئیمەیڵ ئەمشەو ئەیانێرم بۆ بەردەم ڤاپی خودا**
**ئەمشەو لەگەڵ مرازەکانی دڵمدا کۆئەبمەوە**
**لافیتەیەک لەبێدەنگی لەبەردەرگای سەفەرێکدا هەڵئەواسم**
**لێی ئەنوسم بە ڕوبارێ مەزەندەوە هاتمە بەردەرگای گومان و**
**خۆم وەردەدا لە چڕە دوکەڵی وەهم**
**لێی ئەنوسم تەمێکی چڕ لەبێدەنگیم لەخۆم وەرداو**
**لاشەی کوژراوی ڕۆژێکم لەنێو مێژویەکی وشکدا بە جێهێشت.**
**ئەمشەو دڵی خواو بیابان**
**دڵی سەما و کچەکانی پەرستگاکانی ئەوبەری دەریا ڕاناگرم و پێیان دەڵێم**
**ئێوە عاشق نەبوون و هەرگیزیش نابن بەعاشق**
**ئێوە نەلەسەفەر تێدەگەن و**
**نەدەزانن ڕووی وەحشەتی درۆ چییە**
**ئێوە منتان نارد بۆ شەڕە گەورەکانی عەشق و**
**خۆشتان لەسەر مێزی خیانەتی ڕۆژانی پشووی هەفتەدا**
**نیشتمانێکی حەرام و قەڵەمتان دەفرۆشت!**
**چەند دزێو و ناشیرینن وەختێ خۆشەویستی ئەکوژن**
**وەختێ زمانی باڵندە تەرجەمە دەکەن بۆ شەهوەت**
**چەند ناشیرینن... چەند..چەند.. چەند ..**

## لە نێو بازنەی ........دا

لە درزێکەوە دەڕوانم تەنها چاوێکم خەریکە پێڵوەکەی بنێتە گۆڕ
چاوی بینینی پشتەوەی ئاوێنەیەک لە گومان و
ناسینەوەی ئاسمانێکی پڕ لەهەور و پڕ لەبازنەی ڕەنگاوڕەنگ
تێکچڕژانێک خۆی لێم نزیک دەکاتەوە و دەڵێ مەشخەڵ ..ئەوە چۆنە
لەم عەدەمستانی ڕۆحەدا
دەنگێکی هەراش شک نابەی هەڵمی سەر ڕووی ژوورە شووشەییەکانی
غوربەتت بسڕێ
کەفچڕینی سەر پەرداخە بیرەیەک چرپاندی بە گوێما "سەیرە..تۆ
لەنێو بازنەیەک لەبوون و نەبووندا
چاوەڕێی چیت ؟"
تەمێکی دەمامک سپی سەر ڕوباری فرێزەریش پێی گووتم ڕۆژێک دێت
تۆش دەبییە هەڵم!
لەم بازنەیە تەنها جوانییەک شک ببەم ئەویش شیعرە!!.

فرەیزەر : ناوی ڕووبارێکە لە باشووری ڤانکۆڤەر



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## گەمەی عەشق

عەشق ڕووتبونەوەی دڵە لەبەردەم تریفەیەکی سەرەڕۆ و
لاوانەوەی دارستانێکی کۆچەرە بەدیار خەزانی سەفەردا.
عەشق گەمەیەکی جوانە
جوانترە لە گەمەی وشەکان
جوانترە لەمەودا بێکۆتاییەکانی سیحری ژیان و بینین .
عەشق جوانە بەقەد وەنەوشەترین ماچ
بەقەد تەژیم لەبێدەنگی
عەشق گەورەترە لە تەنیایی
گەورەترە لە سەماکانی خودا و
لە پێکهەڵدانی عاشقەکان
عەشق ڕاگرتنی دڵی کچە هاوپۆلەکەی زانکۆ نییە
سڕینەوەی فرمێسکی سەر کوڵمی ماڵئاوایی نییە
عەشق تێکەڵبوونە بە هەناسەکانی غوربەتێکی سی چلساڵە
عەشق تێکەڵبونە بە تۆ

## كەنارە خەونێک لە وەهم و فانتەسی

لەكەنار ئەو خەونانەوە هاتووم كەداهاتوویان پڕە لە خۆكوژی
ئەو خەونانەی داهاتوویان چێنراوە بە لوغمی شەرم
لەو كەنارانەوەی كەباڵندە سكپڕەكانی خۆشگوزەرانی تێدا لەقەفەس نراون
لەو كەنارانەوە كەگومان خەریكی پیتاندنی هێلكە نەزۆكەكانی ئارامییە
ئەو هێلكانەی هەرگیز نابن بە ئومێد و نابن بە ژیان
لەو كەنارانەوە هاتووم كە دوورگەی مەرگ ئاڵای ئیقامەی تێدا هەڵداوە
ئەو كەنارانەی هەناسەیان تێدا نییە و نیگایان تاریكە وەک قەتران
كەنارە ڕەنگ لمی و سیما بێڕەنگەكانی ئانیشكی ماندووبوون
ئەو كەنارانەی بەهەوری ترس سێبەر چێ ئەكەن و
بەبارانی پەشیمان بوونەوە بێنوێژی خۆیان دەرئەكەن.
ئەو كەنارانەی بەحەرامی لەدایک بوون و
هەر بەحەرامیش خەریكن ببن بە گۆرانییەک لەونبوون.
خەریكن ببن بە خەمی قەتارە بەستووی ئەو ئاهەنگانەی سرووتی ماڵئاوایی
تێدا ئەخوێنرێ
خەریكن ببن بەو پێناسە سەرپشت ئاوكەوتوانەی كە كیسەڵئاسا توانای
ڕاستبوونەوەیان نییە
خەریكن ببن بەو وشانەی كەخۆئامادە دەكەن بۆ سەفەركردن
بۆ دەرەوەی قاموس و فەرهەنگەكان ،بۆ دەرەوەی مەنزومەی زمان





خەریكن ئەبن بە داچۆڕانی هەتاو لە ڕۆژە هەرە گەورەكانی ساڵ
خەریكن وێنەی ئەو گەشتیارە ڕووتانە ئەشۆنەوە و
ئەیفرۆشنەوە بە مێوانە غەریبەكان،كە هاوینان جەستەیان دەسپێرن بە دەریا
خەریكن دەرپێ و ستیانی ئەو كچانە ئەدزن كەبەڕووتی دەیانەوێ
ببنە پاڵەوانی چیرۆكە پڕ لەزەوقەكان
خەریكن ئەبن بە گۆڤارە قەدەغەكراوەكانی سێكس...ئەو گۆڤارانەی
لەنیشتمانە قەدەغەكراوەكاندا ،بەقانونی قەدەغەی شەریعەت
..قەدەغەكراون.
خەریكن ئەبن بە كوشتنی ماچێكی سووری ئەو كچ و كوڕانەی
كەلەلێوار شەقامەكاندا خۆشەویستی ئەكەن و لەترسی پۆلیس هەمیشە
ئامادەی ڕاكردنن
خەریكە ببن بە شەقام،ئەو شەقامانەی وێنەی ئەو ژنە هەڵواسراوانەیان
تێدا هەڵواسراوە
كەلەخەونیاندا سێكسیان كردووە لەگەڵ دڵخوازەكانیان.
خەریكن ئەبن بە فڕینە بازنەییەكانی نەوڕەسە زوێر بووەكان
ئەو نەوڕەسانەی چاو و دڵیان شینە وەكو ڕەنگی دەریا
خەریكن ئەبن بەپانتایی ئەو فانتاسییەی كە سنوورەكانی خۆی لەگرێژنەوە
دەرهێناوە.
لە كەناری ئەو خەونانەوە دێم تا ماچت بكەم ..ئەی خۆشەویستی .

٢٠٠٦
كەنەدا

## نیشتمانێک لە خەون و نەوەیەک لە فەنا

لە کوێوە چوون
لەکام دەلاقەی فیردەوسی ئاهورامەزدا
خۆتان فڕێدایە نێو کێڵگەکانی خەون
لەڕێی کێوە بوون بە سەربازی ئەرتەشی خەونەکان و
پەیتا پەیتا وڵاتانی هزر و مەعریفەتان ئەگرت
چۆن بوو ڕێتان لێهەڵە نەبوو و
لەسێبەری دار زەیتونێکی یۆناندا
یان لەکەنار گۆمێکی تەنیشت ڕۆماوە
خەونتان نەدیت بە مردن و ئاوابوون و نەچونەوەی هەتا هەتا بۆ نیشتمان
ئێوە چۆن چوون لە بێستانی گێلاسەکانی چیخۆفدا سەر خەوێکی بۆ بشکێنن
چۆن بەدەستی بەتاڵەوە ئەچوونەوە نێو حەوشە گەورەکەی غوربەت
چۆن بەدەستی بەتاڵەوە ئەچوونە لای خانەخوێکانی دوێنێ و
دیاریەکانتان بەر لەگەیشتن
بەنیوە قیمەت ئەفرۆشتە بازرگان و چەرچیەکانی سەرسنوور
لەکوێوە سەرابتان ئەگرت





چۆن ئەبوونە دەزگیرانی خەیاڵە سادە و کەبتەکان
چۆن لەخەودا کچەکان و کوڕەکانی ڕۆژئاواتان بەڕووت و قووتی لەژوورێک
لەژوورێکی فەنتاسی سوور
ئەخستە بەر لێزمەی شەهوەتە مەکبوتکراوەکان
هەر لەو خەوە چەندین منداڵتان ئەبوو
قژ زەرد چاو ڕەش
چاو شین قژ ڕەش
هەر لەو خەوە جارێک ئەبوون بە دۆنکیشۆت و
جارێکی تریش بە شایلۆک.

لە کوێوە چوون
لەقەنتەرەی کام ئارەزووی شەهیدەوە چوونە ژوورێ
لەژێر پرچی ئاڵۆسکاوی سنوورەکان خواناسیتان لێببوە تەم
ئاڵایەک نەبوو لەژێریا سوجدە بەرن
ئێوە چۆن چوون
چۆن بوون بە میلیشیای مەرگ و توانەوە
گۆرانیەکانتان بۆ کوێ برد؟
پرچی تەڕی شیعرەکانتان لەکوێ هەڵخست؟
ئێوە دەزانن ئەم چوونە دوایین چوونە
ئەم سەفەرە دوا سەفەری خەیاڵێکی ساردەوە بووی دەم حەزێکی کوتراوە
ئەم سەفەرە بەئەنفالبوونی ڕابردوو و
یادەوەری ڕۆژەکانی مناڵییە
ئەم سەفەرە دوا سەفەری وشکبوونەوەی گۆرانی و شیعر و خەونە
دوا سەفەری حەسرەتێکی هار و شێتە.

**ئێوه گومبه‌زه‌كانی تاراوگه‌تان چۆن داگرت و پرتان ئه‌كرد له چیرۆك و**
**رۆمانی خه‌م**
**چۆن نامه‌تان ئه‌ناردەوه**
**چۆن زمانی ده‌ریا فێر بوون**
**ئێوه له‌كوێوه ئه‌هاتنه سه‌ر ته‌رمی خۆشه‌ویستان و**
**ئه‌گریان بۆ خاك خۆڵی ئه‌م نیشتمانه غه‌دداره.**
**ئێوه گومڕا بوون یان گومان سێبه‌ری خسته سه‌ر دڵتان**
**تا توره بن له منداڵی و یاده‌وه‌ری؟**

**ئێوه كوڕی نیشتمانێكن له سه‌راب**
**نیشتمانی ئێوه له‌نێو گه‌ڵاوه‌ریوه‌كانی پایزدا ده‌خه‌وێت و**
**له‌سه‌ر سۆشته‌كانی غه‌ددر قاوه تاڵه‌كانی غوربه‌ت ئه‌خواته‌وه.**
**نیشتمانی ئێوه كچێكه و ئه‌گه‌ڕێت بۆ ده‌زگیران**
**كه‌چی ته‌نها باڵنده‌یه‌ك ئایه‌ته‌كانی مرازی ده‌خوێنێته‌وه.**
**ئێوه هه‌ر یه‌ك چیرۆكێكن غوربه‌ت ئه‌تاننووسێته‌وه!**

**"ئێمه نیشتمانمان نییه**
**نیشتمانی ئێمه له‌نێو باخچه‌یه‌كدا ون بوو**
**نه‌دۆزیمانه‌وه و نه‌سۆراخێكیمان بۆ كرا**
**نیشتمانی ئێمه ته‌نها له بۆنه‌كاندا ده‌ژێت و**
**له رۆژه ئاساییه‌كاندا هه‌ر سێبه‌ره‌كه‌ی ده‌بینرێت**
**نیشتمانمان هه‌ر له‌خه‌ون و له‌خه‌یاڵ و وڕێنه‌دا په‌یدا ده‌بێت و**





**دێت له‌سه‌ر مێزێكی ته‌نیای پاركێكی چۆڵ جگه‌ره‌یه‌كی ته‌نیایی دائه‌گیرسێنێت**
**و ئه‌ڕوات**
**نیشتمانی ئێمه له پاكژیدا ئاوا بوو و جه‌سته‌ی له غه‌ددرا هه‌ڵكێشرا**
**نیشتمانمان خه‌ونێك بوو جوان، وه‌كو خه‌ونه سپییه‌كانی باڵنده‌كانی تاراوگه".**

**له كوێوه چوون**
**له‌ده‌لاقه‌ی كام ئومێد و خه‌یاڵه‌وه**
**خۆتان فڕێدایه نێو دارستانه كاكی به‌كاكییه‌كه‌ی تاراوگه**
**ئێوه چۆن چوون وه‌كو وێنه ته‌نكه‌كانی نێو ئه‌لبومه‌كان هه‌ڵگیرێن!**
**به قه‌راغی چ به‌یانییه‌كدا ڕۆیشتن و نه‌هاتنه‌وه**
**له‌باوه‌شی چ شارێكدا بزر بوون و نه‌هاتنه‌وه**
**له‌لێواری چ ئه‌ندێشه‌یه‌كی ته‌ماوی چاوتان لێكنا و نه‌هاتنه‌وه.**
**چیرۆكه‌كانتان ببێژن**
**حیكایه‌ته پڕ له گریان و پێكه‌نینیه‌كانتان بگێڕنه‌وه**
**باسی جه‌للاده‌كان بكه‌ن وه‌ختێ لاشه‌ی خه‌ونه‌كانیان كه‌وڵ ده‌كرد**
**بیگێڕنه‌وه...له‌كوێوه فه‌ناتان دیل كرد**
**له‌ده‌روازه‌ی كام خه‌مه‌وه هه‌ڵتان كوتایه نێو ده‌ڤه‌ره وشكه‌كانی نائومێدی**
**له‌هه‌ناوی چ گۆمێكی فه‌نادارا فێری مه‌له‌ی عیشق بوون و**
**دڵداریتان ئه‌كرد له‌گه‌ڵ گوڵه ڕه‌شه‌كانی شێرزاد حه‌سه‌ن**
**ئێوه فێڵتان له كچه ده‌زگیران و هه‌ڵخه‌ڵه‌تاوه‌كانتان ئه‌كرد و**
**ئه‌بوونه جه‌سته‌ی ته‌م و یه‌كه یه‌كه له‌نێو دارستانه‌كانی سه‌فه‌ر ون بوون**
**ئێوه چی بوون ئه‌ی نه‌وه‌كانی حه‌زره‌تی تاراوگه و خه‌م؟**

"ئێمە نەوەیەک لە فەناین
پارچەیەکین لە ئاوێنە شکاوەکانی سەراب و لە گزنگە ڕژاوەکانی سەحەر
ئێمە هەناسەیەکین کورت،
کورت هەروەکو نمایشی شانۆیەکی برتۆڵد برێخت
ئێمە بە سێبەر داپۆشراین و جەستەشمان ڕچیو ڕچیو لەنێو تەنورە ساردەکەی
تاراوگەدا وشک بۆوە.
ئێمە لە نیشتمان زویر و نیشتمانیش لە ئێمە زویر
ئێمە ئیتر ساردین وەکو وشکە سەرما
ئێمە ئیتر لە فەنادا سەما ئەکەین و
لەفەنادا نوێژ ئەکەین بۆ خواکانی عوزل و غوربەت."

بیگێڕنەوە ...سەربردەکان بگێڕنەوە
لە ئەلفەوە هەتاکو یێ بیگێڕنەوە
ئەی منالە چەتونەکانی تاراوگە و غەدر و فەنا!

ئابی ٢٠٠٥
کەنەدا

تێبینی : ئەم قەسیدەیەلەگۆڤاری گزنگ ژمارەی ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە.





## نوێژێک لەبەردەم دواساتەکانی تەمەن

لەدەرەوەی بەسەرهاتەکانم
خەمێکم نەبوو بمهێنێتە گۆ
چاوێکم نەبوو بۆ بینین و
ماچێکشم شک نەدەبرد بۆ ئاوڕشێن کردنی هەوەسەکانی دڵ
لەدەرەوەی داستانەکانم
بەهارێکم نەدەبینی بۆ گەشت و سەیران و
سێبەری دارێکی دڵنەواییم پێنەدەزانی
بۆ پشووەکانی تەمەنم
لەدەرەوەی مردن هیوایەکم شک نەدەبرد بۆ ژیان
خۆزگەیەکم نەدەناسی بێجگە لە مەرگ
من ئیتر نە کەس شوێن پێم هەڵدەگرێ و
نە لێپرسینەوەشم لەگەڵدا دەکرێ بۆ دواکەوتنی نیو سەعاتم لە قوتابخانە
نە جانتاکەم دەپشکنرێ و
نە دەفتەرەکانم پەڕە پەڕە دەکرێن
من ئیتر هیچ کوڕێک پێم نالێ جوانی و خۆشم ئەوێ
هیچ لاوێک نامەی دڵداریم بۆ نانووسێ و
هیچ گەنجێک نایەتە خوازبێنیم و
هیچ دایکێکیش فرمێسکی دڵسۆزانەم بۆ هەڵنارێژێ
من ئیتر هیچ مامۆستایەک تەعلیقم لێنادات و
هیچ بەڕێوەبەرێکیش نانێرێت بەشوێن باوکما

من ئیتر هیچ دەستە خوشكێك تەلەفونم بۆ ناكات و
هیچ هاوپۆلێكیش ئیرەییم پێ نابات
من ئیتر تەماشای هیچ زنجیرە تەمسیلی و
هیچ فلیمێكی خۆشەویستی ناكەم و
ئیتر هیچ شەوێك خەون بە دڵدارەكەمەوە نابینم و
لە وێستگەی هیچ پاسێكدا ڕاناوەستم
ناچمە هیچ پاركێك و
هیچ شانۆگەرییەك بەسەر ناكەمەوە
هیچ كتێبێك ناخوێنمەوە و
لەدەفتەری یادەوەریم هیچ نانوسم و
گوێ لە هیچ گۆرانییەك ناگرم و
بە هیچ نوكتەیەكیش پێناكەنم
مێوانداری كەس ناكەم و
كەسیش نابێتە مێوانم
ناچمە پرسەی هیچ كەسێك و
ژوان لەگەڵ كەس نابەستم
لەمرۆ بەدواش تاكو ئەبەد  بە هیچ ترسێك ڕاناچڵەكێم.

حوزەیرانی ٢٠٠٦
كەنەدا

تێبینـــی : ئەمە دوا خەیاڵنـــامەی ئەو كـــچە قوتـــابییە كە لەڕقـــی بەڕێـــوەبەری قوتابخانەكەی خۆی سووتاند.



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

# پۆترەیتی حوجرە پیرەكان

چەند مناڵن ئەو پیرانەی ئێستاش شەهوەتی گەنجیان سەرئەكات و
دەیانەوێت جارێكی تر لەشەوێكی سووردا برژێنە نێو
جێگاو پێخەفەكانی كچێكی تازە هەڵچوو
چەند گوناهە ئەو تەمەنە بەسەرچووەی كەحەسرەتی
تەنها ماچێكی كچێكی شۆخ و شەنگ بوو
كەچی هەموو ڕۆژێك هەڵدەوەری و ئەو ماچەشی لێدەبووە سەراب و خەون
گوناهن.. پیرەكان..گوناه
پیرە قەپاتەكانی ناو حوجرەكانی عەدەم
پیرە بە ویقارەكانی مەنفا
پیرەكانی نێو حوجرەكانی پیربوون
نێو حوجرە پیرەكانی ئەزەل

*

بەدەم پیربوونی حوجرەكانی مەنفاوە
ئەو گۆرانیە خۆڵەمێشییەی كەلەژێر سیحری پروشەی ئەستێرەكانی قەدەردا
سەمای قەرەجی دەكرد
هێدی هێدی منی پڕ دەكرد لە پیریی
حوجرەكانم پڕن لە من
بەتاڵن لە وەسوەسەكانی مناڵیم
لەنێو حوجرە بەتاڵەكانی پیریمدا..تەمەن مەسیحێكی گەنجە و
یاخی بووە لە خوا و مەلەكوت و قەدەر
ئێوە ئەی لگاوچییەكانی چارەنووس
بەخێر بێن... بۆ حوجرە پڕ لە پیرۆزە شینەكان و

**چاووزارە بەستەکانی ئێرەیی**
**ئەو حوجرانەی لە کانییەکانی مەتەڵ و ئەفسانەدا**
**پیسی لەشیان دەرئەکەن**
**بەخێر بێن... تا حوجرەکانم پڕ دەبن لە ستایش**
**تا ماڵەکەم پڕ دەبێت لەو کچانەی کە عاشقی شووکردنن بە پیرە پیاوەکانی غوربەت**
**بەخێر بێن... ئێوە خوێنەرانی ئەم قەسیدە هەڵگێڕدراو و لنگە و قوچەم**
**بە خێربێن بۆ حوجرە تەنگەکانی حەسرەت**
**بۆ حوجرە پیرەکانی سەراب**
**ئەو حوجرانەی پڕن لە زێوان و خەون و خەمە ڕەنگاوڕەنگەکانی کچە بێبنەکانی بوون**
**ئەو حوجرانەی بەرماڵە تەمێک لەخۆیان دەئاڵاند و**
**بە نیوە ڕووتی دەچوونە سەر مەزاری ژنە کوژراوەکانی غەدر**
**ئەو حوجرانەی نەلەژێر باران دەنوون و**
**نەپیاسەش دەکەن لەگەڵ باڵندە و هەور و غوربەت**
**حوجرەکانم گەورەن وەکو مناڵە مەزنەکانی نێو دڵی گەڕەک**
**بچووکیشن چەشنی پیرە موراهیقەکانی پەنا دیوارەکان**
**کەلەژێر دەرپێ سپییەکانیانەوە دەیان چیرۆک و داستانیان حەشارداوە**

*

**حوجرەکانم چ بڕژێن..یان بوەرێن**
**میکیاژ بکەن یان بە دەموچاوی چرچولۆچەوە بێنە بەردەمی خوێنەران**
**هیچ لە فەلسەفەی پیرییان ناگۆڕدرێ**





**پۆترەیتی خەون:**
**تەمێک خەریکە دەڕژێتە سەر لێوار و**
**دەم کەناری گوناهەکانی وجودم**
**پەڵە پەڵە هەوری سپی و خۆڵەمێشی**
**بە ئاسمانی خەونێکی قووڵ دەسپێرێت و**
**ئاگاییشی لێدەبێتە تراویلکە**

**پۆترەیتی پیری:**
**بزەیەک ماندوو هێندەی بزەی شەرمنۆکێک**
**لێم دەبێتە ماری کۆبرا و بە جوانیمەوە دەدات**
**جوانیم ئەستور دەبێت و دەپەنمێت و پیر دەبێت و**
**ئینجا دەچێتە نێو خەونی پیربوونەوە**

**پۆترەیتی ڕەنگ:**
**بارانێک خێراتر لە چرپەی عاشقێک دایکرد و**
**ڕەنگ و بۆی غوربەتی خوساندم**
**من لەنێو بێڕەنگی ڕەنگەکان خنکاوم و**
**لەبەردەم بێڕەنگی پەڵەمدا و**
**تاکو بووم بە جۆگەی پڕاوپڕ بێڕەنگی**

**پۆترەیتی شوێنکات:**
**لەنێوان دەنگەکان وەستاوم**
**لەکەنار بێدەنگی خەریکم ئاوڵەمەی حەزێکم ئەکرۆژم**
**سی پلە لە ژوورووی جولان و وەستاندا**
**وەک بەرزەدەماخێک لەبەردەم خودادا**

**پرسیاری وجودم ئەخەمە ژێر پرسیار**

**پۆترەیتی حوجرە:**

**حوجرەیەک لە سرەی کڕینی بلیتی کۆنسێرتێک هاواری کرد**
**ئەی جوانی چیتە لەبەردەم ئەم ڕوحە پەنهان و**
**دەربەست لەمستەی مندا**
**خەریکی واعیزەدان و دادگایی کردنی ئیستاتیکای**
**بەس ڕێمبدە  لەمست بکەم**
**تا بە عەشقی خودا شادبم**

**ئەوسا بەپەلە چووە کەناری سەراب و**
**هێندەی نەبرد لاشەکەی بوو بە تەمێکی سوور وەک جوانی**

**کۆتایی ٢٠٠٥**
**کەنەدا**





# تەریقەت
# لە
# ئاشوبگاکانی غەریبی

**ئەی مرۆڤ تۆیەک لەبەردەم گەورەیی ڕێز و سۆزدا**
**چ بیابانێکت نابووە بەرپێی سوپای خەیاڵ**
**لە چ یاخیبوونێکدا دەگەڕای بە شوێن هەڵە بێ**
**چارەسەرەکانی هزر**
**تۆ چۆن لە بەسەرهاتە بێ بەهاکانی ژێریی دەگەیشتیت و**
**دواتر خۆت پڕ دەکرد لە خەون و لە بۆنی ئێوارانی باخچە ئاودراوەکانی لۆژێک**
**کەی غەریبیت داهێنا و چوویتە سەر زەمینەکانی فەنا**
**چۆن پیاسەی نێو فیردۆسەکانی یۆتۆپیا و کەنارەکانی گۆمی عەدەم**
**ناگۆڕیتەوە بە مۆرکردنی کۆتایی پەیمانی سەفەری زەمەن**
**کەی ماناکانی ئازادی لەفەرهەنگی بووندا دەبن بە هێشوە ترێ و**
**تۆش دەیانکەی بەشەرابی پڕ لە لەزەتی کۆچ ئەی مرۆڤ**
**تۆ لە کوێدا سەری کڕنۆشەکان دەگریت و خواکانی بۆ سەردەبڕی**
**ئەی مرۆڤ تەریقەت لە خۆڵ و ئاگر و ئاو و هەوا وەربگرە و**
**لە لوولەی مەسینەکانی گومانەوە دڵۆپ دڵۆپ مەعریفە بپرژێنە سەر**
**فڕینەکانی مینارڤا و بۆراقەکانی سەفەری هزر**
**وێنەکانی سەر دیوارەکانی ئاشوبگەکان دابگرە و**
**لەبەر قاپی دۆزەخەکانی ژیاندا فووبکە بەنای ڕاستیدا**
**ڕابمێنە لە میهرەبانی هێماکانی ئەفسانە و**

**پاڵەوانی شەڕگەکان فێر بکە و ببە بە دراوسێی دەرگا بە دەرگای باوەڕ**
**ئەی مرۆڤ لە ئایەتەکانی یاخیبوون و پاڕانەوە گەڕێ و**
**ببە بە میراتگری گشت کارەساتە مەفتونەکان**
**ئاماژەکان بە دژواری وێنەی بێناسنامە بۆ نەمری ئەگرن و**
**هستریانە گاڵتە ئەکەن بە سێبەر و بە ئاپۆڕەی ئاشوبخوازی**
**لە پیرۆزی بیردۆزەکان خۆ قوتار کە و لە زێرابی نیگەرانی وەرە دەرێ**
**تا جەللادی بەخشندەیی سەردەبڕی لە توێی وڕێنە لێڵەکان**
**بە بێهودە لە دەگمەنی ئەدگارەکانی جەسووری وورد بەرەوە و**
**جوانپەرستی بکە بە بانیژەی ڕامان و داڵغە سرکەکانی قەدەر**
**باڵەخانەی هاوکێشەکان هەر بە چۆڵی بسپێرە بە سەرنجە خامۆشەکانی چارەنووس**
**خیانەتەکان لە گەفوگوڕی شەرم و شورەیی هەڵکێشە و**
**سیمای شێواو وخەمۆکیان بدەرە دەست جەنگەکانی ئایدۆلۆژیا دۆڕاوەکان.**
**ئەی مرۆڤ تەڵە تەرخانکراوەکانی مردن لە نێو تاریکیدا**
**بنێرە بۆ ئاوەزە ئاوساوەکانی خۆشباوەڕی و ترس**
**لە نەریتی ئەفراندندا قایل مەبە بە مشتومڕ لەگەڵ پیلانگێڕەکانی ڕاڤەکردن**
**کاریزماکانی ئاژاوە مەزنەکان مەدوێنە و**
**بڕۆ تا لەتاڤگەی کەمتەرخەمی دەپەڕییەوە و**
**ئیتر ترپاکی جوانی بکێشە تا لەبەردەم حەزرەتەکانی حەسرەت و گۆشەگیریدا نەمری**
**ئەی مرۆڤ کەی لە سڕینەوەی ماکەکانی لەکەی مردن دەبیتەوە و**
**بە یۆتۆپیاوە ئەچیتە سەر ئەو دورگانەی تەژین لە بینین و هەڵسەنگاندن**
**وێنەکانی سەر دیواری گەلەری خود کەی دادەگری و خەتاکان کەی ئەسڕییەوە**
**نەوەکانی پاش کارەساتە گەورەکان فێریان دەکەی بە چ زمانێک چیرۆکەکانیان بنووسن**



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەکەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**قوتابیانی قوتابخانە هزرییەکان و مەعریفە**
**جانتای چ وانەیەکیان دەکەی بە شاندا و**
**هەموو ڕۆژێک بە لەفەیەک سووکایەتییەوە ئەیاننێری بەرەو پۆلەکانی عەدەم**
**ئەی مرۆڤ کەینێ ڕەگەزەکانی خود دەنێیتە نێو یاکتی هەقایەتە کۆنەکانی داری تەقسوس**
**خوا پەرستە کارامەکان بە فانۆسی گەواهییەوە دەبەیتە بەر دادگای ئۆین**
**بە سەوڵەجانی چاوەڕێ قونێرەکانی تەنیایی دەتەقێنی و**
**گەشتیارە چاو باشقاڵەکان لە وەهمی پاکیزەیی و غەدداری قوتار دەکەی**
**شۆڤارەکان کەینێ تێزی خیانەتیان دەنووسنەوە و**
**خەمساردانە دەچن بەگژ میتینگەکانی خۆکوژی**
**کەینێ کالیبتۆزەکانی غەددر دەچن سێبەر دەخەنە سەرجەستەی نەشئە جوانەمەرگەکانی دورگەی ئاوات**
**ئەی مرۆڤ..لە تاقە بەرزەکانی خۆشەویستییەوە**
**کام کلیپی تراژیدیای خەونە هەڵدێراوەکان لێدەدەی و**
**دەچیتە کۆنسێرتی چ واوەیلا و شیوەنێک**
**لۆفەکانی شاخی مەینەت چلۆن دەبڕی و**
**بە ماتماتیکی چ عەقڵێک دەچیتە پێشوازی باران**
**حەل و فەسڵی کۆی کۆستە لێکترازاوەکان**
**بە بەیت و بالۆرەی چ لۆژیک و ئایدیۆلۆژیایەک دەکەی و**
**دەریای ستەم وشک دەکەی و**
**ئاسمانی خەم کون دەکەی و**
**دەفڕی.. دەفڕی ..دەفڕی.. دەفڕی.. هەتا دەگەی بە ئەبەدییەت ئەی مرۆڤ!**
**تەمموزی ٢٠٠٦**
**کەنەدا**

## كێن ئەوانەی چیرۆكەكانی خوا ئەنووسنەوە ؟

خودا ئەیوت تۆ بۆ هەراسانم ئەكەی
من كاتم كوا تاكو وێنەی سێبەرەكانی خۆم بكێشم
من كاتم كوا ڕۆمانەكانی دان براون بخوێنمەوە
من كاتم كوا فوو بەدەمی سارا و مریەمەكان بكەم
خوا ئەمجارە بەسەر پشتی قەیاغێكی شكاوەوە
دەیەوێ ئۆقیانووسی عەقڵ ببڕێ
بەسەر پشتی ڕەشەباوە دێت زیارەتی عیشق دەكات
خوا ئەمجارە ناسنامەكان ئەدڕێنێ و ستایڵی خۆی ئەگۆڕێ
ئای پۆدێكی بە گوێوەیە و
لەگەڵ هەر نەغمە گۆڕینێك
لەنجەیەكی بۆ دەكات و ورد ورد ئەڕوات
خودا ئیتر لە نێو كوونی ئەشكەوتەوە نایەتە دەر
ئەو ئیتر لاپتۆپی پێیەو
ئیمەیڵ ئەكات بۆ فریشتە و بۆ جەللادەكانی دۆزەخ
خودا ئیتر نامەی هیچ پێغەمبەرێك ناخوێنێتەوە
خودا دوو مەمكی قیت و پڕ شیری پێوەیە و
خەریكی وەرزش كردنە و ڕەجیم دەكات
خودا ئەیوت تۆ بۆ هەراسانم ئەكەی





لێم گەڕێ با پشوویەك بدەم
خودا تەنها لە ڕۆژەكانی یەكشەممە پشوو دەدات
دوای قاوەڵتی جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و
بۆ كاتژمێرێك یاداشتی ئەو هەفتەیەی دەنووسێتەوە
چەند جار توڕە بووە و
چەند جاریش لە ژوان دواكەوتوە
كوێی لە گریانی كێ بووە و
چەند پەیامی تەلەفونی بۆ دانراوە
خوا هەموو جار لەدەفتەری یاداشتەكەی
دوو هێڵی تۆخ بە ژێر وشەی مەرگدا دەكێشێ
لە لاپەڕە هەشتاو هەشتدا نووسیویەتی
ئەمڕۆ چوومە ترای
تا مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل دەربهێنم
داخەكەم دەریان نەچواندم
لە لاپەڕە نەوەد و شەشدا هاتووە
گەر لێم بپرسن خۆشترین ڕۆژەكانی
تەمەنی لاویت لە كوێدا بەسەر برد
ئەڵێم زانكۆ"
خودا لەچەند شوێنێكی جیاواز بینراوە
- لەسەر ئەسپێك كەخەریكی شمشاڵ ژەنین بووە
- لە كەناری وڵاتێكی ئەوروپیدا لەگەڵ كچە هاوڕێكەی خەریكی وێنە گرتن بوونە
-ئەشڵێن لە چاوپێكەوتنێكی كەناڵێكی ئاسمانی دەركەوتووە و وەڵامی گەڕان بە شوێن وەڵامی پرسیارەكانی نهێنی گەردوونی داوەتەوە

**- به نهێنیش هەروەک کچە شاعیرێکی کەنەدی بۆی نووسیبووم ئەیوت ئەڵێن**
**"له ناو بەلەمێکی بچووکدا خەریکی ماسی گرتن بووە"**

**خودا ئەیوت تۆ بۆ هەراسانم ئەکەی**
**ئەی نابینی خەریکی خواردنەوەی کۆنیاک و**
**گیراوەیەکی تێکەڵم**
**تێکەڵییەک لە ڕەنگ**
**تێکەڵییەک لە عیشق**
**تێکەڵییەک لە خیانەت**
**تێکەڵییەک لە گەورەیی**
**سواری با ئەبم و ئەڕۆم**
**لە دەرگاکان ڕاناوەستم**
**لە بازگەکان ناسنامەکەم دەرناهێنم**
**فوو بە کونی واژەی گەڵاکاندا بکەم**
**درەخت سکی پڕ ئەبێت**
**ئای کە هەراسانم ئەکەی**
**لێم گەڕێ با لە لوتفی میهرەبانی مانگەوە**
**نامەکانی تەنیایی خۆم بدڕێنم**
**با لە دادی ناسینەوەی تەورەکانی گوناهەکان**
**بچمە بەر مەقسەڵەی دادگای دارستان و**
**بچمە بەر ڕەحمەتی قانونی تۆڵەوە**
**خودا جارێک هەر لەلایەن سێبەرێکی کاڵ و کرچی خۆیەوە**
**فتوای کوشتنی دەدرێت و بۆی دەردەچێ و لەتاوا هەڵدێ بۆ خاریج**
**خودا تەنها دەچێتەلای یەک ئارایشتگا و قژی پێرم دەکا**





**زۆربەی ئێوارانیش لەیانەی کوڕوکاڵەچاوشینەکان**
**تا دەتوانێ سەما دەکا و دەخواتەوە.**
**لەدەوروبەری سەرساڵیش ماچ دەداتەکوڕوکاڵی تاراوگەو تەنیایی و سەفەر.**
**وەی کە هەراسانم ئەکەی**
**چاوم لێیە ئاوازەکان بەر لە هاتنە دەرەوەیان لە کونی شمشاڵەکانەوە**
**تەعاهودی مردن پڕ ئەکەنەوە**
**کوژراوەکان**
**وێنەی سەر دیوارەکانی بەهەشت دەدڕێنن و**
**سەعاتێکی چاڵمە لەبەر دەرگای حەشر دائەنێن**
**بە قازمەی نائومێدییەوە قوژبنەکانی تاراوگە بنکۆڵ دەکەن**
**خودا ئەیوت ئەو سێبەرانە فڕێ بدە**
**تا نەبوونە بە پەڵەی تاریکی ڕەشی نێو شیعرێکی هەناسەسارد**
**ئاو بدەرە ئەو پەیڤانە**
**تا لە قەفەسی گەمژەیی نەبوونەتە ئێسک و پروسکی چیرۆکێک**
**ئەو قەڵەمە نەعلەتییە بۆ ناشکێنی**
**وا چیرۆکە نهێنییەکانم ئەنووسێتەوە**
**تۆ بۆ هەراسانم ئەکەی**
**من هەر خوام و**
**تۆش عەبدێکی یاخی و شەڕانگێز**
**بەڵام بە ئەندازەی فریشتەیەک زۆرزان.**

**٢٠٠٧**
**کەنەدا**

# کۆدی پڕ بوون لە میهرەبانیی

**ژنێک کاڵتر لە ڕەنگی ئاو**
**لە دوورەوە هەر لە نەورەسی زەیبەق و**
**لە فرینە بێوەیەکانی عیشق ئەچێت**
**ژنێک ئەڵێی (جەدوەل زەرب )ی خۆشەویستی لەبەر کردووە**
**ژنێک لە ژن میهرەبانتر**
**ژنێک لە دەرەوەی سوێند و دوعا گەورەکان**
**شەفافتر لە حەریر و ئاوریشم**
**بزێو لە نێو حیکایەتە باوەکانی عەیبە و عارە**
**ژنێک مزرتر لە لیمۆ ئاڵەکانی خەفەقان**
**ژنێک پڕ لە جوانی و شەنگی**
**ژنێک لە سادەیی ژنبوونیەوە لە نێو شیعرێک دێتە دەرێ و**
**لەسەر تاڵە شەبەنگێکی عاتیفە ئەنووسێت : لە نێو هەڵمی ماچەکانتا**
**سیمای خۆم ئەناسییەوە.**

**ژنێک هەر لە سێبەر ئەچێ و**
**خوای ناوەتە نێو پەرداخێک لە زمزمی خۆشەویستی**
**ئایاتەکانی مرازی**
**بە کۆلیت وتاقی کیسرای نهێندا هەڵواسیوە**
**ژنێک بێدەنگتر لە سکونی کەون**





**مەزنتر لە کلتورەکان**
**بەرزتر لە هەسارەکانی خەڵوەتی نائومێدی**
**پڕتر لە پڕبوون بە جوانی و میهرەبانی**
**ژنێک ووردتر لە دەنکە مرواری ئەڤین**
**لە نێوشیعرێک دێتە دەرێ و**
**لەسەر پشتی گەڵایەک لە موحیببەت ئەنووسێت : خۆشم ئەوێی**

**ژنێک بە گومان لە گوڵ و بۆنە ڕەنگ پڕتەقاڵییەکان**
**بێزار لە باق وبریقی دروشمەکانی دڵداری**
**ژنێک وەڕس لە سوێندەکانی پیاوانی کۆیلەی ژووری نووستن**
**ژنێک یاخی لە پێکهاتی بایۆلۆژی**
**دوودڵ لە گشت پەیمانە بێ بناغەکان**
**ژنێک لە توێی حەزێکەوە دێتە دەرێ و**
**نەفرەت دەکات لە ژیان و لە پیاو و لە خۆشەویستی**

**شیعرێک ئەنووسم بۆ ژنێک**
**دەستەکانی لەهەنگوین و برینەکانی لە سێون**
**تەڕ هەر ئەڵێی دار سنەوبەرێکی ژێر بارانی زستانەیە**
**کراسی خەمێکی تەڕی لەبەردایە و**
**گۆی مەمکەکانی هەر ئەڵێی فەریکە نۆکێکی تازە پێگەیشتوون**
**ژنێک نە بیر لە وەسیەت و نە لە مردن ناکاتەوە**
**ژنێک تەنها خۆشەویستی ئەناسێت و**
**لەناو دڵی سێبەرێکدا بۆی نووسیم"ئای لە بێوەفایی و درۆی**
**پیاوەکانی ڕۆژهەڵات و سوێندەکانی پێش هاوسەری"**

**ژنێک لە پەلكە ڕەیحانە**
**ڕوونتر لە شوشەی عەدەسەی چاویلكەكانی درەختە پیرەكانی**
**دارستانی كەنارەكانی ڕۆژئاوای نیشتمانە دڵ ساردەكەم**
**تەنكتر لە گەڵای نەعناع**
**بە نووكی پێ بەسەر پەرژینی ئاودا دێت ودەچێ**
**دەست دەنێتە نێو دەستی "با" و**
**لەوەرزە ساردەكان دەڕوا بۆ دیداری خودا و جوانی**
**ژنێک ئاڵاوەتە سەراب**
**نیشتمانێک لە ڕاستگۆیی و زەریایەک لە نهێنی بەدواوەیە**
**ژنێک هەر لە باران ئەچێت**
**وتی"مەشخەڵ لە پەرداخی شیعرێكتەوە ئاوی سەفەر ئەخۆمەوە و**
**لەگەڵ نەورەسە تۆراوەكان كۆچ ئەكەم بۆ ئاسمانەكانی غەریبی**
**لە ئاوێنەی شیعرێكتەوە جەستەی ڕووتم دەخەمە بەر دەستی وشە بزێوەكان**
**لەدەلاقەی وشە حەرامەكانەوە وردە ماچ دەگرمە خۆت و**
**قەسیدە ژن پەرستەكەت"**

**ژنێک هەر تەنها بارانی گرتووە بە دەزگیران و**
**لەنێو ڕوبار نەبێت نانوێت**
**لەسەر دڵی هەورەكان نەبێت نازانێ سەما بكات**
**ژنێک شینە...چونكە ئاسمان باوەشی پێداكردووە**
**ژنێک سوورە...چونكە ئاگر لە جەستەیدا پەڵە ئەدا**
**ژنێک سپییە...چونكە لە تەما خەون دەبینێ بە خۆشەویستەكەی و**
**ژنێک خۆڵەمێشییە...چۆن هەر بە تەنها خۆڵەمێشی ئەوینی برد**





**بۆ بەر قاپی خواوەندەكان**
**ژنێک ڕەشەو بە قەترانی چاوەكانی،لەشەوێكدا بەچرپەوە وتی"مەشخەڵ**
**شیعرێک بڵێ تا لە جوانیما پەڵەدەم**
**شیعرێک بڵێ من و گەڵا**
**من و دار و**
**من و هەور ببین بە پەلكە زێڕینەی نووستنێكی ئەرخەوانی"**
**وتی"مەشخەڵ شیعرێک بڵێ پاسەوانی چراكان بم**
**شیعرێک بڵێ ئاوێنەكان لە ئامێز نێم**
**شیعرێک بڵێ وێنەكانی تەنیاییمان ببات بەرەو ڕۆخەكانی دەریای عەشق"**
**وتی"مەشخەڵ شیعرێک بڵێ گوڵەكانی نێو باخچەكەم بە ژێركراسی سوورەوە**
**بەسمت و ڕانی ڕووتەوە بێنە بەر دەرگای دڵێک و**
**گۆرانی بڵێن تا ئەبەد**
**شیعرێک بڵێ ئەوین تێیدا شەپۆڵ بدا و**
**منیش بەبەلەمی دڵم سەفەری عیشقی تیا بكەم**
**وتی"مەشخەڵ شیعرێک بڵێ تا غەرق ئەبم لە خۆشنوودی و**
**هەتا ئەبم بە دەنكە هەنارێكی حەز و بە سێوەكەی دەستی ئادەم!"**

**حوزەیرانی ٢٠٠٦- كانوونی دووەمی ٢٠٠٨**
**كەنەدا**

**تێبینی : ئەم شیعرەلەگۆڤاری "گزنگ" ژمارەساڵی ٢٠٠٨ بڵاو كراوەتەوە.**

## "دوعا"یەک گەورەتر لە خودا

**کە "دوعا" دەکوژرێ ، خودا لە شەرمانا هەڵدێت "**

**خودایە چۆن لە کوژاندنەوەی گڕی دڵێکی پڕ لە عەشق**
**جەستەت شەلاڵی شەرم نەبوو و**
**دەستت نەگرتە چاوانتەوە و سەری خۆت هەڵنەگرت بەرەو زورگەکانی تەریقبوونەوە**
**چۆن لەبەردەم نیگاکانی ئازاری ڕوح کێشانی "دوعا"دا**
**نەچەمایتەوەو سوجدەت نەبرد بۆ ئاهونزاکانی ئەوین**
**خودایە چۆن هەنسکەکانی "دوعا"کانت دەبیست و**
**خۆشت دەچوویت لەسەر کێوە بەرزەکانی غەیبەوە**
**بانگهێشەی دۆزەخەکان و ڕۆژی حەشرت دەکرد و**
**ئەم جەهەننەمە ڕەشەی "دوعا"شت لە "بەعشیقەوە" گوڵباران دەکرد؟**
**ئەی خودا خەجاڵەتین لەبەردەم جەستەیەک لە خۆشەویستی**
**تۆمەتبارین لەبەردەم تۆڵەیەک لە سزا**
**گوناهبارین لە ئاست هاوارە قەتیسماوەکان**
**گومانبارین لەبەردەم دڵێکی کوژراو**
**ئەی خودا چەقۆ دەخەیتە سەر ملی شەپۆڵ و دەریا سەردەبڕی**



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**خەنجەر دەنێیتە سەر سەری "دوعا" و خۆشەویستی کەوڵ دەکەی**
**فیشەک ئاراستەی دڵ دەکەیت و جوانی دەکوژی**
**ژیان لەسەر ترۆپکی بەربەریەتەوە هەڵدەدێریە خوارێ و دەڵێی "لی ما اشاء"**
**خودایە ئەگەر دۆزەخی تۆ پاداشتی خۆشەویستی کردنە**
**ئەگەر دۆزەخی تۆ تۆڵەی بەرجەستە بوونەوەی ئازادانەی ڕوح و گیانە**
**ئەگەر دۆزەخی تۆ سزای مرۆڤبوونمە**
**ئەگەر دۆزەخی تۆ هەڵپەساردنی ئەوینمە**
**خودایە ئەو دۆزەخەم بە نسیب بێت.....ئامین !**

**نیسانی ٢٠٠٧**
**کەنەدا**

**تێبینی : نازانم بە ئەم نووسینەی سەرەوە بڵێم شیعر یان نا، بەڵام پێشکەشە بە ڕوحی بەفرینی" دوعا" کە لە "بەعشیقە" بەتاوانی خۆشەویستی کردن بلۆک باران کرا.**

# منداڵتر لە پیری

**چاوەڕوانیم وەکو پیرێژنێکی خەمبار**
**لەبەردەرگای ئەم تەمەنە تەماوییەدا هەڵکورماوەو**
**لەچاوەڕوانی گەنجیی ونبوومدا دەڵێ**
**کەی دێتەوە**
**ئەو لاوە سەوداسەرەیە**
**ئەو گەنجە تەمەن بیست ساڵەی پڕ لە خەونە**
**ئەو عاشقەی خۆری دەخواست، کەی دێتەوە**
**وەختێ ونبوو ئەو گۆرانی وەک کاغەزی تەڕی وشکەوە بووی بەر هەتاو**
**ڕەق وەک نانی تیری لە دەفکردندا دەشکاند و دەیئاخنیە گیرفانییەوە**
**سەری پەنجەیەکی دەستی لەبری باندج**
**تێپی سەوزی پێوە نابوو**
**ئەو کۆنە ڕینگێکی باسکیل و تێلێکی چەماوەی پێبوو**
**وەختێ ونبوو بە تۆپێکی لاستیکی سێ پەنجاییەوە دەچوە تۆپێن**
**وەختێ ونبوو کەوانەی پێشەوەی نەعلە لاستیکەکانی نەمابوون**
**هەمیشەش هەر پێدەکەنی**
**قژی پژن ، بەڵام خەونە گەورەکانی باوکی پێبوو**
**وەختێ ونبوو کۆڵانەکان شوێن بزریان کرد**





**گردەکان بە ئەشهەدومابیللاوە شایەدیان دەدا**
**کچە دراوسێکەیان بوو بە ڕەشپۆش و سوێندی خوارد**
**تا ئەو لاوە نەیەتەوە  ئەو شوو نەکات**
**چاوەڕوانیــشم لەبەر دەرگــای ئەم تەمەنە تــاریکەدا چــاوەڕوانە وهەر دەڵێ**
**کەی دێتەوە**
**کەی دێتەوە**
**کاتی لاویم کەی دێتەوە**
**لەدەستم چوو**
**بەخوا هەرگیز نایەتەوە.**

**چۆن بێتەوە**
**لەو دیو زوورگەکانی مناڵییەوە**
**باخچەیەک هەبێ لە پێکەنین و گوندێک هەبێ لە ڕاستگۆیی**
**ئافات لە ونبوونی چرکەکانی ڕابردوو و و**
**سزادانی خەمە بێ گوناهەکانی بەرائەتی**
**ئافات لە کردنەوەی تەلیسمی منداڵی بوون**
**تەمەن کەینێ بەدەم پیاسەی دوانیوەڕوانی سەر کۆڕنیش**
**قەتاری پەشیمانبوونەوە دەڵێ**
**کەینێ تەمەن لە درزی دەرگاکانی نیشتمانەوە**
**ئاوڕ لە گۆرانییەکانی مناڵی دەداتەوە؟**

**وێستگەستان**

**وێستگەی ژمارە یەک .. منداڵیستان**
**منداڵیم ماڵێکە لە شوشە**
**دەستم تێی ناچێ بەردی تێبگرم**
**نەوەک یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکان تێکەڵ بە زەمەنێکی نامۆ بن.**

**وێستگەی ژمارە دوو .. گەنجستان**
**گەنجیم لە بری سەوزکردنی خەونەکانم**
**بوو بە ئاگر و شەرابیترین ڕۆژەکانی تەمەنمی سوتان و**
**کردیە قوربانی سیاسەت .**

**وێستگەی ژمارە سێ .. ونستان**
**عومرم داوەتە دەست تاراوگە و**
**لەم هاوکێشە بێ نیشتمانەمدا**
**هەرچەندا دەگەڕێم خۆم نادۆزمەوە**

**وێستگەی ژمارە چوار .. پیرستان**
**چرکە لەدوای چرکە لە فەنا نزیک دەبمەوە**
**ئەو فەنایەی گیرۆدەیم و کۆیلەی ئەوم.**

**وێستگەی ژمارە پێنج .. فەنائستان**





**تکایە خوێنەری بەڕێز خۆت تەواوی بکە.**
**چۆن بێتەوە**
**ئەم لاوە بێدەربەستەی من چۆن بێتەوە**
**ئەو گەڵای دارهەنجیری دەکردە دەستەسڕ و**
**پژمینی کوکوختیەکی پێڕادەگرت**
**لە نێوان کەڵەپەنجەکانی شەتڵە ڕەشە ڕێحانەیەکی دادەنا و**
**پەیتا پەیتا دەینا بە لووتی چۆلەکە زیزبووەکانی سەر دارتێلەکانی ستەم**
**بەدەم ڕۆیشتنەوە فیکەی بۆ پایز لێدەدا و**
**گۆرانی بۆ پنچکە گیاکانی تەنیایی دەچڕی**
**نەیدەزانی بڕوات ئیتر نایەتەوە**
**نەیدەزانی لەنێو کێڵگەی مەئیوسیا ون دەبێت و**
**ون دەبێت و دەبێت بە تارمایی و سێبەر**
**ئەو ونبووە چۆن دێتەوە**
**لە ترسی چەکمەحەسار پێکردنی دابونەریت چۆن دێتەوە**
**لە ترسی پەتپەتی پیری چۆن دێتەوە**
**ئەم مێردمنداڵە شەرمنەم**
**لەترسی زەردهەڵگەڕانی پێستی ڕۆژە بوهیمییەکان**
**لەترسی گەورە بوونی خەون چۆن دێتەوە**
**ڕۆژگارە پڕ لە پێکەنین و سادەکان چۆن دێنەوە**
**ئەم تەمەنە کەی دێتەوە**
**خاڵی تۆراوی سەر باڵی خاڵخاڵۆکە کەی دێتەوە**

**جریوەی ڕژاو و سەرگەردانی پاساری ڕوح چۆن دێتەوە**
**خەونەکانی هەرزەکاریم**
**شـەرمنی و ڕەنـگ سـوورهەڵگەڕانی ئەو کاتـانەی لەگەڵ کەنیـشکێکدا**
**ئەدوام کەی دێتەوە**
**مرازەکانی ئەو لاوە وشک بوون و نەهاتنەوە**
**ئەو ڕابردوە کەی دێتەوە**
**کاتی لاویم کەی دێتەوە**
**لەدەستم چوو**
**بەخوا هەرگیز نایەتەوە.**

**٢٠٠٧**

**کەنەدا**

ژێرنووس:
(١)"کەی دێتەوە
کاتی لاویم کەی دێتەوە
لەدەستم چوو
بەخوا هەرگیز نـایەتەوە" زۆرم هەوڵدا نەمزانـی ئەم شیعرە هـی کێیە.(وابـزانم پیرەمێردە)
(٢) کۆڕنیش : شەقامێکە لە کەرکوک
(٣)چەکمە حەسار پێکردن: توشی گێرمە و کێشە کردن
(٤) کەینێ: کەی ، چ کاتێک
(٥) حەسیرمەیدان: خراپ بەسەر هێنان

تێبینی:ئەم شیعرە لە گۆڤاری "نەوشەفەق" ژمارە ٤٩ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە.





## پەخشانە شیعر

## من بە فەنا موعتاد بوومە

**هەندێک جار لە خەودا دەستم دەبرد بۆ قژی ڕەش و دەموچاوە سپی و پڕەکەی فەنا دواتریش پێکەوە سەر و جگەرەمان لە بالکۆنی ماڵەکەما دەکێشا.ئەویش عاشقانە جار نە جار ماچی دەکردم دەستی دەنایە سەر شانم نیکۆتینیش دەیسپاردینە شەوە تاڵەکانی غوربەت .فەنا بۆ من بۆتە چیرۆکێک لە وەهم،بەیانیان لەسەر یەک مێز پێکەوە قاوەڵتی دەکەین و شەوانیش بەر لەوەی لەکار بێمەوە کۆمپیوتەری پێکردوە وخەریکی دڵداری کردنە لەگەڵ زەمەن،جارنەجارەش بە پەساپۆرتی منەوە سەفەری وڵاتان دەکات،ماشێن بە کرێ دەگرێت و لە ئوتێلی چوار ئەستێرە دادەبەزێ ولە گازینۆش خەریکی پۆکەر کردنە. واش بووە لە بری من وەڵامی تەلەفۆنی داوەتەوە. سەیر لەوەیە بە بێیەکتر هەڵناکەین نە ئەو بە بێ من بیرەیەک دەخواتەوە ونە منیش بێ ئەو دەچمە هیچ سەفا و ئاهەنگێک هەفتەی شەوێکیش بەدیار یاری هۆکییەوە پیزایەک پێکەوە دەخۆین. ئەو قاوەخۆرێکی بێ مونافیسە و ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە تاقەتی لە وەرزش چووە و زۆری حەز لە سیاسەتە"بەینی خۆشمان بێت" کەم دووە. بەردەوام چەترێکی پێیە چ باران بێت یاخود سامالٚ چاویلکەیەکی پزیشکی لە چاودایە و زۆر کەم**

سواری پاس دەبێت و دڵی بۆ کچ لێنادات و حەزی له وێنه گرتنه.
من به فەنا موعتاد بوومه

هەندێک جار له خەودا دەستم دەبرد بۆ ناوقەدی "با"یەک و دواتریش پێکەوه دەچووینه بەردەم زریکەکانی وەرینی گەڵا و شێوەنەکانی دارستانی عەدەم و بسکی سەمای ئەرخەوانی دارچنارەکانی تەنیاییمان شانه دەکرد. ئەو بەردەوام بەسەرهات و سەرگوزەشتەی گوڵه بێبۆنەکانی دەگێڕایەوه و منیش پەیتا پەیتا شیعری تازەی خۆمم بۆ دەخوێندەوه. ئەو شیعرانەی پڕن له بۆنی فەنابوون، پڕن له ئیحای فەنا، پڕاوپڕن له سێبەره کۆچەرییەکانی فەنا، پڕن له خۆم که به فەنا موعتاد بوومه.

هەندێک جار له خەودا لێوم دەبەم بۆ ماچکردنی تریفەکانی خودی فەنا و دواتریش پێکەوه لەسەر پەڕەی ڕوئیاییێک دەچینه نێو قەدی پڕ له گرێ و گۆڵەی سەفەر. من له گەشتیارەکان و ڕێگاوبان و دیمەنه ئەفسوناوییەکان ئەدوێم و ئەویش نیشتمانێکی ڕەشی پێیه،نیشتمانێک له تاریکیدا خەونەکانی ئەنووسێتەوه و له تاریکیدا ناسنامەی فەنابوونی خۆی بەخشیوەته سەفەرەکان. منیش چاوم لەو نیشتمانه ڕەشەیه و هەتا چاوم له تاریکی نقووم دەبێ و ڕەش ڕەش دەبێ و دەبێته فەنا. ئەوسا ئیتر فەنا شیعرو خۆشەویستی داگیر دەکا و تەرمی ژیان لەسەر پەنجەرەی ئەو نیشتمانه ڕەشەی فەنادا دەبێته هەڵم و منیش دەبم به پنتکێک لەو نیشتمانه غەدداره و ئیتر ئەو موعتادم دەبێت.

بەهاری ٢٠٠٧
کەنەدا





**پەخشانه شیعر**

## لەدەرەوەی حیکایەتەکانی فەنا

لەدەرەوەی حیکایەتەکانی "با"وه جێگایەک نییه بۆ وەرینی گەڵا و گەشتی گەمیەکانی غوربەت، شوێنێک نییه بۆ ئاشتبوونەوەی گومان و یەقین،بۆ بێدەنگی و فەوزا،سەرپەنایەک نییه بۆ خۆشاردنەوەی چارۆکەکانی ئەوین و شەرخەوشکانی داستانەکانی فەنا.
لەدەرەوەی حیکایەتەکانی باخچەوه میسۆدێک نییه بۆ ناسینەوەی نەسەبی دار وسەما زیز بوەکانی وەرزی خەزان ،ڕاڕەوێک نییه بۆ هەڵاتنی گوڵه قاچاخەکانی مەینەت،فیردەوسێک نییه بۆ پیاسەکانی ئێواره و بۆ جگەره کێشانی سەر ڕێگاکانی تەنیایی،کەنارێک نییه بۆ خۆهەڵخستن و گەرمبونەوەی دەماره گرژەکانی نا ئومێدی.
لەدەرەوەی حیکایەتەکانی بوونەوه جێگایەک نییه بۆ بیرکردنەوەو ساغکردنەوەی تەوەرەکانی ئایدیۆلۆژیا،شوێنێک نییه بۆ پیرۆزی گۆرانیەکانم و خاڵێک نییه بۆ شاردنەوەی چیرۆکەکانی فەنابوونم.
لەدەرەوەی حیکایەتەکانی خەیاڵەوه وشەیەک نییه ئاوارەیی خۆی بتەکێنێت و قەسیدەیەک نییه خۆی له ئاوی تاراوگه هەڵنەکێشێت،مۆسیقایەک نییه تەپوتۆزی لەسەر نەنیشێت و غەمگین غەمگین به هەناسەی توندەوه نەچێته بەر ئافاتەکانی نمایشکردن .

**لەدەرەوەی حیکایەتەکانی عیشقەوە کچێک نییە سەر بکاتە سەر دڵی قەسیدەیەک ، باخێک نییە ناسنامەکانی تەمەنی نەنێتە نێو گیرفانی فەنا،هەورێک نییە زویر بونی خۆی لە ئاسمان نەشارێتەوە و گلەیی و گازاندەکانی لەبەردەم "با" دا هەڵنەرێژێ،مەلێک نییە بە فیکەوە خۆبادانەکانی بە حوزن ئالودە نەکا، منێکیش نیم تاکو عەشق نەمپێچێتەوە و نەچمە بەر دیوانی مەرگ.**

**شوباتی ٢٠٠٧**
**کەنەدا**

**تێبینی : ئەم پەخشانەشیعرە لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٧١٨ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاو کراوەتەوە.**





## لە شەواندا دەبینە تەمتومانی عیشق

**شەوان لە کەلێنی خەونەکانی دوودڵییەوە**
**دێمە سەر ڕێگای جوانیت و ڕادەوەستم**
**تۆش لەچکێکی میهرەبانی لەسەر دەنێی و دەپرسی**
**چ گوناهە ئەم عاشقە لەم بەستەڵەکی تەنیاییە هەڵبلەرزێ**
**خێرا دەمبەیە ژوورەوە و چایەکی گەرمی ئەوینم بۆ لێدەنێی**
**شەوان ئەستێرەکان لە گیرفانی ئەوینمەوە**
**دادەبەزنە نێو مێرگی دڵ و دەست دەکەنە سەما وگۆڤەند**
**جار جار دەستی تۆش دەگرن تاوەکو بەر دەرگای بەهەشت**
**باسی ڕەنگی مۆری کاڵ وشین وسووری دڵی ئاسمانت بۆ دەکەن**
**تۆش بەترسەوە ئاوڕێک بەرەو دواوە دەدەیتەوە و**
**بزەیەکی نادڵنیایی دەنێری بۆ چاوە غەریب و ماندووەکانی دڵداران**
**شەوان عیشقی ڕووت و قووتم لە ژووری نوستنەکەماندا**
**لەبەردەم ئاوێنەی بوونا**
**تۆزێک لەخۆی ڕادەمێنێ و دڵە کوتکەی خۆشەویستی دەیگرێت و**
**ئەچێت بێدەنگ لەباخچەی چاوەڕوانیتا دادەنیشێ**
**شەوان شیعر لێم ئەچێتە قولەی قاف و**

**لێم ئەبێتە باڵدارێکی ئەفسانەیی و**
**ورکی ماچ ورکی گۆرانیم لێئەگرێ**
**لەشەواندا من ئەفڕم و ئەستێرەکان دەنێرمەوە**
**نێـو قـوڵایی ئاسـمانە خۆڵەمێـشی یە کەسـنەدیوە پـڕ لەترسـەکەی ئەم بوونە**
**لەشەواندا بەسەر هەسارەکانی خەیاڵا دەگەڕێم و**
**وێنە لەگەڵ مانگە تەنیاکان دەگرم و**
**مشتە تریفەیەک دێنمەوە بەدیاری بۆت ئەی دڵەکەم**
**شەوان دەورم موعجیزەیە و**
**چاوەکانم تیشکی شینیان لێدێتەدەر**
**شەوان عیشق و من پێکەوە دەبینە یەک جەستەی پڕ و**
**لەدەنگی پێی ئاو نەرمتر**
**بەسەر قەد و باڵای ژینا دەنوشتێینەوە و دەگرین**
**شەوان دەست لەملی چۆلەکەکانی دڵ دەکەم و نەرمڕەوانە دەگوزەرێم**
**لەبەر دارتووەکانی خەیاڵا وێنەی کانیەکان ئەگرم و**
**مانگ دەنێرمە کن گوڵاڵە فرۆشەکەی ئەوبەر جادە**
**درەختەکانی پەرۆشی ئەگرم بەشایەد لەسەرت و**
**یەکی مۆمێکیان لە جوانی دەدەمە دەست**
**تۆش دەچیتە سەر گردەکانی تەمەن و**
**بانگی شلکە ڕێواسەکانی بەدبەختی و چرا وەریوەکان دەکەی**
**ڕوناکییەکان دەژمێری و**
**ڕۆژەکانیش دەبەیتەوە بەردەم دەرگاکانی زەمەن**





**سەری کۆڵانەکانی غوربەت دەگریت و**
**لەنەوڕەس و لە ڕەنگاڵە و لە زێوانم بۆ دەپرسی**
**شەوان دێم و لەسەر دڵی چرپەیەکدا بەبێ هەستی**
**پەنجەرەکانی خۆشبەختی دەژمێرم و ئاوێنەکانی بێئومێدی دەسڕمەوە**
**لە گلێنەی هەناسەکانی غەریبیم بزە ماچێک دەبەخشمە چاوەکانت**
**هەر بە کپی و هەر ئەو شەوە دەڕۆمەوە ئەودیوی دیواری زەمەن**
**شەوان دێیت و بەر لە دوایین پرسیاری خۆشەویستیت**
**بەر لەدانانی ئانیشکی مەراقێکی لەپێکەوتوو**
**پێڵووی خەیاڵ لێک دەنێیت و**
**باوەشێکی گەرموگوڕ دەکەی بەقەدی یادێکی بەژن زراڤا و**
**دواتر دەڕۆی**
**لەسەر بانی گلۆپەکانی مەزەندە و شەقامەکانی بێدەنگی**
**گۆرانیەکانی دوودڵیم ئەنووسیەوە**
**شەوان دێیت وشەوان دێم و لەو شەوانە**
**لەسەر کوچەی ڕێکەوتێکدا**
**لەبەردەم ماڵی شەرابی قەسیدەیەکی ڕیش سپی**
**وەک دوو تیشکی شین و سپی لێکدەئاڵێین**
**لێکدەئاڵێین..لێکدەئاڵێین.. هەتا دەبین بە تەمتومان**

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧**
**کەنەدا**

# پێچکردنەوەلەبەردەم خەیاڵەکانی "با"دا

**با"یەکی شێتگیری دەم بەئاه و نزا**
**لەوەئەچوو سەرخۆش بێ بەشەرابێکی تورە و دڵتەنگ**
**ئەیگڤاند و خۆی لەلوولپێچی خەونی دارێک دەئاڵان**
**بەدەم گڤەوە تەسبیحاتی بەگڵێنەڕەشەکانی کوکوختییەکانی کەناری غوربەت دەکرد**
**گەڵای درەختەقژ سپییەکانی لەسەر تەمێکی سارد ڕادەگرت و**
**دەیبردن بۆ کوچەنەناسراوەکانی قەدەر**
**بەپژمینی شەپۆڵەکان عەجمانی لەبەر دەبڕا و**
**ژانەسەری دەشتەکانی بەتایلەنۆڵی دوودڵی سڕ دەکرد و**
**مەغریبیانیش دەچووەسەر گردەڤووتەکەی بیرکردنەوەو لەنێو ڕاماندا وندەبوو.**
**وای دادەنا ئەوا بۆتەباهۆزێکی سەرکێش و هار**
**ڕەگی هەموو حیکایەت و ئەفسانەکانی هەڵکەندووەو**
**بەفیزەوەدەڕوا بەرەو دەرگا داخراوەکانی خەون**
**پاسەوانەکانی عەشق بانگ دەکات و**
**دوای سەرزەنشت داوای کلیلی ئارامیان لێدەکات**
**یان ئەوەتا بۆتەئەسپێک حیلەی لەنێو ئاسمانەکان وندەبێت و**
**خۆیشی ڕەدووی ڕەوەڕێگایەک کەوتووە.**
**یانیش بۆتەبروسکەیەک گڕە وەهمێکی لەدەشتەتەڕەکاندا هەڵگرتووەو**
**کەوتۆتەشوێن پەرسیلەخەونێکی سپی.**
**"با"کەدەیگووت :" گومانم نەبوو لەڕێکردن بەسەر ئاودا**





**لەهەڵگەڕان بەسەر پەیژەکانی گزنگ**
**لەشەڕەتیروکەوانی پاسارییەکانی باخچەکەی مێردمنداڵی**
**لەخڕکردنەوەی گوللەشووشەکانی حەسرەت**
**لەزەنگدان بۆ چاوبەخومارەکانی ئەودیوو ساڵەکانی هەزارەی چوارەم**
**گومانم نەبوو لەکۆکردنەوەی پەنجەرەونبووەکانی وڵاتی کچە قەیرەکان**
**لەشەن و کەوکردنی جوانییەبەجێماوەکانی درەخت**
**لەسواربوونی پاسکیلەکانی ئێرەیی**
**گومانم نەبوو لەخاترجەم بوونی غوربەت و وردکردنەوەی شەپۆڵەکان**
**لەچاوشارکێ کردن لەگەڵ مانگی گومڕا**
**لەپەلکێشکردنی مەرگ و چوونەوەبەرەو سەردابەتاریکەکان**
**گومانم نەبوو لەداگرتنی ئەستێرە و**
**ڕاپسکانی تەمەڕەنگاوڕەنگەکان"**
**"با" ئەیگووت : کە "گومان دوکەڵێکی شین بێ و سێبەر بخاتە سەر پەنجەرەی بینین و دەرگای بیستن**
**ئیتر بەچی بزانم لەگەڵ زەمەندا کۆکم کەگزنگم بۆ ڕاو نەکرێت**
**کەعاشقی دڵۆپەبارانێک ئەبم**
**درەختەکانی ئێرەیی لەکەنار کێڵگەی داڵغەیا ، جگەرەی خەم ئەکێشن**
**کەلەگەڵ پەلکەگیایەک ئەچمەسەیران**
**چیمەنەوشکبووەوەکانی ئەم وڵاتەدەست ئەکەن بەهۆنینەوەی شیعر و غەزەل**
**تا بەسواری پشتی ئەستێرەدەچمەوەلای هەسارەی خۆشەویستی**
**خۆم ئەبینم لەخەیاڵدا نقووم بووە!"**

*

**ئەمەوێت ئەزنیفێک بکەم لەگەڵ باران**
**کۆنکانێک لەگەڵ باخچەدا**

سێڕسکانێک لەگەڵ ڕێگا و
کڵاوێنیش لەگەڵ هەورا
ئەمەوێت "با" بەرم بەرەو بەندەرەکانی بێدەنگی
بەپردەکانی خەیاڵا نەپەڕێتەوەبۆ ژوانی باهۆزەکانی دیمەنەخەمساردەکان
ئەمەوێت "با" بەقەیاغەکانی عەشقەوەبچێتە پێشوازی خەیاڵ
هەر بەتەنیا نەڕواتەسەر گردەکانی بیرکردنەوەو
سوپای خەیاڵ  نەخاتەشوێن جەستەی زامدار و شەکەتیی
"با" خەیاڵبازێکی گەورەو بەئەزموونە،
لەکچەکانی دەریاوەفێر بووەماچ بۆ باڵندەکان تێبگرێت
ئەو دەنووکی کەنارییەکان بەهەتاو بۆیەدەکات و
ووردەشە پۆڵ لەقەفەسی بێئومێدی و
ووردەچرا لەسەبەتەی تاریکیدا هەڵدەگرێت و
ئەوسا دەچێت لەکۆشی خەونێکا دەنوێ.
بێهوودەیەمەشقکردن لەسەر خەیاڵە پەرتەوازەکان
مەشقکردن لەسەر ئانیشک دادانەوەی خەونەکورتەکان
بێهوودەیەچوونەوەبۆ سەرەتاکانی فێربوونی خەیاڵکردن
چوونەوەبۆ ساتەکانی زوێر بوونی خۆر
چوونەوەبۆ ئاشتکردنەوەی کچ و شیعر و خەیاڵ و "با".

تشرینی دووەمی ٢٠٠٨
کەنەدا

تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی رووبەری داهێنان ژمارە ٥٢ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.





## وەرزی بارینی باڵندە

لە گۆرانی نیشتمانیتیرین پەیامی بارانا
لە وەرزەکانی بارینی باڵندەیا
فڕین دەبێت بە پەیژەیەک لە خەون و لە ڕێگا و سەفەر
"با" لە سووچی سێبەرێکی لەتوپەتا
لاپەڕەیەک لە تەمەنی خەونێکی گرمۆڵە ئەکا و
دەستی بیرکردنەوەی دەنێتە نێو باخەڵی خەیاڵ
گوێ لە چرپەی هەور ئەگرێ
پەیامەکان نەگەیشتن ! پەیامەکان مەستن بە گۆرانی کۆچ و
دڵیان پڕە لە بروسکەی مەرگی باخچە.
پەیامەکان تەزین لە دەنکە یاقوتی ماڵئاوایی.
لە نیشتمانیترین ڕێگا باڵندەکان دێنەوە سەر ئاسمانەکانی دوودڵیم
باڵندەکان دەفڕن بەسەر مێرگەکانی گومان و نیگەرانیم
لە دەروازە خۆڵەمێشییەکانی بوونا
دەرگا بە ڕووی ئەرخەوانیترین بارانا دادەخەن
لە وەرزەکانی بارینی باڵندەیا
لە تاراوگەترین ڕۆژەکانی سەفەر
لە ڕووناکیترین شەوە نووتەکەکان
گەڵای وشکی هەڵوەریوی تەرزە خەیاڵ
دەدرێ بەسەر تەرمی کوژراوی ئەندێشە.

پەیامەکان نەگەیشتن وئەستێرەکان بوون بە شایەدحاڵی مەرگی
لەناکاوی پاسارییەکانی غەریبیی
لەوەرزەکانی بارینی  باڵندەیا
ڕوبارەکان بە زەمزەمەی ئالوودەبوون دووش دەگرن و
لەبەر خۆری وشکبوونا خۆ هەڵدەخەن
بیابان لەژێر قەتماغەی تەنکە تەمێک
برینە زەردەکانی دەبا بۆ بەر قاپی عاشقێک و
داوای متفەرکی خۆشەویستی لێدەکات
لەوەرزەکانی بارینی باڵندەیا
مانگ دەبێ بە دەنووکی تەلایی ژیان
کانی دەبێ بە چاوی کۆچ
لە کاڵترین نەغمەکانی سرووتەکانی وجوددا
بەفر دەبێ بە پەشتەماڵی سەرشانی چیاکانی خۆشەویستی
"با" دەبێتە دەزگیرانی هەورە هەرە هەراشەکان
لەوەرزەکانی بارینی باڵندەیا
شیعر دەستی تەم و
تەمیش دەستی گوڵە شۆخەکانی تاراوگە دەگرێت
لە زەریا بێناونیشانەکان
بەرەوهەتاو
ڕوەو ئەندێشەسادەکان ئەپەڕنەوە.

شوباتی ٢٠٠٨
کەنەدا



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

## من و "با" و تابلۆیەکی سوریاڵی

لە گیرفانی سوورە هەورێکی سکپڕدا
"با"یەک سەری خۆی بەستابوو، بۆنی کردبوو
بە ڕەشـــەڕێحانەی غەم و بە جەنجەفیلـــی تەنیـــایی مـــل وگەردنـــی کیـــژە
خانمەکانی ئاسمان
"با"یەک بێدەنگ داڵغەی لێدابوو و ئەڕۆیشت
دەستەکانی خستبوونە نێو گیرفانەکانی غوربەت و
چاوی لەتاو گریانی شەوان سوور ببوو
لەسەرمانا خۆی گرمۆڵە ئەکرد و لەپاڵ تاشەبەردی مردن پشووی دەدا
گوێی لە مۆسیقای غەم دەگرت
کولیچەی ماچی دەنایە نێو دەستەسڕی ئەوین و
لەدەرگاکانی مەحفبوونەوەی دەدا
"با"یەک پێناسەی مردنی کردبووە باج و لەسەر سینگی خۆی دانابوو
بۆینباخی حەسرەتێکی دڵدارانەی کردبووە مل
تەنها متمانەی بەخۆی بە شاخێکی هەتیو دەکرد
لەنێو "با"دا پایز ڕەنگی خمخانەیی خۆی ون ئەکات
شەقامێک لە بێدەربەست بوون دەداتە دەست کورتە غەدرێک
لەخەونەوە چرپەکانی بەدایک و باوک گەورە ئەکا و
لەسێبەری حیکایەتە مەزنەکانی ئەفسانەوە وێنەی خودا و مەرگ ئەکێشێ
"با"لە ڕاستە ڕێگاکاندا ون ئەبێت و لە پێچی نهێنیەکاندا
بانگی چراکان ئەکات و
دەستەکانی لە خۆڵەمێشی خۆشەویستی وەر ئەدا

**من و "با" لە نێو زەریادا پێکگەیشتین**
**لەدوورگەکانی یەکترناسینەوە سەفەرێکی بێکۆتاییمان دەستپێکرد**
**هەردووکمان لە خەزانەوە بووین بە هاوڕێ**
**لەگەڵ "با"دا گەلێ یادگاری شیرین و تاڵمان هەیە**
**لەزۆر شەڕدا بۆ یەکتر بووین بە مەتەرێز**
**من و "با" هەردووکمان شێت بووین**
**ئەو بۆ هاتنی پایز و منیش بۆ کۆتایی خەزان**
**لە "با"وە فێر بووم عاشق بم، ماچ تێبگرمە باڵندەکانی تەمەن**
**لە "با"وە فێر بووم گوڵ ببەم بۆ سەر گۆڕی درەختەکانی غەریبی**
**لە"با"وە فێر بووم ناوکی ڕۆژەکانم بهێنمەوە**
**لە "با"وە فێر بووم نزگرەی ئەستێرەکان گوێ لێبگرم**
**لە"با"وە فێر بووم بچمە سەر مەرقەدەکانی ئیمان و**
**لە گومبەزی چڕە دوکەڵی وەهمەوە خۆم تەسلیمی خودا بکەم**
**لە"با"وە فێر بووم ڕووبارە وشکەکانی ئاهونزای**
**پیرە دایکەکەم لەسەر لەپی دڵ هەڵبگرم**
**گۆێ لە ڕازی "نێرگز" بگرم**
**لەسەحەردا بچمە سەر پشتی هەورەکان**
**لە "با"وە شیعر فێر بووم و**
**هەر لە "با"شەوە ئەبمەوە بە شاعیرەکەی تاراوگە!**

**تشرینی دووەمی ٢٠٠٧**
**کەنەدا**

**تێبینی : ئەم شیعرە لەڕۆژنامەی ڕووبەری داهێنان ژمارە ٤١ ی ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کراوەتەوە.**





## چەند نموونەیەک لە شیعری کۆنکریتی یان شیعرە وێنە

### کۆلارە

**کێ**
**دەتوانێ وەکو**
**نهێنییەکانی پایزی ئەم تەمەنە**
**خۆی بداتە بەر هەتاوی وەهمی بوون و**
**حەرفەکانی بیابانی خۆشەویستی بوەرێنێ**
**.کێ لە بەرزی ئاسمانەکان ڕادەمێنێ و**
**وێنەکانی بوون بە خاکی**
**مرۆڤەکان دەنێرێتە**
**حەوت**
**تەبەقە**
**بەرز**
**بەرز**
**بەرز**
**بەرز**
**بەرز**
**بەرز**
**بەرزی**
**ئاس**
**ما**
**ن**

## وێنەیەک لە ئاوێنەی مردنەوە

دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ دڵ
لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە لە وەوە وە وە وە وە
وە وە وە وە وە وە وە وە وە وە وە وە وە وە
ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ز ز ز ز ز
ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز
ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی
خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ خ
ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه
ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز ز
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن
د د د د د د د د د د د د د د د د د د د د د د د د
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ گ
گ گ گ گ
ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه
ه ه ه ه ه ه ه ه
ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا لا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا لا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا
ڵا ڵا ڵا ڵا ڵا ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک ک
ک ک ک ک ک ک ک ک ک ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەکەم............ عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)

ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن
ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ی ی ی  ی ی ی
ی ی ی ی  ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی ی
ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت ت
ت ت ت ت
ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه
ه ه ه ه ه ه ه ه
م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م م
م م م م م م  ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه
ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه ه
ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن ن
ن ن ن ن ن ن
دەوەرێنێ و
پرسە دادەنێ و
گۆرانیەکانی هەڵدەگرێ
بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بۆ بـۆ
بۆ بۆ بۆ
وەرزە
سەرهەڵگرتوەکانی
غ غ غ ووووووووووو ررررررررر ب ب ب ب ب ههههههههههههه ت ت ت ت
ت ت ت ت

## لێكترازان

خ ۆ ش ه و ی س ت ی
ی ت س ی و ه ش ۆ خ
ێ ه
ب و
ه
و ه ر ی ن ا م و گ
ن ا ر ر
ب ز د ه
و ه ن م
و خ
ن ه ی ن ۆ ک
ا
ب
ا
ی
ب ا ر ه س
ی
ر
ه
د





## گه‌مه

**خودا بێ كات و بێ شوێن و بێ شێوه‌یه**
**بێ شێوه‌یه خودای بێ كات و بێ شوێن**
**خودای بێ شوێن بێ كات و بێ شێوه‌یه**
**خودای بێ شوێن بێ شێوه و بێ كاته**
**خودای بێ شێوه بێ كات و بێ شوێنه**
**بێ كاته خودای بێ شێوه و بێ شوێن**
**بێ شێوه‌یه خودای بێ شوێن و بێ كات**
**بێ شوێن و بێ شێوه‌یه خودای بێ كات**
**بێ شێوه و بێ شوێن و بێ كاته خودا**
**بێ شێوه و بێ كاته خودای بێ شوێن**
**بێ كات و بێ شێوه و شوێنه خودا**
**بێ شێوه و بێ كات و بێ شوێنه خودا**
**خودا بێ شێوه و بێ شوێن و بێ كاته**
**بێ كاته خودای بێ شوێن و شێوه**
**خودای بێ كات بێ شێوه و بێ شوێنه**
**بێ شوێن و بێ كاته خودای بێ شێوه**
**بێ كات و بێ شوێن و بێ شێوه‌یه خودا**
**بێ شوێن و بێ كات و بێ شێوه‌یه خودا**

## خەنجەر

**قوربانی لەبەردەم جەللاددا**
**سەرابی دەسەڵات نابینێ و**
**دەست دەبات**
**بۆ لق و بۆ چڵی**
**هەر دارێک کە**
**دێتە سەر ڕێگای**
**دەست دەکات**
**بە دوعا و بە نزا و پاڕانەوە**
**چاو دەگێڕێ لە بەخشندە**
**دەسە ڵا تیش**
**وەکو خەنجەر**
**دڵ و جەرگی**
**قوربانی یەکان**
**دەنێتە بەر**
**دەمی دڕندەی**
**ئارەزوویی و**
**لەززەت دەبات**
**لە فیغان و**
**لاوازی و**
**تر**
**س**



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زوێر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

## مزراح

**خولانەوە خولانەوە خولانەوە خولانەوە**
**خولانەوە خولانەوە خولانەوە خولانەوە**
**خولانەوە خولانەوە خولانەوە**
**خولانەوە خولانەوە**
**خولانەوە**
**خولا**
**نە**
**وە**

.

## شیعری دایەمێنت(دایەمۆند)

ئیلاهی
خۆت عاشقی و
لە دەردی خۆشەویستی شارەزای
بەگوناهی دڵ و ئەڤین مەمسوتێنە
بێ خەتام و تا دەتوانم
شەراب و ماچ
دەخۆمەوە

گومان
سەراب و ڕوح
ئاوێتەی یەكتر دەكات و
خوێنی گەشی دڵی شەیدام
دەچۆڕێنمە سەر كێڵگەی
عەشق و خەم و
یەقین

٢٠٠٦
كەنەدا

تێبینی : شیعری دایەمێنت شێوازێكی شیعرییە لە حەوت دێر پێكدێت و شێوەی وەك ئەڵماس وایە. یەكەم وشە و دوا وشەی واتان یان پێچەوانەی یەكترن.





## پیریم گەنج بوو، وەختێ دەركەوت!

بە منداڵی دەستی پیری خۆم دەگرت و
زۆر جار بەلای گۆمەخنكاوەكەی خەیاڵ تێئەپەڕین
ئەوسەرگوزەشتەی ونبوون و سەفەری ڕێی نەهاتی بۆ دەگێڕامەوە
منیش هۆشم هەر لای یاری تۆپی پێ بوو
ناوی پاڵەوانەكانی یەكە یەكەی چیرۆكەكانی بێوەفایی دەزانی و پێی دەوتم:
"سەبرت هەبێ..هەراشتر بیت تۆزێك چاوەكانت كز بن
ئەوسا لەمانای چیرۆكی پیربوون دەگەی"
وەختێ دەركەوت جووتێ كڵاشی لەپێبوو
تەزبیحە قەزوانەكەی گەنجی پێ مابوو
بە منداڵی ڕیشی پیری خۆم دەتاشی و
جلی خاوێن و تەمیز و ئوتوكراوم لەبەر دەكرد
یاپشە یاپشە بە گوزەر و بە كوچەكانی تەمەندا
بەدوای دەزگیرانە وێڵەكەی دەگەڕاین
ئەوعاشق بوو ، بەڵام ماچی خۆشەویستی نەكردبوو
لە دڵداریدا یەكەم بوو، كەچی دەستی بەر مەمكۆڵەی توندوتۆڵ و
شلكەڕانی نەشمیلەكانی عومر نەكەوتبوو
گۆرانی خۆشی دەزانی، كەچی كەسێک نەبوو بە دەنگی ئاشنا بێ

**بە منداڵی گوێم لە ناڵەی پیریم دەگرت**
**گوێم لە کۆخەو لرخەلرخی سینگی ئەبوو**
**ئەو بە گەنجی لە پشتی پیکاب سور ئەبوو**
**فەردە گەنمی خەت سووری پەنجا کیلۆیی هەڵدەگرت**
**بە تێمس ئەچووە بازاڕی حەسیرەکە**
**لەشەوانی ڕەمەزاندا یاری سینی و زەرفی دەکرد**
**بە منداڵی پیریم دیبوو، هیچ خوایەکی خۆشنەدەویست، ژیان نەبێت!**
**سوێندی تەنها بە وەفا وئەمەک دەخوارد و**
**توڕەش بوایە گەورە و گچکەی نەدەپاراست**
**بە منداڵی پیریم بەویقار و بە هەیبەت دەبینی و**
**خۆشم ورد ورد لێم ئەڕوانی.**

**کەگەورە بووم دەستی منداڵیم دەگرت و**
**دەمبردەوە نێو باخچەکانی خۆشنوودی**
**دەمبردەوە کن ئەویاریانەی کە تەواوم نەکردوون**
**بەگەورەیی لەگەڵ منداڵیم دەدوێم ونازی دەگرم**
**ئێوارانیش وەکو جاران هەر لە شەقامی جمهوری**
**دوای خواردنی لەفە و ماستاوێک لای عەباس**
**سەرێک ئەکەین بە کتێبخانەکەی ئاسۆدا و**
**دواتر دەڕۆینەوە بۆ ماڵ**
**هەر لەسەری کۆڵانەوە، دایکی ڕەحمەتیم دەبینم**
**لەبەر دەرگا هەڵتروشکاوە و چاوەڕوانە مناڵیمی بدەمە دەست**
**دایکم دەیگوت"کەڕەحم بە خۆتان ناکەن**
**ڕەحم بەم دڵەی من بکەن**



بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زوێر ماچ دەکەم............ عەبدولآ سلێمان (مەشخەڵ)

**بەم درەنگ شەوە کەی وەختی هاتنەوەیە"**
**من ومناڵیش بە بێدەنگی دەچینە ژوورەکەم و**
**پاش گوێگرتن لە هەواڵەکانی ڕادیۆ**
**ناميلکەیەکی سیاسی دەردێنین و دەیخوێنینەوە**
**من غەریبم بە منداڵیم**
**نامۆم بەو ڕۆژە جوانانەی کە ڕابردوون**
**من مناڵم و پیری لە ناخمدا ڕوا**
**من پیرم و منداڵیم تێدا زایوە**
**لەنێوان پیری ومنداڵی نیشتمانێک شک نابەم بۆ خۆشەویستی و**
**تەمەنێک نابینم تێیدا پێکەنیبم**
**من بە پیری و بە منداڵی هەر زمانی عەشقم هەیە پێی بدوێم و**
**هەر چاوی پڕ هیوام هەیە ڕۆژەکانی پێببینم**
**من پیری ڕەت دەکەمەوە !**
**بەسەر و ڕیشی سپییەوە دەبمەوە بە مناڵە چەقاوەسووەکەی جاری جاران**
**دەچمەوە سەر تەنوربانەکەی سەربان و**
**پشیلەکان ئازار دەدەم**
**وەکو جاران فەلافلەکەی کۆپرلو و**
**چایخانەکەی ئەبوعاسی ئەکەمەوەبە نیشتمان و**
**ڕۆژی جارێک چاوم بە ئاوی کانیاوی سۆنەگۆلی تەڕ ئەکەم**
**گۆڤارێکی "ڕۆژی کوردستان" ئەکڕم و**
**چیرۆکێکی تازەی سەڕاج ئەخوێنمەوە**
**من ئەبمەوە بە مناڵەکەی جاران و لە خۆشیانا بەقەڵەمباز**
**ئەچمەوە بەر نوورەکەی باوە گوڕگوڕ و**
**سەرمای پیری لە لەشی ماندووم دەردێنم**

**من ئه‌بمه‌وه به‌و مناڵه‌ی كۆڵان كۆڵان شه‌كه‌رات و پاقله‌ی ئه‌فرۆشت**
**ده‌بمه‌وه هه‌ر به‌و منداڵه‌ی كه منداڵی خۆی نه‌بینی**
**من پیرترم له منداڵی**
**من پیرترم له‌وته‌مه‌نه‌ی تێیدا ژیام**
**من پیرترم له خه‌ریته‌ی گه‌ڕانه‌وه بۆ ڕابردوو**
**من پیرترم له خه‌ونه‌كان**
**من پیرترم له منداڵی ومنداڵترم له ڕۆژه‌كان.**

**ته‌مموزی ٢٠٠٧**
**كه‌نه‌دا**

**ژێرنووس :**
**یاپشه یاپشه : واته له‌سه‌رخۆ ڕۆیشتن**
**جاران له كوردستان دووجۆر فه‌رده‌ی په‌نجا كیلۆیی هه‌بوون خه‌ت سوور و خه‌ت شین. خه‌ت سووره‌كه‌یان زۆرتری ده‌گرت**
**تێمس : جۆره ماشێنێك بوو بۆ نه‌فه‌ر گواستنه‌وه‌ی نێوان گه‌ڕه‌كه‌كان**
**بازاڕی حه‌سیره‌كه : بازاڕێكی ناودار وكۆنی شاری كه‌ركوكه**
**سینیو زه‌رف : یاریه‌كی كۆن و ناسراوه و شه‌وانی مانگی ڕه‌مه‌زان ئه‌م یاریه ئه‌نجام ده‌درێت**
**كن: ته‌نیشت**
**شه‌قامی كۆماری : ناوی شه‌قامێكه له شاری كه‌ركوك**





**كتێبخانه‌ی ئاسۆ : له شه‌قامی كۆماری بوو له كه‌ركوك كه شوێنی پێگه‌یشتنی ئه‌دیبان و نوسه‌ران بوو**
**عه‌باس : كوردێكی كاسبكار بوو به عه‌ره‌بانه‌یه‌كه‌وه له‌فه‌ی ده‌فرۆشت و شوێنێكی دیاری له بیره‌وه‌ری لاوه‌كانی كه‌ركوكدا هه‌یه**
**فه‌لافلی كۆبرلۆ و چایخانه‌ی ئه‌بو عاسی كه‌وتبوونه سه‌ر شه‌قامی جمهوری له كه‌ركوك**
**سۆنه‌گۆلی : گوندێكه كه‌وتۆته باكوری شاری كه‌ركوك**

# خەونە ئالووسیەکانی شاعیرێک

گوزەر دەکەم بەنێو تەمە تەنکەکانی تەنیاییم و
لەسەر شوشەی رووی ڕۆژەکان وێنەی کچ وکوڕەکانی ئەم عەدەمە ئەسڕمەوە و
بەنێو تیشکە شین و سپییەکاندا ئەڕۆم تا ئوردوویەک لە حەقیقەت
ئەدوورمەوە
بادەی خەیاڵ لە زیندانی گۆشەگیری و نیگەرانی هەڵئەدەم و
پاراستنی گوشارەکانی ڕۆخان و مەشقدارە ستایش هەڵنەگرەکاندا هەڵدەگرم
و
خۆ لا دەدەم لە سیکۆتینی ئیمان و هیرۆینی خۆ ڕاهێنان
لە ڕۆڵ بینین لە شانۆگەرییە بێ دیمەن و بێ پەردەکانی ژێر زەوی
باوەش ...باوەش گەنمەشامی سوورەوەکراوەی پەنگرکێش
دەبەم بۆ لێوار و هێڵی پێشەوەی جەمسەرە تیژەکانی نائومێدی و غەدر
لەبەر پێی تۆفانی ئۆقیانووسەکان دەچەمێمەوە و
بە گرانی سەردەردەکەم لە پیلان و لە تەڵەکەی نەمامگاکانی ئەم خەونە
سەکۆی نەخشەی دەموچاوە هەڵگرتووەکانی بەر ڕێگای ورێنەکانی تەمەنم
نەرم...نەرم وەکو شلکە ڕانی کچە ئەناناسێکی زۆر عەیار
لەئاست بورجی چاڵە قۆمەت لەسەرەکان ، سەربەرەوخوار
لاواز...لاواز لەسەر ڕۆحی رووتی دەریا پشتی کردۆتە هەتاو و
رووی لە لانەی بەچکە کۆترەکانی ماڵی گوڵ و بۆنە
ئافاتکوژێکیش بێوچان بەفرە پرچ گروازەکانی ئەم بیابانە پڕ لە وەهمەی
بێبەری دەکرد لە کەوڵی عومرە ئێجگار کورتەکان و





تەنافی سوێسکەی شاخاوی و دارگەزێکی لەڕ و لاواز
ئافاتکوژ بە سەتڵ باوەڕی فرێدەدایە بەرپێی
پیرەمێردە باڵندەناسەکەی کۆڵان
گۆشەگیرانەش دەجەنگی لەگەڵ نێرگەلەی گومان و تیرۆسامی لەخشتەبەر
کانزای خەون و گورزە رووناکی یاداشتی کوژراوێکی لەگەڵ ژیان چاوباشقاڵدا
بەدزی وشە، لەگەڵ دێر و کۆپلە و شیعر سێکسی ناشەرعی ئەکات و
دارەمەیتی بڕوانامەی بەرەنگاری ئەنێرێت بۆ
ماڵ وقەڵای ئیمپراتۆریەتی کتێب و مەوسوعەکانی خورافە
ڕێحانە سپیەی هەناسەی چیرۆکێکی ڕدێن ماش و برنجی گەورە
بە بێهوودە کەپری سڕبوونێک هەڵدەدا و
بە گومانی ڕەنگرێژەوە دەست دەبات بۆ قەد و باڵای سوورە چناری داهێنان
بەڕژدەوە خەیاڵە ڕەق و وشکەکان لە سێبەرێکی نسرمێکی تەڕو تووشدا
ئەسپێرێت بە بێژنگە پەککەوتەکانی مردن و بەدەلاقەی پڕ لە سەرما و
بە هێلانە رووتەڵەکانی رووبار و تاڤگەکانی پشت کێوەکانی مەنفاوە
بە وێنەکانی شەوەوە دەچێتە شەڕی بەر دەرگای دورگەکانی بیرچوونەوە و
ئەچێتەوە بەگژ سێبەرە ونبووەکانی پاڵ قەدەرە پشت کۆمەکان
لە درەختە هەڵمینەکانی گوناهە گەنم ڕەنگەکانی خەیاڵ ڕائەمێنێ و
گۆرانییەکی خەم قاوەیی ئەنێرێت بۆ گۆڕەپانی جلیتبازی وێنە و وشە
تۆراوەکان
لەژێر پێستی حەیسییەتی هەموو بوونە دەستو پێ سپییەکانەوە
بە پەردەیەک لە تاریکی تەواوی ڕەنگەکان ئەبا و
تەواوی رووناکی ئەنێتە نێو گوڵدانی شەوە هەتا هەتاییەکان.
سەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠٠٧
کەنەدا

# فانۆسێک له نێو خەونێکمدا ونبوو

**له کۆتایی خەونێکمدا فانۆسێکی دەم بە گلەیی**
**رووی لە تاریکییەکی رووتەنە کرد و ئەیگووت :**
**بەم سوبەی سالْحانە دەشێ خەون بە هەمان بەهای سازشکارانە**
**یان بە ستایلێکی نوێترەوە بێت و تک تک برژێتە سەر پێلوە نوستووەکانم**
**بەم سوبەی سالْحانە چلۆن بەسەر پەیژەی نامۆییم هەلْئەگەڕێ و**
**لە چالْە بەردی ئومێدێک نمایشی دیمەنە ڕیش سپییەکانی مندالْیم دەکات**
**خەونەکانم پڕن لە جنێوی مندالْی ، لە شەڕە بەرد ، لە توانجە قۆرخکراوەکانی هاوڕێیەکم**
**لە خەوندا ..لە بیابانی وشک و برینگ و تینوودا مەلە ئەکەم**
**لەسەر چیای هەزار بە هەزاری خەیالْ بەر ئەبمەوە**
**مێردەزمە دێتە سەر سینگم و**
**فریاد ڕەسێک نایەت بەهانای هاوارم**
**لە خەوندا زوو زوو ئەکەومە کەمینی چەکدارەکانی وڕێنە**
**هەفتەی جارێک دووجار ئەمرم**
**هەندێ شەویش گرێبەست مۆر ئەکەم لەگەڵ فریشتەکانی بەهەشت و**
**چەرچییەکانی ڕۆخی ڕووباری دوودلْی**
**لە خەوندا عەزرەتم فڕینە**
**عەزرەتم خەونێکە تێیدا تەنیا بم**
**عەزرەتم تەنیاییەکە خەونی تێدا ببینم**
**خەونم عەزرەتێکە تەنیا و**
**تەنیایشم عەزرەتی خەونێکە سەوز**





**لە کونی لولەی مەسینەی پەڕتووکەوە دەڕوانێتە پانتاییەکانی مەعریفە**
**جوانیش لەنێو چوپێکی دڕاو دەشارێتەوە و**
**بە قەیتانی پێلاوەکانی دڕکەزی ملی زەرنەقوتەکانی خۆشەویستی دەقرتێنێ و**
**دەشلێ : بەم سوبەی سالْحانە کەی وەختی کڕینی نۆکی کولاوی عەشق و هێنانەوەی سەموونی دەربەدەرییە**
**بەم نوێژی نیوەڕۆیە کەی بانگە بانگی دایکم لێمدەگەڕێ بە دلْی خۆم ماچێکی گزنگ بکەم و**
**"با"یە چەتونەکان دەست غەلْەت بدەم**
**بەم نوێژی نیوەڕۆیە کەی لە ئیمپراتۆریەتی خەون دەچمەدەر؟؟**
**کەی؟**

**ئابی ٢٠٠٧**
**کەنەدا**

**ژێرنووس :**

**سوبەی سالْحان : بەیانییەکی زوو**
**نوێژی نیوەڕۆ : ئیدیۆمەواتەبەیانییەکی درەنگ**
**عەزرەت : ئارەزوو — مەراق**

## خەونێکی شکاو لە نێوان "No" یەکانی من و داواکانی ئەودا

**بۆ ئاتین .ئەو کوڕەی خەونەکانی گەلێ لەخۆی گەورەترن.**

**هێدی هێدی بەداڵانی بیرکردنەوەدا دێیت و دەچی و**
**گەمەیەکی سەیر و ئاخێک دۆبلاج دەکەی**
**گەڵایەک لەخەون دەگری بەدەستتەوە و ئەتەوێ وەکو سیندباد**
**بچیە دوورگەکانی هیوا و ئەژدیهاکانی تەنیایی بدەیتە بەر شمشێری ڕق و بێزاری**
**کەئەتەوێ جێمنەهێڵی، لێمدەپرسی ببمە هاوسەفەرت ئەی مەزن**
**دەتەوێ خەونەکانت لەسەر حەسیری نائومێدی هەڵنەخەیت و**
**بمبەیتەوە شەوە نوتەکانی ژین**
.....Dad, would you
.No" I know what you trying to say"
**بابە بەس لێمگەڕی تەنها بۆ یەکجارێ**
**تەنها و تەنها بۆ یەکجارێ ڕۆمیۆ و جولیەت لەسەر تەختی شانۆی ژیان بەیەکەوە گۆرانی بڵێن و پێبکەنن.**
and morbid my negative reply makes your life Obviously dreamless
and my hopes soul minimizes Your mournful ..makes it sophisticated





a mantle of becomes "No" my As a matter of fact your demand
my indignant So please forgive me for. .frustrated implausible life and be
Be blissful.keep away from alienation،
**ئەم "No" بوو کۆشکی خەونی وێران کردی و**
**هەستی کردی بەنێچیری تەنیاییەکی مەزەنەکراو.**
**ئەو "No"ی وا گەر دەسەڵاتت هەبوایە**
**زەمەنت بۆ قۆرخ ئەکرد و**
**خوات دائەگرتە بەر پێی و ئەمجا نەعرەتەت ئەکێشا.**
**گەورەم...ئەی ئیمپراتۆڕە بێدەسەڵاتەکە**
**ئەی پاشای بێ ناوونیشان و بێ مەملەکەت**
**من بەو "No"یە،خەونەکانتم هەڵقرچاند و**
**گوناهێکم لەتەوێڵی باوکایەتی بەجێهێشت و،**
**نەک هەر لەخۆم..لەسەلالەو لەنەسەبیشم خۆش نابم!**
**تۆ دڵۆپە بارانێکت لەنێو لەپتا داناوە و**
**لێی ووردئەبیتەوە و ئەیدوێنی**
**وەک ئەوەی باسی حیکایەتەکانی تەنیایی خۆت و**
**"No"یەکانی منی بۆ بکەیت.**
**پەیتا..پەیتا..بەنێو ژوورە دڵ ساردەکەت دەیهێنی و دەی بەی شەوانیش لەگەڵ تەنیایی خۆت ئەینوێنی**
**کەپەنچەرەی خەونێکت دەخەیتە سەر پشت**
**زریانێک لە بێئومێدی خۆی لەڕوخساری هیوات ئەسوێ**
**وەختە دار و پەردووی ئەم نیشتمانە بێکەسە لەڕەگەوە دەربهێنێ**

.You are the best dad in the world. I love you dad

**غار دە..ئەوەتا ئاسمانی بێسنوور باوەشی بۆت کردۆتەوە،**
**تا کۆلارەکانی خەونتی تیا هەڵبدەی.**
**کۆلارەی خەونە کاغەزییەکان**
**کۆلارەی ئومێدێک کەدەمێکە ڕوو لەزەوییە ڕەەقەنەکەی تەنیاییمان دەکەوێتە خوارەوە.**
**هەر جارەی تیرەی دەدەیتێ**
**بایەکی چەتوونی "No"ی من لەپشت عاموودی کارەبای کۆڵانەکان ونی ئەکات.**
**کۆلارەی حەزێک کە بەر لەهەڵدانی بەنامۆیی پەنچەکانی ئاسمان فرمێسکەکانی دەسڕێ**
**کۆلارەی ئاواتێک کەهێشتا چرێشی گریانەکانی تەنیاییتی پێوە وشک نەبۆتەوە.**
**کۆلارەی ڕۆحی من کە مووددەتێکە بەدەستی خەون کوژێکی خۆڵەمێشی ئەنفالکراوە.**
**خەونێک نەرمتر لەیادە ئاوریشمیەکانی مناڵیت**
**کپتر لە بێکەسیت و**
**بەریئتر لە بێگوناهیم.**
**کاڵتر لە گۆنا زەردەکانی ڕۆژە بێنازەکانت**
**خامۆشتر لەمردن و**
**بێدەنگتر لە خودی بێدەنگیی.**

**مانگی ئایاری ٢٠٠٤**
**کەنەدا**



بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**پەخشانە شیعر**

## لەسێبەر ئەو دارەڕائەکشێم کەپێی ئەڵێن داری خەون

**ئەمشەویش هەر هەمان ئەو خەونەم بینییەوەکەزەمەنێکەقۆرخی شەوەبێدەنگەکانم ئەکات ، خەونێک هەر ئەڵێی عادەتی پێوەگرتووم و پڕ لەحەز و پڕ لەشەیدایی وجوان وەکو سەفەری ڕوحێک بۆ هەندەران. من لەگەڵ خەوندا و لەنێو گێژەڵووکەی سەفەرێکدا هەڵوەدات بووم ئەی غوربەت. قژی ئەوینم هەڵئەوەری و بەسەری ڕووتاوەوەئەمڕوانییەسنگ و مەمکی پڕ لەعاتیفەت. دانیشتبووم و خوێنی خۆم ووشک ئەکردەوەو پەیتا پیتا ئەمسواییەدەموچاوی ئەو ڕۆژانەی هەر بەتەنها لەتەقویمی مندا دەژیان. من گومانم سەر ئەبڕی و تا لەڕۆژێکیوەکو ئەمڕۆدا تاراوگەبمخوێنێتەوە!. بەیانییەک لەسێبەری پەڵەهەورێک چاوی پێشبینیم لێک نابوو. ئەو بەیانییەسەرگەردان وەکو بێکەسیم . جیاوازی لەڕۆژەکانیتر ..ئەو بەیانییەئەتگووت جەنگێک دیلی کردووم، ئەتگووت لەگەڵ بیابانێک بەشەڕ هاتووم. بەیانیەک تووڕەوەکو ئەو ڕۆژانەی دڵی هاوڕێکانم شکاند،تووڕەوەکو تووڕەبوونم لەگوڵەکانی تەنیایی. ئەو بەیانییەخۆمم لێبوو بەسەراب و یەکەیەکەوردەماچم هەڵدەدایەنێو شەقامەدڵڕەقەکانی غەریبی. ئەو بەیانییەڕۆیشتم و نەگەڕامەوە.**

**منێـك تەژی لـەغـەدرو لـەزوڵـم هـەڵكێـشراو ئێـستاش نـاتـوانم دان بەخەونێكدا بنێم كەئاراستەمئەكا بەرەو هێڵەچەماوەكانی پیریم و ڕۆژەنوقڵ ئاساكانی منائیم. ڕوحیش تەنها ئەو ساتانەپشوو ئەدات كەلەژێر سێبەری خەونێكی نێرگزیدا بنوێ.**

**لەسێبەری داری خەون مەودای نێوان دڵی من و هەناسەكان چركەیەكە. لەچركەیەكدا ڕەنگەببم بەخوا و پەیكەرێک بۆ دەسەڵاتەبێسنوورەكانی غەریبی دابنێم، یان دەشێ ببم بەمەملەكەتێک لەنەحس. لەچركەیەكدا ڕەنگەنەخشەی نیشتمانم لەسەر ئەم كەونەبكێشم. لەوانەشەوەک تینوویەک دوایین قەترەی تەنیایی بنۆشم. لەو چركەیەی لەسێبەری داری خەون ڕائەكشێم جەستەم لەدوا گۆرانی ماڵئاوایی ئەتوێنمەوەو ئەبم بەسێڵاوێ لەنەرمەئارەقەی عاشقێ.**

**٢٠٠٤**
**كەنەدا**



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولآ سلێمان (مەشخەڵ)

## نەخشەی شارێک نقووم لە شیعر و هەتاو

**شارێک هەیە خانووەكانی ئێنجانەن و**
**كۆڵانەكانی لە وشەن**
**هەر لەدەستەڕاست عیشقەوە**
**ژووری تیایە پڕ لەشیعر**
**ژووری تێكەڵ لەباران و لەگۆرانی و تێكەڵ لەخەون**
**ژووری تێكەڵ لەپۆترەیتی سەفەر و "با"**
**ژووری لێوڕێژ لەهەناسەسواریی تابلۆی سەر دیواری كۆچی هەور**
**لێوڕێژ لە چرای بەرتەسكی نێو باخەڵی شەوێكی كورت**
**لەبەردەم بالكۆنی خەم و لەلای فوارەی خۆشەویستی**
**ژووری تیایەساڵ دوانزەی مانگ**
**كەوتۆتەشوێن كچی شیعر و**
**لەگەڵ شەودا سەما دەكا**
**لەئەودیوی دەرگاكانی خەیاڵەوە**
**ڕووبارێک لەوێنە هەیەهەمیشەسەوز**

**پڕ لە پەلکەزێڕینەی خۆرئاوابوون و شەڕەتۆپەڵی پیاسەکانی چێشتەنگاوان**
**ڕووبارێک سەرخۆش بەشیعر و بەژن و بەشەراب و جوانی**
**لەئێوارەی مەنفایەکدا..عەشق**
**لەچاوەڕوانی فڕینە غوربەت لێداچۆڕاوەکان**
**چەپکەخەونێک لەجیاتی گوڵ**
**ئەنێرێ بۆ کچەتۆراوەکانی تاراوگەم**
**لەئەودیوی کۆڵانەکانی بارانی هەتاوەوە**
**ماڵێک هەیەلەگزنگ و ئێوارەیەکیش لەسەحەر**
**ئێوارەیەک  تیایدا ئەوین لەسەر یەک پێ تا سپێدە**
**بۆنی وشەتەڕەکانی ژیان دەکا**
**ئێوارەیەک خۆر نایەوێت ئاوا بێت و**
**چاوی ون بێت لەکیژەڕووتەکانی بەر زەردەپەڕ و**
**لەچیرۆکەبۆندارەکانی غەریبی**
**ئێوارەیەک نایەوێ تەسلیم بەشەو بێت**
**ئێوارەیەک لەنێو ڕەنگەمەخمەلییەکانی جوانییەوە**
**شیعر لەخۆی دەئاڵێنێ و ڕوەو هەتاو**
**پشت دەداتەسەکۆی خەون و**
**لەبازدان و لەتریقەی بەهەشتییانەی ژن ئەڕوانێ**
**تابلۆی خەونێک دەداتەبەر تیلەی نیگا و دەبینێ کە**
**وشەتیایدا ئەستێرەیەو ئەکشێ بەرەو قوببەشینەکانی گەردوون**
**منیش لەنێو ژوورێکی تەنیا لەهەتاو**





**خەریکم تابلۆی وەرزەکانم ئەکێشم**
**خەریکم شیعر ئەکەم بەوێستگەی پەڕینەوەلەزەریای ڕۆژێکی تازە**
**لەسەرووی دار سنەوبەرە چەماوەکەی بەری ئەوبەری تەنیایی**
**باڵەخانەیەک وەستاوە لەپێشوازی شیعر و وشە و**
**خاڵییەلەفەلسەفەکانی بوون و**
**لەوێنەکانی مردن و**
**لەئایاتەکانی سەفەر**
**لەسەرووی کۆڵانی سەفەر، دارێک هەیەلەتریفە و**
**ماچێک هەیەلەشیرینی و**
**پێکەنینێک هەیە لە ئاونگی خەم و**
**شاعیرێک هەیەلەخەون**
**پێش پێچکردنەوە لەبەردەم ئێوارە سەرخۆشەکانی بوون**
**کۆڵانێک هەیەپڕ لەکچ**
**شەقامێک هەیەلێوانلێو لەسرووتەناسکەکانی دڵپەرستی**
**باغێک هەیەپڕ لەماچ و**
**دڵێک هەیەلێوڕێژ لەعەشق.**

**ئازاری ٢٠٠٨**
**کەنەدا**

# وردەوشەکانی دڵ

## خۆکوژی

**"با"یەک لەسەر پردێکەوە**
**خۆی هەڵدایەنێو قۆمەتێک لەتەڵاشەبەرد**
**چۆن نەیتوانی پەنجەبدات لەدەست و پلی ئەو هەورانەی**
**عاشقانەڕەدووی کەوتوون.**

## DNA

**چرایەک بەر لەداخستنی دوایین دەرگاکانی عومری**
**لەDNA یدا پێی دەڵێن : نەسەبی ئەو تاریکییە**
**ئەویش ماچ و تێبینییەک لەگەڵ تەرمەکەی جێدێڵێ.**



بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولَلا سلێمان (مەشخەڵ)

## پەناهەندە

**شەقامێک لەپێکەنینم لێ هاتەپێش**
**دیم بەپەساپۆرتی ساختەوە**
**خۆی بەنیشتمانی خەونێکم ناساندووە.**

## مەحاڵ

**کەمنداڵ بووم حەزم دەکرد زوو گەورەبم**
**کەگەورەش بووم دەمەوێ منداڵ ببمەوە**
**لەم نێوەدا مەحاڵێک هاتوچۆ دەکات.**

## ترس

**لەشەواندا بەدزی گڵۆپێکەوە**
**لەکەناری خەونێکمدا دادەنیشم**
**بەڕۆژیش بەدزی سێبەرێکەوە**
**خۆر دەنێمەباخەڵمەوە**

## بۆن

**من بەباران کیشوەرێک لەنائومێدی ئەمخواتەوە**

نەکۆچ نەگەڵای وەریو و نەسەفەر
ئەو بۆنەم لێ ناسەننەوە
کەبەهارێک پێی بەخشیووم.

### Stop

بە(Stop)ێک هەرچی نەخشەی
مانگ بوو لەچاو کوژایەوە
من تریفەم لێم زویر بووەو
ئەستێرەبارانم مەکە

### هەڵاژان

سەرم بەسەر سەرینی شەپۆلێکدا داداوە
باڵای خەویشم دار گەزێکەفرەبڵند
لەسەر سینگی ئەم دەریایە
هەڵاژان لەخشتەی بردم

### کاپتن





یاخی بووم لەفڕین لەگەڵ هەورەکان و
سەفەر کردن بەئاسمانەکانی خەونا
چۆن دەمەوێ خۆم سەروەری فڕین بم و
ئەستێرەکان کۆبکەمەوە

### تەمومژ

بەفرم قەت خۆش نەویستوە
ئەندێشەی ئاوێنەیی تۆ
تەمومژی ئەم عیشقەی لا ڕەواندمەوە

### تەرم

خۆرێک لەگۆرانی وتن کەوت
کەتەرمی تیشکێکیان بردەبەردەم عەرشی

### گریان

ئاو ناگریی
تەنها ئەو ساتانەنەبێ
کەهەور و "با"لێک دەئاڵێن

**داڵدە**

**لەشەوێكی سپی و ساردا**
**ماچێكی بریندارم داڵدەدا**
**كەڕۆژ بۆوە**
**دڵدارێكم دی ئەگەڕا بەشوێنیدا**

**ئیرەیی**

**لەشیعرەوەلەدایك بووم**
**بۆیەدایكم هەتا مردیش**
**دێرەشیعرێكی خۆش نەویست**

**خواردنەوە**

**لەنێو هەرا و زەنایەكدا**
**بێدەنگییەك بەمەلوولی ئەیخواردەوە**
**لێی چوومە پێش**
**تەرمی گەلایەكی دڵداری نیشاندام**

**گوناه**





**كچەكانی خۆشەویستی سكپڕ سكپڕ**
**یەكی دەستی گەردەلولێكیان گرتبوو**
**ئەچوون گوناه پاككەنەوە**

**مەسج**

**خەریتەیەك لەباوەڕ و**
**نیشتمانێكی پڕ ڕێگام لێ ونبووە**
**دوێنێ وەختێ چوومەوەماڵ**
**مەسجێكی پڕ لەسۆزیان بۆ دانابووم**

**دەفتەر**

**هیچ دەفتەرێك شیعری عەشقم ناگرێتەخۆ**
**كەچی دەفتەری تەمەنم**
**پڕەلەهۆنراوەی ئەوین**

**سوریالییەت**

**بەدوو هێڵی یەكتربڕ و**
**دوو دڵۆپەبۆیەی سوور و**
**چەند خاڵێكی سەرگەردانی ناو تابلۆیەك**
**"پیكاسۆ"یەك هاتەدووان**

**مێریدیان**

**ڕۆحم لەبەر هەناسەی ماچی شاراوەت**
**لێوی حەزی تەڕ ئەكات و**
**شەبەقێک لەمیهرەبانی**
**دەبا بەرەو میریدیانی خۆشەویستی**

**ژەنین**

**پایزێکی ڕدێن سپی لە پارکێکدا**
**فلوتی بۆ کەنارییەکی شاعیر و**
**نەوڕەسێکی کۆنەزیندانی لێدەدا**

**پرسە**

**ئۆرگازمی کچێک بەدزییەوە**
**لەڕۆخ پرسەیەکی قاچاخ دۆش دامابوو**
**ئەیڕوانییەجەستەیەکی بەرد بارانکراو.**

**مارسی ٢٠٠٨**
**کەنەدا**

**تێبینی : ئەم شیعرەلەڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٢٧٧ ی ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوكراوەتەوە.**



به باوەشێك له فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)

# ڕەشستان

**بەهاوڕێتی ڕەشەبایەکی بزێو و سەرابێکی گەروو تینوو**
**چوومەدیداری نێرگز و سێبەرەچاو سەوزەکان و**
**پایزێکی وەنەوشەیی**
**خۆر مات و کز لەدیمەنەڕەشەکانی بوون دەیڕوانی**
**باران ڕەش و**
**سەحەر ڕەش و**
**تەماشاکردنیش هەر ڕەش**
**نەوڕەسەکان عاشقانەوورد ئەبوونەوەلەچاوم**
**سێبەرەکان شاعیرانە پێئەکەنین**
**تەمێکی ڕەش.. هەر وەک نووتەک..چاوی کردمەنێچیری خۆی.**
**لێرە..ڕەنگەکان بوونەتەکۆیلەی خومخانەیی و قەتران**
**سایەبۆتەخۆڵەمێش و حەزیش بۆتەقەرەبرووت**
**سەراب.. مانتۆیەکی ڕەشی لەبەردایەو**
**ڕەشەباش سەرپۆشێکی ڕەش!**
**لەڕەشستان گریان بۆ بەردێکی ڕەش و**
**ئێسک و پروسکی ڕزیوە**
**لای ئێواران.. دەمەو عەسر لەکۆڵانەڕەشەکاندا**
**پۆل..پۆل خونچەی ڕەش دێنەدەر**

**پایز بەڕیشیکی تەنک و جگەرەکەی لا لێوییەوە**
**گەڵا وەریوەکانی خۆی ئەژمێرێت و**
**لەژێر چاویلکەیەکی ڕەش**
**دوا سرووتی ماڵئاوایی ئەخوێنێت و**
**ئینجا پەنچەرەیەکی سامناکی ڕەنگ پەڕیوو**
**کرێوەیەکی لاوازی لەڕۆژنامەیەک پێچراو و**
**منارەیەک دوعا و نزا لەجانتایەکی ڕەش ئەنێ و**
**زەردەپەڕ فەللاقەئەکا**
**ڕەشتان بیریکەبێ بن**
**فەرهەنگێکەتەنها و تەنها ڕەش ئەناسێ.**

**بمخوێنەوە..من دوعایەکم لەغەدر و**
**سورەتێکم لەتەنیایی**
**پێنانێم لەدوو کەرتبوونی وێنەئاوییەکانی دڵ و**
**نغرۆ بوونی کەشتی هەناسەقووڵەکان**
**حاشاناکەم لەسێبەر و خۆر و سەراب**
**بمخوێنەوە..شاعیرانەبمخوێنەوە**
**کەون ئەبم ئەوا لەنێو برژانگی چاوێکی ڕەشا**
**خەریکی دەسکەنەکردنی تریفەم و**
**ئەو کاتەی بێدەنگیش ئەبم**
**ئەوا لەنێو باوەشی گەرمی عاشقێکی بێبەشا**
**گرێبەست ئەکەم لەگەڵ پەپوولەو جوانی گەنمڕەنگا**



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زوير ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**کەگریاشم.. ئەوا لەگەڵ ڕیزەگەڵایەکی پاییز**
**لەبەردەم توحفەی تاریکی کڵاوەکەم دائەکەم و**
**دێمە سەرچۆک بۆ ئاوازە خنکاوەکانی ناو دەنگا**
**بمخوێنەوەشاعیرانەبمخوێنەوە**
**نیشتمانەقەترانییەکەی خەون و خەیاڵ.**

**ئابی ٢٠٠٢ و لە٢٠١٠ داڕێژراوەتەوە**
**تاران - ئێران**

## سەرنشینانی ئەو کەشتییەی ڕۆژێک ناوی لێنرا زەمەن

دێین و دەڕۆین
دەڕۆین و دێین
وەکو کشانی ئەستێرەو
تووڕەبوونی جاویدانەی زێوانەکانی غەریبی
وەکو گەردی بەباداچووی خۆڵەمێشی داری خەون
دەڕۆین بەرەو نیشتمانێک لەتاریکی
نیشتمانێک خاڵی لەوەسوەسەی دەنگ و
لەگۆرانییەنهێنییەکان
وەک عاشقێک بەسەر پشتی کەشتییەکەوە
وەک کەشتییەک بەسەر پشتی شەپۆڵێکی فێگرتووەوە
پەنجەکانی ڕۆژگارەکان ئەبڕین و
دەرخواردی نەهەنگەکانی سەفەری دەدەین
قژی تەمەن هەڵئەپاچین و
دەیدەینەدەم گەردەلوولەکانی خەم و ڕێکەوتەوە
دەڕۆین وەکو دۆڕاوێکی بەسەلیقەلەبەزین و هەڵاتنا
پشت دەکەینەدەرگاکانی خۆشەویستی
لەباخچەکانی مەنفاوەئەستێرەکان ئەژمێرین و
بەڕێگاکانی شەوەوە
ئەچینەوەسەر دەروازەکانی مردن
ئەچینەوەبەردەم زەمەنێکی کاڵ و بێئاگا لەسەفەر و





وەرینی وەرز و فڕین بەسەر ئەبەدییەتدا
دێین و دەڕۆین
دەڕژێین بەسەر ڕۆژگارەکان
وەکو ڕژانی تریفەی شەوەسپییەکانی عومر
وەکو ڕژانی ئاونگی سەر گەڵاکانی فەنابوون
دەڕۆین و دێین وەکو مەرگی چاوەڕوانی
وەکو نیگاری سووتانی لاپەڕەکانی تەمەن و
سوتووی چاوەخەواڵووەکان.
لەباخچەکانی بوونەوە، تەمەن مۆسیقای سیحرێکە
قەشەنگ لەچەشنی نووتەک و
لەبێدەنگییەکی زاڵمدا، کەمانچەی حوزن لێئەدا
لەنێو زەریای زیندەگییەوە، بەسەر پشتی کەشتییەکی گەشتیارەوە
دەڕۆینەبەر پەڕینەوەلەنهێنییەکانی مەرگ
دەڕۆینەنێو خاڵیبوونەوەلەگەمەو کایەکانی سەفەری هەتاهەتایی
ئەی عومر ئەتۆ چی دیت جگەلەجوانییەکی ڕەها
تۆ جگە لەشەرابێکی سەرمەستانەی دەستی مردن
جگەلەمیحنەتێکی بێسنوور هیچی تر نیت.
دەڕۆین و دێین
وەک هاتوچۆی شەووڕۆژی ئەم ئەستێرەبێخاوەنە
ڕێک هەروەکو کۆچی باڵندەوەرزییەکان
دەڕۆین دەبین بەگەردی تۆز و ون دەبین
ڕوحمان دەبێ بەشەونمی ڕۆژێکی دی و
بەقەراغی باغەکانی بوون دێنەوە

دەڕۆین و خەونەکانمان دەفڕن
جوانییەکانمان وەک پاساری لەسەر چڵی داری ئەسەف دەنیشنەوە
کەدێینەوەش، جوانی و خەون چاوەڕوانن
بیاندەینەبەر نیگاکانی لێواری کارەسات
دەڕۆین وەکو گەردی تۆز و
دێینەوەهەروەک دڵۆپێک لەدەریاکانی ڕووناکی.
ئێمەلەنێو زەمەنێکی خەوتوو دەڕۆین
بەلێواری سبەینان و سەحەرەکانی ڕۆژگارا
بەڕێگا لوول و پێچەکانی ڕەهایی،
بەتاریکی ئەپەڕینەوەو هەر ئەڕۆین
لەکوچەکانی فەناوەدەڕۆین بەرەو دۆڵەکانی ئەبەدییەت
بەرەو کێڵگەهەتاهەتاییەکەی زەمەن
کەڕۆیشتین زەمەن ئیتر چاولێک ئەنێ و
شوێن دەبێتەسەرابێکی ئەفسانەیی و
جوانی و خەونیش بەگەرد و تۆز
کەدێینەوەبەسەر پشتی گالیسکەکەی وجودەوە
بۆنی گوڵی ژیان دەکەین
خۆمان ئیتر دەبین بەپارچەیەک لەخەون و
بەشەبەنگێک لەزیندوێتی و
دەبین بەشارێک لەجوانی.

٢٠٠٨-٠٤-١٢/١١

کەنەدا

تێبینی : ئەم شیعرەلەگۆڤاری"هەنار" ژمارەی ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە.





## ئێوارەیەک تیایدا دەگەڕێمەوە

ئێواران من دەمامکی پیاسەکانم لا ئەدەم و
لەگەڵ سنەوبەرەکانی تەنیاییدا، چیرۆکەکانی عەشق ئەخوێنینەوە
باوکم یاری بەگۆپکەی مەمکەکانی مانگ دەکات و
کەڵەپەنجەی خۆی دەمژێت.
ئێواران دەچم بەرەو پیری دایکم
کەزەمبیلەیەک خەفەتی لەسەر شانەو لەناوەڕاستی کۆڵانا لێی وەردەگرم
بەدەم هەناسەسوارییەوەدەڵێت " مەعز بۆ خوا ئەوەلەکوێن "
ئێواران شەقامەکانی خەیاڵم پڕن لەگڵۆپی ڕەش و
لەگۆڕستانی هەڵگێڕاوەو لەباخچەی پیر و هەتاوی نەخۆش
ئێواران گۆرانیم بیر دەچێتەوە و دەبم بەپیاوێک لەتەم و
پیاسەیەکی بێ دایک و باوک هەڵئەبژێرم و
بەجووتەدەچینەسەرووی دوکانەکەی مەلا ڕەحیم و (١)
کیلۆیەک عەشق لەعەزەخانم ئەکڕین.(٢)
سوراوێک بۆ کۆتری خەم و
ستیانیش بۆ کچەکانی خەیاڵم
من ئێوارانم شارێکەقەرەباڵغ
پڕەلەڕێبواری مردوو
پڕەلەعەشقی سەرگەردان
پڕەلەخۆشەویستی شەکەت و

په‌ڕه‌له‌گۆمی خنكاو و(٣)

په‌ڕه‌له‌چاڵی غه‌در و  په‌ڕه له‌پیری بێكه‌سیی

من ئێواران به‌ناسنامه‌ده‌چمه‌ده‌رێ

له‌جیاتی هه‌ویه‌ی ته‌له‌به

دڵی چۆله‌كه‌یه‌ك ده‌كه‌مه‌گیرفان و

به‌خه‌ونێكی ساده‌و ساكاری منداڵیم

قژی سپی قه‌سیده‌یه‌ك داده‌هێنم

•دایكیشم له‌ولاوه‌ده‌ڵێ"یاڵلا خێر بێ،دیسان بۆ كوێ؟،به‌م ئێواره‌خۆڵه‌مێشییه

•با سێبه‌ره‌كانت نه‌به‌ن بیده‌نه‌ده‌م ئاوی دیجله"

•باوكم هه‌ر ختووكه‌ی مانگ ده‌دات و كه‌ڵه‌په‌نجه‌ی خۆی ده‌مژێت

•دیسانه‌وه‌دایكم جه‌سته‌م ئه‌نێرێته‌بازاڕه‌كه‌و ده‌سكێ كه‌ره‌ویسی ده‌وێت

•منیش ڕوحم له‌نێو ئه‌و ئێواره‌یه‌دا

•گوێ له‌مه‌رام و له‌سكاڵا و له‌گله‌یی و گازانده‌ی شه‌قامێك ده‌گرێت

•له‌گریانی گوڵێكی ژاكاو ئه‌ڕوانێ و

•فرمێسكی ماسییه‌ك ئه‌سڕێت

•خه‌ونێك بۆ پاسارییه‌ك لێك ده‌داته‌وه

•سه‌یری ناو له‌پی كچێكێ پۆلی دووی ناوه‌ندی ده‌كات

•گینگڵی قه‌یره‌كچه‌كان ده‌ژمێرێ

•كاتژمێرێ له‌سه‌ره‌ی پاس ده‌وه‌ستێت و

•جگه‌ره‌یه‌كیش له‌وه‌هم به‌با ده‌دات





•ئێواران ڕوحم له‌سه‌ر كۆڕنیشی ته‌نیایی عومرا داده‌نیشێ و

•چیلكه‌ی گزنگ له‌عه‌ردی خه‌یاڵ وه‌رئه‌دا و

•هه‌ستی ده‌داته‌به‌ر نوری خۆشه‌ویستی

•من ئێواران له‌نێو تابلۆیه‌كی دالی ده‌گه‌ڕێمه‌وه‌لای غوربه‌ت(٤)

•له‌باڵه‌خانه‌كانی سه‌رما چه‌ند پشكۆیه‌ك له‌گۆرانییه‌كی خنكاودا هه‌ڵده‌گرم و

•دێمه‌وه‌به‌رده‌م بارینی گه‌ڵاكانی یاده‌وه‌ری

•دێمه‌وه‌سه‌ر كه‌لی سێكانیان و ئه‌گریم(٥)

•دێمه‌وه‌و گشت دووشه‌ممه‌كان وه‌ك ڕۆژنامه‌لوول ئه‌كه‌م و ده‌یخه‌مه‌بن باڵی زه‌مبوور

•قه‌ڵه‌متۆزێكی نه‌ونه‌مام ده‌نێرم بۆ سینی و زه‌رف(٦)

•شوێنی ڕۆژه‌كزه‌كانی ساڵه‌ڕه‌شه‌كان هه‌ڵده‌گرم و بیرێكی خێرله‌خۆ نه‌دیوو ده‌دوێنم

•من ئێواران له‌نێو گۆرانییه‌كی ئێوه‌وه‌دێمه‌وه

•له‌شیعرێكی شاعیرێكی نه‌ناسراوه‌وه‌دێمه‌وه

•له‌جاده‌كانی خه‌مه‌وه‌قردێله‌ی خه‌ون ده‌ده‌م له‌قژی كچانی ڕه‌نگپه‌ڕیوی گه‌ڕه‌كه‌كه‌م

•من ئێواران به‌ده‌م كۆكردنه‌وه‌ی گزنگی ڕژاوه‌دا

•ئه‌هاتم له‌سێبه‌ر دارێكی سه‌ر بۆزدا

•یاداشتی چه‌ند گه‌ڵایه‌كم ئه‌نووسییه‌وه‌و

•دواتر ده‌ستم ده‌خسته‌نێو گیرفانی قاپووتی خه‌یاڵ

•ئه‌وسا ئه‌چووم لای سێبه‌رێكی دڵشكاو

•گوێم ئەگرت لەهەیاران و مەیارانی منداڵانی نێو کۆڵانەتەنگەکانی خەونەوەنەوشەییەکانم

•" هەیاران و مەیاران

•یاخوا ئازادی دابکات

•بۆ فەقیر و هەژاران"(٧)

•پێش تاریکیش بۆ ئەوەی دایکم لێم نەڕەنجێ

•ئەهاتمەوەسەر کۆلانەڕیشنەکەی شارەکەم و

•نیو سەعاتێک لەگەڵ کوڕ و کاڵی گەڕەک

•چەپڵەمان بۆ کۆترەکانی خەم لێدەدا

•ئێواران دەبووم بەگەڕیدەی خەیاڵ و

•لەسەر عەرەبانەی عیشق مورووی ڕەنگاوڕەنگی خەون و

•کلوکلدانی خۆشنوودی و

•سابونی بۆن پڕ ئازادی و

•مەجلەمەی خۆشەویستی

•خەنەی خۆزگەو قەنەفڵی هیوا و ئاواتم دەگێڕا

•خەیاڵەخەیاڵەخەیاڵ

•خەیاڵی پەڕینەوەبەسەر پردی فەنا

•خەیاڵی دانووسان لەسەر مێزی پیریی

•خەیاڵی سازشکردن لەسەر عیشق

•ئێوارانێک تیایدا دێمەوە

•گەر کەسێکتان بینی چاوی مانگ دەڕێژێ ..ئەوەمنم



بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زوێر ماچ دەکەم............ عەبدولآ سلێمان (مەشخەڵ)

•گەر "با"یەکتان بینی هێمن یاری بەقژی کچانی خانزاد و یانزەی ئازار و جمهوری دەکات..ئەوەمنم (٨)

•گەر لەسەر مێزی یانەیەک لەشەوێکی فرەسەرخۆش

•گۆرانییەک بۆ سەر بەرزەدارێک فڕی..ئەوەمنم

•گەر تیشکێکی وەنەوشەیی خۆی لەفولکەی ئەحمەدی خانی وەردابوو ..ئەوەمنم(٩)

•گەر بارانێک لەچلەی هاوین دایکرد و

•تەزرەکوت خاکی قەسپۆکی ئێرەی کوتا ..ئەوەمنم

•ئەگەر شەوێک لەدەنگی شیعرێکی دڵتەنگ هاتنەخەبەر ..ئەوەمنم

•ئێوارانێک تیایدا دێمەوەهەتا ماچی یەکەبەیەکەتان بکەم.

٢٠٠٨/١٢/٢٠

کەنەدا

**ژێرنووس :**

- پیاوێکی ناسراوی شاری کەرکووکەو بنیادنەری گەڕەکی ڕەحیماوەیە.
- پیاوێک بوو لەڕێز و خۆشەویستی.
- هێمایەبۆ گۆمەخنکاوەکەی پشت گۆڕستانەکەی ڕەحیماوە.
- مەبەست سلڤادۆر دالی هونەرمەندە.
- کەلێکە (زنجیرەگردێکە ) دەڕوانێتەسەر گوندی سێکانیان و گێڵگەنەوتەکانی باباگورگوڕ.
- یارییەکی دێرینەلەشەوانی مانگی ڕەمەزان گەرموگوڕییەکی زۆر بەخۆوەدەبینێ.
- پاڕانەوەیەکی فۆلکلۆری-ئاینییەبۆ بارینی باران.
- سێ قوتابخانەی ئامادەیی کچان بوون لەکەرکوک.
- فولکەیەکەلەسەر بەرزاییەکانی گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا لەسەر ڕێگای کەرکوک – هەولێر.

**تێبینی : ئەم شیعرە لەرۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٤٠٩ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە.**





## ئای کەچەند تەنهای نیشتمان

**- ١ -**

**ڕۆیشتن و یەکەیەکەبەسەر برینەکانتەوەبەجێیاندەهێشتی**
**گۆرانییەکان کۆچیان ئەکرد و ئاوڕیان لێت نەئەدایەوە**
**باوەڕەکان سەری خۆیان هەڵئەگرت و**
**لەو دیوی گردەکانی نائومێدییەوە**
**خەریکی سڕینەوەی فرمێسکەکانی دابڕان بوون**
**چەند ساڵەڕۆیشتوون بەبێ ئەوەی نامەیەکت بۆ بنێرن**
**بەبێ ئەوەی بەبێدەنگی شیعرێکت بۆ بنووسن یان داستانی خۆشەویستی**
**خۆیانت بۆ بخوێننەوە**
**لەتاراوگەوەپێک لەدوای پێک بۆ مەحفبوونەوەی عەشقت هەڵدەدەن و**
**قانکی جگەرەکانیان لەنێو پەنجەکانیانەوەفڕێدەدەنەسەر ڕێی**
**گەڕانەوەیان و پێی لێدەنێن**
**یادەکانیان سواری پشتی پیکابێک دەکەن و**
**بێماڵئاوایی دەینێرن بۆ هەرێمەسارد و سڕەکانی غەریبی**
**دەمبینین دەست بۆ تاڵەگزنکێک لەئومێد دەبەن**
**بەقامکەکانی خەیاڵ ئاوی دەردراوی نێوچەوانی هیوایەکیان دەسڕییەوەو**
**بۆ پشووش دەچوون ڕوخسەت لەسێبەرەکان، لەزێوانەبازوو و مەچەک**
**ئەستوورەکان بخوازن**

**ئـــای نیـــشتمان چـــەنـــد بـــەتاســـەوەلـــەكـــەنـــار**
**ئێوارەخەونێكەوەدەتڕوانییەلەدایک بوونی ئەستێرەكان**
**چەند بە پەرۆشەوەدادەنیشتی و بەنیگایەگی غەمبارانەوەلێت دەڕوانین**
**چۆن لەخودا و لە پەیكەرەكانی ئومێد ڕادەمایت و**
**ئانیشک دەدایەوەسەر بالیفی شەكەت و حەسرەت و خەفەت**
**نامەت دەنووسی بۆ باڵندەزیزبووەكان و پێیانت دەگووت " لەتەنهایی**
**خۆمەوەدەچووم سەری ڕێگاكانم پێكەوەگرێ دەدا و**
**جوگرافیای خەونەكانم تێكو پێک دەدا و**
**هەر بۆ خۆشیش نەفرەتم دەسوایەسەر و ڕیشی خەون فرۆشەكان"ئەوانەی**
**خەون و ئازادی بەدوژمنی یەک دەزانن**
**پێیانــت دەگــووت" ڕۆژ نــەبــوو لــەبــەردەم تۆفــانی چــاوەڕوانیــدا**
**نەبمەكەشتییەكی بێ چارۆكەو غەرقی نقوومی تاریكی نەبم.**
**ڕۆژ نەبوو نەدرێمەبەر نووكەچەقۆی خیانەت**
**ڕۆژ نەبوو نەكرێمەنێو قوتوویەكی ئاڵو والاو نەبردرێم بۆ كۆشكەكان و**
**نەكرێمەدیاری بۆ ژیان كوژەكانی ئەم هەرێمە" .**

**- ٢ -**

**ئای نیشتمان چەندەبەتەنهایی ئەدوێیت**
**چەندەتەنهایت وەختێ باسی تەنیایی خۆتمان بۆ ئەكەیت**
**میلۆدییـــەكـــانی ماڵئـــاوایی بـــەخـــشپەوەئـــەچـــوون لـــە پـــشت گـــەڵا**
**بەئەزموونەكانەوەخۆیان حەشاردەدا و**





**سەرەتاتكێیان دەكرد كە كەینێ دەدەی لە پڕمەی گریان**
**چ فەنتاسیایەكی بێ ئۆقرەیەكچان لەسەفەری نیشتماندا بشێوێنن و**
**سنگیان دادڕن و مەمكاكەنیان بەربدەنەبەر لەوەڕی چاوەبرسییەكانی**
**كوڕوكاڵی قەدەر**
**بەدڵی پڕ لەكەسەرەوەدەستیان گرتیت و بەهەمەرێكی خیانەت كیسەی**
**زوڵمیان لەسەر نایت و بردیانیت**
**بۆ كیشوەرێک نامۆ بەكانی و بەتاقگەو بەفر**
**نامۆ بەڕووبارێک لەخوێنی وشک و برینگی خەیاڵ**
**نامۆ بەسەفەری تەژی لەجوانی و لەڕسكان**
**ئای كەچەند تەنهای ئازیزم ،ئەی نیشتمان**
**لەتەنیایی تۆوەئەستێرەكانی ئاسمانم دادەگرت و، لەسێبەری ڕژانی**
**تریفەوەفێری سەربڕینی متمانەكان و گومان بووم**
**وەختێ لەقەراغ خەونێكتا پیاسەدەكەین**
**وەختێ قۆڵی چەپت دەكوتی بەدڵ و تیر**
**لەمسەرەوەناوی خۆتی لێ دەنووسی و ، لەوسەریشەوەئازادی.**
**لـەو وەختـەیـا ئێمـەش دەبـین بـە پۆلـەخـەونێـک و دەفـڕین بـەسـەر**
**كۆشكەخۆڵەمێشیەكانی هیچدا.**
**دەفڕین بەسەر تارماییەكانی نغرۆ بوون**
**چەندەتەنهای..ئەی ماڵەكەم تەنهاتری لەچایخانەقەرەباڵغەكان**
**لەڕۆژنامەبێكەسەكان**
**لەشیعرەبێ شاعیرەكان**
**ژوان لەگەڵ دەریا تینووەكان دەبەستی و**

**بەقەڵەمبڕی تەنیایی سەری لوولەقامیشێکی نێو زەلەکانی شیوێکی پڕ**
**لەشیعر ڕێکدەخەیت و**
**چوار پێنج کونی لێدەردێنی تا مۆسیقایەکی غەمگین بچرپێنی بەڕوحی**
**فەنابوونەوە**
**تا نەشئەیەک بنێریت بۆدەروازەکانی غەریبی**
**ئای کەچەند تەنهای نیشتمان**
**لەدرزی سەرابێکەوەدیم دەگریایت بۆ ڕۆژی لەدایک بوونت**
**کەنەکێکێک لەحەسرەت و نەمۆمێکیان لەخەون بۆت دانەگیرساند**
**دەمدیت دەچوویت پێیەکانت لەئاوی دۆڵی فەنابوون وەردەنا و**
**چاوەکانیشیت دەناردنەکن گوڵەبەیبوونەزەردەکانی ماڵئاوایی.**

**- ٣ -**

**من و سەراب و نیشتمان شەرابێکی چڕتر لەزەیبەقی عومر دەخۆینەوە**
**شەرابێک پڕ لەتروسکەی چاوەفسفۆڕییەکانی خەم**
**پڕ لەبۆنی مەمکی تەڕ و پڕ لەنیگەرانی و ئەفسووس**
**پڕ لەپەح و ئەڵڵای دوای حیکایەتی ئەفسانەدەست و پێ**
**بەستراوەکانی ناخی ئاسمانەکان**
**شەرابێک پڕ لەنووری خوا و پڕ لەسیحری ئافاتەکانی سەفەری بوون**
**و مەرگ**
**لەپەنای ئێوارەیەکدا سەرابییانەلەنیشتمانم دەڕوانی کەعەشتەپای شک**
**نەدەبرد، عەشق نەبێت لەگەڵ جەستەیەکی ماندوو**





**کەنەبە ڕووبار ئاشنا بوو و نەلەگەڵ مانگیش دەپەیڤی**
**ئەو ڕۆژانەنیشتمانم خاکێک بوو پڕ لەوەسوەسە**
**گەڵای بیابانی دەبرد بۆ هەتاو و**
**خۆری دەخستەسەر پشتی گالیسکەی خەونێکی سپی و سادەو بەتاڵ**
**وێنەکانی ئۆقیانووسی لەئەلبومی ئەندێشەوەدەپێچاوەو**
**هێور..هێور بەدیوارەقوڕقۆشمەکانی زەمەندا هەڵدەگەڕا**
**لەفەرزەندەی گەڕان بەدووی خوا حاڵی بووم خۆشەویستی کوچەو**
**کۆڵانەکان تەژین لەتاریکی**
**شەپیوورژەنێک جاوید جاوید لەکۆشیدا دەنوێ و دەبێت بەدڕکەزی!!**

**- ٤ -**

**دەڵێن کەنیشتمان لەدایک بوو**
**خۆر نوتفەیەک بوو لەئاگر، چاوەکانی قەترانی بەدڵەڕاوکێ**
**شیعری منیش چەند وێنەیەکی تەڵخی سەر دیواری سپی خەونێک بوو**
**دڵیشم تەنها لەدەوری مەمکی پڕ و نیگا و بزەو زەردەخەنەقامک**
**قامیشییەکانی بوون سەمای دەکرد**
**کەنیشتمان لەدایک بوو، لەتاریکیی چاوەکانم ڕووناکیان تێدەزایی**
**بەقوماتەی سەفەرەوەنێوچەوانیان بەزەمزەمەی**
**خۆشنوودییەوەتەڕتردەکرد**
**بەسەر باڵی دوعایەکی نێو کتێبێکی پیرۆزدا بردیان بەرەو گێڕانەوەی**
**داستانێکی سەرسوڕهێنەر**

ئاهۆرامەزدا خۆری دەنایەنێو لەپی، تا وەکو دەفژەنێکی خاوەن ئەزموون
نمایشی حەقیقەت بێنێتەبەرچاوی خەیاڵ و
بەپەیژەی وەهم بچێتەسەر ئاسمانەبێکۆتاییەکەی ئەبەدییەت
کەنیشتمان لەدایک بوو، باڵندەکان باڵەکانی خۆیان دەدا
بەفریشتەکانی خودا و
بەپێغەمبەرەبرسییەکانی بەر دەرگای دۆزەخێکی لێورێژ لەبەهەشت
ڕێگاکان دەبوون بەتاڵەقژی ڕەش و سپی سەری پیرەدایکی زەمەن و
گۆرانییەکانی ئەڤینەتەڕەکانی هەتاهەتاش بەئاسمانەوەوشک وشک
دەبوونەوەو
دەوەرینەسەر کێڵگەکانی فەنائبوونەوە.
کەنیشتمان چاوی پشکووت، ئازادی بوو بەقەیرەباڵندەیەکی ئەفسانەیی
و
دای لەشەقەی باڵ و فڕی.. فڕی بەرەو کیشوەرەتاریکەکانی خاڵی
لەهیوا و لەئومێد.
لەدایک بوونی نیشتمان ،لەدایک بوونی خۆشەویستی و عەشقی
فەرزەندەکانی خودایە.
لەدایک بوونی خەیاڵ و من و شیعرە.

- ٥ -

کەلەنیشتمان زویر بووبووم خەونەکانم ئاڵۆسکاو و ئاڵۆز
بووبوون





خۆشەویستی کچەکانم خستبۆوەنێو قوتووەکانی بیرچوونەوەو
لەدەلاقەی ماڵێکی نیمچەتەریکم حەشاردابوون
خەونم تەنها لەچاویلکەی جوانکوژێکەوەدەبینی
ئازادیش ڕووت ورەجاڵتر لەنێو تابلۆیەکی خنکاو دەیویست
دەستی بەچڵەوەهمێکەوەبگرێ.
من ئازادی لەزەردەخەنەی نیشتمان و نیشتمانیش لەنیگای
ئازادییەوەدەبینم.
من سەرخۆشم بەئازادی ئەی نیشتمان وەک چۆن تۆ مەستی
بەخەم و سەرخۆشی بەتەنهایی بوون.

-٦-

ڕۆیشتین و هەموو لەنێو تەمی وەهمی بەهەشتەکانی
تاراوگەوەبووین بەشەونمی ڕژاوی سەر پەلکەگیای ژیان و
بەرەنگی هەڵبزرکاوەوەشوێن کاروانێک لەتەمتومان کەوتین
چاوەفلزاوییەکانمان دەردەهێنا و
بەسەر کەشتی غوربەتەوەخەریکی هەڵخەڵەتاندنی خەونەکانمان
بووین
خەریک بووین خۆمان بەئاوی چاوەڕوانی پاقژ پاقژ دەکردەوەو
هۆش و هەستمان بەزەمزەمەی دڵنەوایی دەشوشت و
لەپارکەکانی بوونەوەسوێندەکانمان وەک جگەرەدەپێچاوەو
دەماننایەسەر لێوی کەسەر و دەگریاین

**وەکو بەفر هەموو ڕۆژێ دەباراین و دەتواینەوەو ڕۆدەچووینەنێو خاکی یادەوەرییەکانی ڕۆژانی پێکەوەبوونمان.**
**هەموو ڕۆژێ لەزەردەپەڕەوەتا سوورەسووری خۆرئاوابوون چاومان لەئاسۆ دەبڕی بۆ بینینی خەونێکی ڕی لێهەڵەبوو**
**بەچ گوناهێک دەسووتێین ،ئێمەی کوڕ و کچانی سەر هەڵەتەکانی تاراوگە**
**ئێمەی منداڵەزیزبووەکانی نیشتمان کەبەم دەردی دووری نیشتمانەوەچووین؟**

**- ٧• -**

**نەنیشتمان گوێی لەگریانی ئێمەیەو**
**نەئێمەش هەست بەبرینەبەسوێکانی نیشتمانەبێکەسەکەمان دەکەین.**

**- ٨• -**

**نیشتمان چامەیەکەو ئێمەلەنێو وێنەڕەنگاو ڕەنگەکانیا ونبووینەو بووینەبەسێبەر**
**بووینەبەزریان هەتاکو لەڕۆژانی خۆڵبارینا**
**نمەنمەئاوی جوانی بڕژێنینەسەر پەیکەرەتۆزاوییەکەی ئەو**
**وەکو تاڤگەش بڕژێینەنێو خەرەندی تەنیایی ئەو**
**نیشتمان چامەیەکەلەڕوحی ئێمەو ئێمەش لەنێو ڕوحی ئەودا ڕۆمانێکین بێکۆتایی.**





**- ٩ -**

**هەتاکو نیشتمان مابێ، ئێمەلەنێو گەرووی گیراوی ئەو دەبین بەگۆرانی**
**تا سەفەر و تا ئەندێشەو شیعر مابێ ئێمەعەشق دەدەین بەسەر شەونمەتەم**
**بەبێ گوناه بەجادەکانی تاوانا ڕێدەکەین و**
**هەوری ئەشکەنجەوەک قاپووت دەدەین بەسەر شانی شاخی بەرزی تەمەن.**
**تا نیشتمان مابێ منیش دەبم بەحیکایەتخوانی خۆشەویستی**
**دەبم بەوێرد..بەسرووتی فرمێسک و بەگریانی لێکدابڕان**
**مۆمی وشەم لەسەر تۆڕێک لەڕووناکی دەدەمەدەست سێبەرەتاریکەکانی شیعرەکانم**
**تا دڵ مابێ نیشتمان قەد بێ زێد نابێ**
**تا زێدیش هەبێ نیشتمان نابێت بەتاراوگەی خەیاڵ.**

**٢٠٠٩**
**کەنەدا**

**تێبینی : ئەم قەسیدەیەلەڤیستڤاڵی گەلاوێژ لە ساڵی ٢٠٠٩ لەشاری کەرکوک بەدەنگی بەڕێز شاعیر و نووسەر کاک دانا عەسکەر خوێنرایەوە.**

## نموونەیەک لە چڕەشیعر

### بەشوێن بێدەنگیدا

**بەشوێن بێدەنگییەکدا دەگەڕێم هەتا بمباتە**
**نێو وێنەنەشۆردراوەکانی تاراوگە. تا لەسەفەر و**
**ماڵئاوایی کردندا دڵ نەسپێری بەچۆلەکەکانی خەون. خەونێک**
**هەراسانم دەکات. منیش دەبێ بچم لەگەڵ**
**پایزێکی سەرخۆشدا پەیمان مۆر بکەم، تاکو گەڵا**
**وەریوەکانی نەبەم بۆ شانشینی ڕەشەباکان. دەبێ بچم**
**بۆ کۆمارەکانی عیشق، لەوێ لەگەڵ کۆچی شاخ و قەڵەمبازی**
**چیاکاندا پۆل پۆل هەور دابگرم و لەسەر**
**چیمەنەڕەشەکانی بوون ڕایان بخەم. دەبێ بۆ دۆزینەوەی**
**دوورگەکانی بێدەنگی بچم لەشکرێک لەسێبەری دڵشکاو و لەگزنگی**
**دڵتەنگ و لەگردۆڵکە بزێوەکانی بنێرم بۆ**





**جەنگەکانی خۆرەتاو. بچم بەگژ هەتاوەکان،ڕووناکی قۆڵبەست**
**بکەم و لەسوچێکی ئەم هەسارەزیندانییەڕۆژی**
**دووجار ئێشکگری خەوی بێدەنگی پێبگرم. دەبێ فەلسەفەکان**
**لێک نزیک بکەمەوە، تا دواجار دەستی**
**خۆزگەم لەسەرچاوم دادەنێم و لەپڕێکا سێ چوار**
**دوورگەی زەرد و سەوز و شین و سوور بەدیار دەکەون. منیش**
**هەرچەندەسەوڵی نیگا توندتر**
**لێدەدەم، کەچی دوورگەڕەنگاوڕەنگەکان هەروەکو**
**سەراب ون دەبن و بەردەمیشم جگەلە**
**پێدەشتێکی زەرد و تەماوی چیتر**
**نییە.**

**٣٠-٠٩-٢٠٠٩**

**کەنەدا**

**تێبینی : Diminishing یان چڕە شیعر شێوازێکە لە نووسینی شیعر. لەم شێوازە شیعرییە دێرەکان ڕۆچوونەتە نێو یەک یان دێرەکان و ڕستەکان لەتکراون.**

**پەخشانەشیعر**

## من پیاوێكم سیخناخ لەتۆ

**تۆ بازبازێنت دەكرد بەسەر سەدەكاندا و دوای هەر ماندوو بوونێكیش لەسەر تەپۆلكەیەك لەگزنگ دادەنیشتی و پەرداخێكت لەبیناییم دەخواردەوە.ئەستێرەت دەخستەژێر باڵ و لەبەردەم گەرەكانی خۆشەویستی وەكو كۆتر هەڵت دەدانەئاسمان. لەدڵۆپەبارانەكانی سەر جەستەی گەلایەكی ماتومەلوول نەخشەی سەفەرەكانت دەدیتەوەو دەتویست بچیت لەهەتاوی هەڵبكێشی. تۆ هەموو كۆتایی هەفتەیەك دڵت دەئێشاندم و لەسەرەتای هەموو هەفتەیەكی نوێشدا دەستێكت دەكردەملم و بەماچێكی زۆر نێرگزیی ئاشتت دەكردمەوە. لەم منداڵبوونەوەیەتدا نەرم نەرم دەگریایت و منیش شەبەنگێك لەخەونەسپی و سادەكانم دەهێنا بۆت، تۆش لەباخچەی یادەوەریتدا داتدەنان و هێدی هێدی شیعرت بۆ دەخوێندنەوە. هەر بەكپیش زۆرجار لەسەر نووكی پێ دەهاتیتەژوورەخەڵوەتەكانی تاراوگەو بێ ئەوەی بێڵی خۆزگەیەك لەخەو ببێ، نیشتمانێك لەعەشقت دەپرژاندەژوورەكەو ئەوجا لەپەنجەرەكانی وەفاوەدڵنەوایی پاسارییەكانی ماڵئاواییت**





**دەدایەوە. من نەرمتر هاتم و تۆم هەڵمژی. نەرمتر هاتم و بۆنم كردی. نەرمتر هاتم و باوەشم كرد بەلوتكەو هەور و سنەوبەرەكانی وەفا. نەرمتر دەدوام و قەڵبەزەكانی كامەرانییم كۆ دەكردنەوەو تاقگەكانی شادومانییم یەكەیەكەلەپاڵ یەكتر ڕیز دەكردن و دەمئاخنینەنێو گیرفانی بوونەوە. كەمن گەیشتمەبەردەم زریانەكڕنۆش بردووەكانی غوربەت، پڕ ببووم لەتۆ. كەگەیشتمەئاست گۆلەلێخنەكانی گومان، پڕ ببووم لەتۆ. كەجەنگی عەشق لوولی دام من تەژی بووم بەماچەكانت. من پیاوێك بووم خودام دەكرد بەگژ قەیرەگوڵەكانی بوون، خودام دەكرد بەگژ چیرۆكەپێخاوسەكانی منداڵی. خودام دەكرد بەگژ بەیداخەشڕ و وڕەكانی خەون. چەند بەنەرمی هاتم و گووتم من پیاوێكم سیخناخ لەتۆ. من پیاوێكم لەشێوەی تۆ. لەخەونی تۆ. من پیاوێكم پڕاوپڕ لەژن بوونی تۆ.**

**٢٢-٠٩-٢٠٠٩**

**كەنەدا**

**تێبینی : ئەم پەخشانەشیعرە لە لاپەڕەی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی كوردستانی نوێی ژمارە ٧١٨ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاو كراوەتەوە.**

**پەخشانەشیعر**

## ئەو- من – ئەو لەخودێکی بێدەنگدا

"ئەو" کەگزنگێکی بەدەستەوەبوو،دەیویست لەچنگ "ئەو"انەکانی تردا هەڵبێت. بێئەوەی ئاوڕبداتەوەڕێگای بێدەنگی هەڵبژاردبوو و گورج وەک چۆن لەژوانێکی زۆر گرنگدا دواکەوتبێ،هەنگاوی دەنا.

"ئەو" مەبەستی بوو "من" لەنوتفی ئەوەوەبێمەدەرێ. دەیخوازی کەلێنەکانی زەمەن بەبێدەنگی پڕبکاتەوەنەوەک لەجومگەی زەمەنێکدا "ئەو" بڕوات و "من"یش نەبمەئەستێرەیەکی داکشاوی بوون. "ئەو" و "من" بازنەیەکی بێدەنگیمان بەدەوری ئەو گزنگەی دەستییەوەکێشا. "ئەو" گزنگەکەی بۆ ڕاگرتم و دایەدەستم. "ئەو" لەپشت وەسیەتەبێدەنگەکانییەوەوەسیەتێکی تووڕەی پێدام. "ئەو" وەستا، وەلێ "من" و گزنگەکەو وەسیەتەتووڕەکەهەر بەهەمان ڕێی بێدەنگی ،گورجتر لە"ئەو" کەوتینەڕێ تا لە"من"ەوە"ئەو"ێکی تر،"ئەو"ێکی نوێ بەبێدەنگی بێتەدەر و هەر هەمان ڕێگەی بێدەنگیش بگرێت.

**ناساندنێکی کورت:**

ئەو... لەبازنەئاگراوییەکانی بووندا بەبێدەنگی سەمای عیشقی دەکرد و چاوێکیشی لەسەر "ئەو"انەکانی بەرلەخۆی بوو.





من... لەبۆشایی نێوان بەفر و ئاگردا ئایاتەکانی بێدەنگی ئەزبەر کردووەو جاربەجارێکیش کەبڕێک ماندوو دەبێ ئانیشکی دەخاتەسەر شاخی بێدەنگی و مژ لەجگەرەی فەنا دەدات.

ئەوی نوێ...لەقەراغ تاراوگەکانی ئەودیو زەمەنەوەدانیشتووەو هەردوو پێی خستۆتەنیو دەریاچەی بێدەنگی وگەمەبەپێیەکانی دەکات و بەدەستێکیشی تەڵەگیایەکی فیراقی هەڵگرتووەو لێی دەڕوانێ. پاشانیش ئەو پارچەبێدەنگییەدەخوێنێتەوەکە'ئەو" بەدەستوخەتی خۆی کەنەخوێندەواریش بوو،نوسیبووی.

بێدەنگبوون لەبێدەنگیدا.. لە"ئەو"ەوەبۆ "ئەو"ی نوێ

لەم بێدەنگییە سەرتاسەرییەدا دانیشتبووم تا هاوارێک بێت لەو ڕووبارەم بپەڕێنێتەوەکەسەرێکی وا بەدەست لووتکەی شاخێکی دڵ کرمێوەیەو سەرەکەی تریشی منداڵان بۆ سواری جۆلانەی وەهم دەبات.

لەمنداڵیدا چەرچەفێکی بێدەنگیان پێدادام و خەوتم. کتێبەکانم دەدیتن پیت و پەیڤەکانیهەڵدەهاتن و بەپرتاو ڕایان دەکرد. زمان ببووەتەمێک و ئەمویست بەچنگ ئەو تەمەدەستەمۆ بکەم.

شاعیرەبێدەنگەکان.. وشەدەبەن لەچاپخانەی بێدەنگیدا دیوانەبێدەنگەکانیان چاپ دەکەن و دەینێرن بۆ خۆشەویستەکانیان تا بەبێدەنگی بیخوێننەوە.

ژنەبێدەنگەکان..ئەو ژنانەی کەبەبلۆکی بێدەنگی مێردەکانیان سەنگەسار دەکەن و بەشوێن دۆستەبێدەنگەکانیان دەکەون تا سکیان بەبێدەنگی پڕ ببێ.

گۆرانیبێژەبێدەنگەکانیش لەسەر شانۆی بێدەنگیدا،بێدەنگترین گۆرانیان چڕی. هونەرمەندەبێدەنگەکانیش تابلۆی بێدەنگیان کێشا.
هەست دەکەم تا دێت زیاتر لەبێدەنگیدا ڕۆ دەچم . بێدەنگ..بێدەنگ لەدڵی ئەم بێدەنگییەوەحشەتناکەوەئەچووم لەجوانی بێدەنگی ورد دەبوومەوەو دواتریش دەگەڕام بەشوێن ئەو وێنانەی لەبێدەنگییەکی ترسناکدا ونم کردن. بەبێدەنگیش کەوتمەسۆراخی کەلێنەکانی زەمەن و وەرینی دواهەمین قەڵای منداڵی تا لەبەردەم ماڵێک لەدەنگ،لەپەنای کێڵگەیەک لەڕووناکی خەریک بووم لەئاوابوونی گردەکانی وەهم و سەما و تەنیاییم دەنۆڕی.
کە"من" "ئەو" و "ئەو"ێکی نوێم لەسەر ڕاستەشەقامێکی گومان و تەم ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە،جەستەی"من" بوو بەشووشەیەکی ڕووناک."من" ببوو بەدوو ڕەنگی زەرد و پڕتەقاڵی."ئەو"ێکی نوێش دیار بوو لەماندوێتی"من" و "ئەو'دا ئەچوو هەموو گوڵەبێدەنگەکانی نێو باخچەی فەنای دەچنیەوەو دەهات دەیداتەدەستی "من" و "ئەو".
هەرکاتێ ئەو- من- ئەو پێکەوەدەبووین هەورەبێدەنگەکان دەهاتنەسەر سەرمان و بارانی بێدەنگییان دەباراند و لەژێر ئەو بارانەدا "ئەو" خۆی تەڕ دەکرد تا لەگوناهی گەورەپاک ببێتەوە. "من"یش دەچێ بەگژ هەورەکاندا و دڵۆپەبارانەکانی هەڵدەگرتەوەو بۆ هەورەکانی تێدەگرتەوەو شەقی لەگۆمەبچووکەکانی بەردەمی خۆی دەدا و هەردوو دەستیشی دەخاتەسەر کەلەکەیی و تووڕەتووڕەڕادەما. "ئەو"ی تریش پێدەکەنێ و شایی و لۆغان ساز دەکات و لەناکاودا لەگەڵ بروسکەی





بێدەنگییەک دونیا سەرتاپا تاریک دەبی و ئەو- من- ئەو دەبن بەسێ چرا و بەبێدەنگی لەو تاریکستان و بێدەنگییەئەبەدییەتەدادەگیرسێن.

ئابی ٢٠٠٩
کەنەدا

تێبینی : ئەم پەخشانە شیعرە لەرۆژنامەی هەواڵ ژمارە ٣٨٧ی ساڵی ٢٠١٠ بڵاوکراوەتەوە.

# چەند وێنەیەکی کەمدوو

## ژوان

من و کۆتری تەنیایی لەسەر پەلکەزێڕینەیەک ژوانمان گرت
ئەو بەدەنووک دەیگماند و
من بەوشەزمانی غوربەتم پڕژا
هەر بەڕووتیش خەیاڵمان لەتەمتومانی ژیان ئاڵاند و
وەک گزنگ ئەوینمان ڕژا

## ترس

ئاوی ئەڤین
لەسەر گۆی مەمکەکانتەوە
ڕژایەنێو گەرووی خنکاوی گومانێک
لێم دەترسای
دەستم بەهرەی مەمکەکانت
ببات بەرەو بێ شەهوەتی بیابانێک.



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## ماچ

سێبەرێکی نامۆ دەستی تاڵەتیشکێکی گرتبوو
دیار بوو ئەیبرد بۆلای هەتاو
تاگازاندەی بزێوی ئەو تیشکەی لێبکات.
ڕوحی عاشقێکی شەیداش بەنیاز بوو
ماچی دڵی پاسارییەکانی گومان و
پێکەنینە تۆراوەکانی بوون بکات

## هەوێن

ویستم لەگەڵ ماچێک بڕۆمەسەر گردێک
ئەو زوو بەرگەی "با"ی نەگرت و
فڕی و چووە سەر لێوی کچێکی هەرزە.
زوو زووش سەر لەهەور دەدەم
پێکێک شەراب لەگەڵ باخچەدەخۆینەوەو
دەبین بە هەوێنی سەمای ژێر باران و بەفر و تەرزە

## ئەستێرەی ون

دەمویست فێر بم وەک چۆلەکە
دەنووک وەردەم لەسەحەر و
تیشکەبەجێماوەکانی دوایین چرکەی خۆرئاوابوون.
بەخەونێکی ئەرخەوانی تۆ ئاشنا بم
کەپڕ بێ لەئەستێرەی ون.

## فەنابوون

لەگەڵ شیعرا چوومەباخچەی خۆشەویستی
ئاوم دەدا بەئەوین و
گوڵم فێری فڕین ئەکرد.
گەڵایەک هات بوو بەهاوڕێم
دەستی بەسەر پایز هێنا و
سکیشی بە خەزان پڕ ئەکرد
تاریکیش هات
من و شیعری پێچایەوەو
بردینی بۆ کەنار زەریاکانی ژیان
لەگەڵ تەنیایی بردینەقەراغی شار
ئەو یادگاری خۆی و هەوری دەگێراوەو





منیش باسی فەنابوونی خۆم بۆ ئەکرد.

## هاوڕێ

لەژێر نسێی ئاگرەوە، لەگەڵ مەرگا بووم بەهاوڕێ
گزنگم کۆدەکردەوە
ئەمدایەخەونەکانی ناو تەم و خەیاڵی ئاوێنە
دڵم نامۆ بوو بەخۆم و
کچەکانی کۆڵانی شارێکی خاڵی لەگۆرانی و سەما و وێنە.

## سۆراخ

بەسۆراخی خۆشەویستی
ژێر ڕووبار و دووندی شاخ و قەراغ هەورەکان دەگەڕام.
نەمزانی ئەم ئاوی ژیانە لەکوێیە
وەختێ ڕوانیمە ناو دڵم
بینیم خۆشەویستیم پێیە

## کڕنۆش

چاوەڕوانی بووەچەتری من و شیعر
من دەسووتام
شیعریش لەبێ ئۆقرەیی من خۆی لە تەنیایی دەگەوزاند.

**قژی هەورەكانی خەمی دەهۆنییەوەو**
**لەسەفەری ڕەشەبادا سەری بۆ خەزان دادەنواند.**

### سووتـان

**من دوو نیشتمانم هەیەدوو نیشتمان**
**یەک نێرگز و**
**ئەویتریشیان كوردستان.**
**ڕەنگەلەنێو ئەو دوو عیشقە ببم بەگڕ**
**گەر بڵێسەم لێوەهەستا بمدەن لەیەخەی سێبەرێک**
**یان بمدەنەدەست ڕۆژگارێکی نووتەک و تاریک و چڕ**

**٢٠٠٨ — ٢٠٠٩**
**كەنەدا**





## ئێمەو مرۆڤ..مرۆڤ و ئێمە
## وێرانەمرۆڤ

**ئێمەمرۆڤی سەردەمی جەنگەكانین**
**خوێنمان ڕەشەوەكو بارووت**
**جەستەشمان كەلاوەیەكەوێران وەكو شارەچۆڵەكانی پاش كۆمەڵكوژی**
**خەونمان تێدا مردووە**
**عیشقمان تێدا كوژراوە**
**وەک ڕانەمەڕ دەستەدەستەبەرەو شەڕگاكان دەنێردرێین**
**ئەكوژرێین..ئەكوژین..ئەمرین**
**دەبین بەسوتماكی جەنگ و شەڕی پیاوەنابوودەكان**
**لەنێو دەچین بێئەوەی كەس بڵێ ئەفسووس**
**بێئەوەی لەگۆڕەپانی قوتابخانەو لەناو كارگەو فەرمانگەكانی هیچ شوێنێ**
**هیچ كەسێک بۆ یەک دەقیقەبێدەنگی ڕابگەیێنێ**
**كڵاوەكانیان لەسەسەر دابكەن و بۆ تەنها یەک خوولەک مات بن.**

*

**ئێمەمرۆڤی سەردەمی بێبەهایین**
**لەنێو تەپوتۆزی جەنگەكان دەژین و**
**خواوەندەكانیش بەجەستەی لەڕ و سیسمان پێدەكەنن.**

**ئێمەین قوربانی دەدەین و ئێمەین دەبین بەسوتماکی سەرکەوتنەکان**
**ئێمەکەمئەندام دەبین و**
**مەدالیای هێمای سەرکەوتن دەدرێ لەسینگی خائین و ترسنۆکەورگ زلەکان.**

❊

**ئێمەمرۆڤی سەردەمی نامۆ بوونین**
**لەگوڵدانەکانی ژیان**
**گوڵی عیشق،گوڵی جوانی،گوڵی بەها و نرخی مرۆڤ ناژاکێنین**
**باخچەکانی خۆشەویستی ناسوتێنین**
**بەسەر پەیژەی جەستەی مرۆڤەکاندا سەرناکەوینەسەر قەڵای بەختەوەری.**
**ئێمەگوڵی ئاشتین لەنێو باخی جەنگدا**
**ئیمەڕووباری خۆشنوودین لەبیابانی ئازار و خەم.**

❊

**ئێمەمرۆڤی سەردەمی قاتوقڕین**
**وێرانین لەبێوەفایی و خۆپەرستی و لەخاچدانەوەی ئازادی.**
**وێرانین لەپشت کردنەمێژوو**
**وێرانین لەهەڵبڕینی ئاوازەکانی تەبایی**
**وێرانین لەداهێنانی ئیبلیسی**
**وێرانین لەسەربڕینی یادەوەری**
**ئێمەی مرۆڤ وێرانین لەدڵشکاندن**
**وێرانین لەداخستنی دەرگاکانی خۆزگەو ئومێد.**





**لەوێرانیدا وێرانین ئێمەی مرۆڤ.**

❊

**ئێمەی مرۆڤی سەردەمی شەرمەزارین**
**سەردەمی جەنگی ئەستێرەو دەستەمۆکردنی ئاسمان**
**لەم هەسارەبەسەریەک تێکشکاوەدا سەرپەنایەکی تیا نییەبۆ ئارامی و**
**باخچەیەکی تێدا نییەبۆ گۆرانی**
**لەسەردەمی هەراجکردنی خەون و شیعرا**
**گوڵەکان لێدەکەینەوەو چەپک چەپک دەینێرین بۆ مرۆڤکوژ و**
**مرۆڤخۆر و عەشقخۆری چینەباڵا و خانەدانەکانی کۆمەڵ**

❊

**ئیمەمرۆڤی سەردەم دوو جۆر مەخلوقین**
**دڕندەکان و ئاشتیخواز**
**لەجەنگەکان گۆرانی سەرکەوتن دەڵێین**
**گریان دەکەین بەهۆنراوە**
**عەشقیش بەداستان و چیرۆک**
**لەهەورازی هەژاریدا ئێمەین دەنگ دەدەین بەگوڵ و**
**لەنشێوەتیژەکانی ژیانیشدا دەبین بەخۆر و ئەستێرە**
**لەشکستەگەورەکانیش دەبین بەمایەی شەرم و عار**
**وەک سزایەک ئیعدام دەکرێین،ئەتک دەکرێین،ناشرین دەکرێین.**

❊

**ئیمەمرۆڤی سەردەمی داهێنانەمەزنەکانین**

**لەنێو کۆمەڵگای دەستو پێ لەزنجیردا**
**ئازایەتی و شۆڕشگێڕی و خاوەن هەڵوێست**
**وەفا و دابونەریت هیچ نین**
**وەک ئاوێکی بەرلێگیراو قەتیس ماوین**
**پەنگ دەخۆین و خۆ دەکێشین بەدیوارەکانی زەمەن**
**بەبەنداوەکانی یاسا و ڕێساکانی مۆدێرنێتە**
**شالاو دەبەین بۆ لووتکەکان**
**دەمانەوێ بچینەوەباوەشی شاخ و دارستان**
**دەست بدەینەوەتیر و کەوان**
**سواری پشتی ولاخ بین و شەڕی تەکنەلۆژیا بکەین.**

*

**ئێمەمرۆڤ و کۆیلەی سەردەمی تازەین**
**خەونمان لێ زەوتکراوە..خاوەنی خەونی خۆمان نین**
**خۆمانمان لێ زەوتکراوە..ئێمەخاوەنی خۆمان نین**
**ئێمەخاوەنی هیچ شتێک نین**
**تەنانەت خاوەنی کۆیلەتی خۆشمان نین.**

**تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨**
**کەنەدا**



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

## ئەمەوێ منداڵ ببمەوە

**لەشارەچۆڵەکانی خەمەوە**
**با وێنەیەک لەتەک تەنیایی بگرم**
**لەبەر خاتری سێبەر نەبێ دەست لەقژی دار نادەم**
**نامەوێ دڵەخورپەی یەکەمین ماچ جێبهێڵم**
**ئاخر گەورەبوون ئەفسووسە**
**هەروەک گەڕانەوەش بەرەو منداڵی مەحاڵە**
**مەحاڵی چی؟ من لەدەرەوەی تەمەن**
**هەر کوڕەقژ زبر و سپی و ڕەشەکەی گەڕەکم**
**کەبەبێجامەی دایلین و جووتێ نەعلی لاستیکەوەتۆپێن ئەکا**
**کوڕێک شەرمن خوا خوایەتی کچێک پرسیاری لێ نەکا**
**کوڕێک دەفتەر و کتێبەکانی بەرگ تێ ئەگرێ**
**لەئیستیفاف دەسترێکی شین لەژێر پەنجەوردیلەکانیەوەئەڕوانێتەمن و خۆی و شیعر**
**کوڕێک هەموو پێنج شەممەیەک مامۆستای کوردی بانگی ئەکاتەناوەڕاستی گۆڕەپان و**
**شیعری پێئەخوێنێتەوە**
**کوڕێک منداڵ...بەڵام خەونی گەورەی هەیە**
**کوڕێک هێشتا لەمانای پیاوبوون تێناگا**
**کەچی پیاوێکی بچکۆلەی گەڕەکەکەی تەنیاییە**

* * * * * * * * *

كورێک پێی حەیفەگەورەبێ
نایەوێ پشت لەمنداڵی و
فسكەفسک و چاو هەڵتەكانی سەربان و"ئم عەمرت نەمێنێ"
كچەدراوسێكەی بكات.
كورێک نایەوێ قوتابخانەی سەرەتایی و
شەڕەبەردەكان جێبێڵێ
نایەوێ دووربینەی كەمیم هەیبەت لەحەجەوەبۆی هێنابوو، فڕێ بدا
كورێک دژی باڵقبوون ئەوەستێتەوە
ئەچێتەوەگەشت و سەیرانی قەرەبڵاغ
هەفتەیەک ئەبێت بەسەكنی تێمسەبۆرەكەی ڕەحیماوە
ئیمتحانی بەكەلۆری عیشقی هەیەو لێی دەرناچێ
كورێک دەستی بەتەمەنییەوەگرتووەو
ڕۆژ و ساڵەكان ئەگوشێ
پاسكیلێكی شینی بیست و هەشتی پێیەو
لەناو لاشەلێی ئەخوڕێ
گەلێجار سواری عارەبانەی بۆڕبەرینگ ئەبێ و ئەڕوا
بەناو كیشوەرەكانی خەون و بەسەر ڕێگا درێژەكانی خەیاڵا پیاسەئەكا
كورێک تەنهایەوەک شاعیر
لەمنداڵی خۆم ئەپرسم : كەگەورەبووی ئەبی بەچی؟
من نازانم ئەبم بەچی
بەمامۆستا. بەئەندازیار. بەپێشمەرگە





باوكم چی ویست ئەبم بەوە"
ئەو ئەپرسێ:" ئەی باشە تۆ بۆچی نەبووی بەمامۆستا
خۆ تۆ حەزت زۆر لەمامۆستایی ئەكرد؟"
چی بەو كوڕەجوان و ژیكەڵەیەبڵێم
باسی جەنگی عەشق بكەم
باسی خەونە پووكاوەكانی هەرزەیی و
باسی پیاسە هەتیوەكان
یاخود باسی ئێوارەكانی نهێنی بوون بە تەنزیمی بۆ بكەم
من و منداڵیم هەڵدێین و ئەچینەدەرەوەی زەمەن
میلی دەمژمێرەكەم دوا ئەخەم
نەدەقەیەک نەدووان و
نەسەعاتێک و نەساڵێک
ئاخر نامەوێ بگەمەكانیاوەكەی ئەبەدییەت
پەلەمەخۆ هەڵبدێرمەنێوچاڵاوەقەوزەنشینەكەی عەشق
پەلەم نییەبگەمەجێ
پەلەم نییەبگەمەناو ئەلبوومی غەددر
بگەمەنێو بنی بیرەكانی نەمان
زەمەن لەچ شوێنێكدایەزەمەن
لەكوێ پەنجەتووتەی منداڵێكی لاسار ئەگرێ
ئەیبا بۆ باخچەو یاریگا
كەس زەمەنی دیوەخۆی بەدەرگای پشتەوەی شۆفرلێتێک هەڵبواسێ
كەس بینیویەتی بچێتەلای جووت قاوەو حەسیرەكە

**کەس بینیویەتی پۆستەرێک بدا لەدیواری گومان**
**کەس ئەزانێ زەمەن خەڵکی چ شارێکە؟**
**بەچ زمانێک دەئاخڤێ؟**
**من و زەمەن بەدوو ئاڕاستەی دژبەیەک ڕێمان گرتووە**
**ئەو بەرەو پێش، منیش بەرەو ڕۆژەڕابردووەکانی خۆم.**

**تەمموزی ٢٠١٠**
**کەنەدا**

**ژێرنووس :**
**میم هەیبەت : ئافرەتێکی زەحمەتکێشی دراوسێمان بوو لە کەرکوک چەند ساڵێکە کۆچی دوایی کردووە یادی بەخێر**
**قەرەبڵاغ : شوێنێکی گەشتیارییە لەنزیک ناحیەی شوان.**





**پەخشانەشیعر**

## ئەستێرەکان ڕەشپۆشن
## سەردەشت ئاوای گووت!

**ئەستێرەکان ڕەشپۆشن، چونکەباڵندەزمانی فڕینی لێ قەدەغەئەکرێ، چونکەدار زمانی بەروبوومی لێ ئەسەنرێتەوە، چونکەگژوگیا زمانی سەوز بوونی زەرد هەڵئەگەڕێ. ڕەشپۆشن چونکەهەتاو مانی لەهەڵهاتن گرتووە. "با" لەسەر جێگەی مردنەو شاخەکانیش لەڕیزێکی درێژدا چاوەڕوانن بەڵکەناویان لەنێو لیستی لێبووردنی گشتی بەغدا هاتبێتەوە. ڕەشپۆشن، چونکەسۆرانی مامەحەمەلەگۆڕەکەی یاخی بووەو دەیەوێ گۆر بۆ شەمشەمەکوێرەکان هەڵبکەنێ. ڕەشپۆشن چونکەمن لەمەرگ هەڵگەڕاومەتەوەو دەمەوێ بەدەستەکانی خۆم پەردەی پەنجەرەی گۆڕەکەم لا ببەم وچاوم لەهەتاوی ڕەشی ژیان بێت. ڕەش ئەپۆشن چونکەلێرەلەکوردستان،شەمشەمەکوێرەی چاخەکانی بەردین و**

ئەشکەوتەدژ بەهزرەکان فتوا ئەدەن دژ بەوشەوشیعر و جوانی. دڵەڕەش و تاریکەکان چاویان بەهەتاو هەڵنایێ وهەموو ڕۆژێ مۆمێک لەمۆمدانی خەیاڵ سەرئەبڕن و ڕاپۆرت ئەدەن لەئازادی. ڕەنگەکان هەموو ڕەشپۆشن. گۆرانییەکان ڕەشپۆشن. ئازادییەکان ڕەشپۆشن، چونکەوشەنایەوێ دڵ جێبهێڵێ، چونکەعەشق لەسەر سینی سیاسەتا لەسەر بان و سەر کۆلیتەنزمەکانی بەرژەوەندی ئەدرێتەخۆر. ڕەشپۆشن چونکەکلتوور کوژەکان سەری ئەفسانەکان شۆڕ ئەکەن و نەورۆز و حامورابی بەدەست بەستراوەیی لەباخچەکانی یادەوەری ڕائەگرن و بەشمشیری زولفوقار و زولشتەکانی تر ئاڤێستا لەتوپەت ئەکەن.
سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەلەهەنگووچکەکەی دایکم شیعرم ئەشاردەوەو ئێوارانیش گوێم لەبەسەرهاتی پیرەقەرات ئەگرت. ئەچوومە پارکەتازەکان، بەڵام دڵم هەر لەلای کۆلیت و کوخەکانی کلک مشک و باداوەبوو. ئەچوومە پۆل بەڵام دڵم هەر لەلای تاقیکردنەوەی ئازادی بوو. ئەچوومەبازێڕ و کەچی دڵم هەر لای ئەو کەنیشکەبوو کەبەتیلەیەک بۆی ببووم بەعاشق. ئەچووم بۆ ئاهەنگ و سەیرانەکانی زانکۆ،بەڵام دڵم هەر لای ئایەتولکورسییەکەی دایکم بوو. دڵم نەئەهات پیاسەکانم جێبهێڵم تا کۆترەکانی شێخەڵڵام لێ زویر نەبن. ئای ئێستاش بیری هاوڕێکانم و زانکۆ ئەکەم. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەلەتای تەرازووی دادپەروەری کوردستانم حەرام و بێدەنگ بوونلەتایەک و تیرۆر لەتایەکەی ترە. چونکەقەدەغەیەگوڵ بدەی لەیەخەی خۆشەویستی. چونکەناکرێ مۆڵەت





لەزمان وەربگری تا نەیەتەگۆ، چونکەناکرێ داوا لەدەم بکرێ خۆی دابخات. چونکەناکرێ پەپوولەکان باڵیان بسووتێ بەمۆمی بەرژەوەندی دەسەڵات. ناکرێ لەحیکمەتەکانی جوانییەوەببینین ژیان ئەڕژێ بەسەر کوخەکانی نەهامەتی مرۆڤ و کەچی سوڵتان خۆر زیندانی ئەکات و تریفەسەرئەبڕێ. سوڵتان تەوقێکەلەملی ئازادیدا و هەتا دێت تەنگتر ئەبێتەوە. سوڵتان خەون کوژە.سەردەشت ئاوای دەگووت.

کۆچی من کۆچێکی سادەیە، ئاڵۆز و موعەمما نییە. کۆچی من لەسەر نەخشەیەک بوو بەر لەهەڵهاتنی خۆر و پێش فڕێدانی دەمامکەکان. من نەلەگوناهەکان هەڵگەڕابوومەوەو نەڕوخساری ویژدانێکم ئازاردابوو. لەشانشینی خەمەوەخەریک بووم مەرگم کاتاگۆری ئەکرد، لەناکاو لۆزەندەکانی سوڵتان بەسەر پردی تاریکییەوەپەڕاندمیانەوەبۆ ئەو مێرگەتاریک و تەنیایانەی کەهیچ کەس نەبینیویەتی و نەئەشتوانێ هەستی پێبکات. تەنیایی مژۆڵ و ئازاربەخشەو من لەم ئارامگایەخەریکی نووسینێکم لەسەر برینەکانی ئازادی و هەتوانەکانی.
سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەڕێگەی خەوبینینم لێگیراوە، چونکەبۆم نییەبەفەنتازیا هەڵگەڕێم،نابێ بڤەکان ماچ بکەم، چونکەبۆم نییەلەسەمای ئێوارانی شارەکەما ، چاکەتەیەکپۆشەکەم دابکەنم و بەپەنچەی دۆشاومژەما بیدەمەسەر شانی چەپم و لەسەر یەک پێ جاویدانەوەک سەرخۆشێک بەشەرابی حەقیقەتەوەخۆم بکەم بەئاپۆرەکەی لای باتاوەو لەبەردەم گەس فرۆشەکەی سەر جادەکەهەڵوەستەیەک لەسەر پەڵەخوێنی ئاراس بکەم و بڵێم سڵاو ئەی

مۆمەنەکوژاوەکەی ڕێگای ڕاستی، سڵاو ئەی گوڵەژاکاوەکەی بەهار. ئینجا بچم لەبەردەم باڵەخانەی پارێزەرانی ئاسایشی سوڵتانەکان، تا ئەتوانم وەک نەوڕەسێکی بریندار بقیژێنم. ئای کەچەند تووڕەم ئازادی. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن چونکەگزنگ ئەبینن کیسەی شەویان لەسەر ئەکرێ و ئەبردرێن بۆ هەرێمەقاچاخەکانی بوون، چونکەبەهار ئەبینین گەڵا لەپایز قەرز ئەکا و گوڵ ئەبینین هەر بەخونچەیی سیس ئەبێ و ئەژاکێ. چونکەنیشتمان عەجمانی لێبڕاوەو بەبێ تاقەتی لەسەر تیلەی کۆڵانەڕیشنەکان چاوەڕوانمەبڕۆمەوەو گلەیی دوواکەوتنم لێبکات، چونکەزنارەکان بەپۆلێ مەلی سپییەوەخەریکن خۆیان دەهاونەباوەشی گەرمەسێری بیابانی بێکەسیمان. سەردەشت ئاوای گووت.

بەدوای فەلسەفەیەکدا ئەگەڕێم بەقەد دڵی دایکم میهرەبان بێ. تووڕەش بێ وەکو ئاخەکانی ئێمە. فەلسەفەیەک دڵگیر بێ تا چەمی ژیان پڕ لەسۆز بێ و تاڤگەی خۆشەویستی قەڵبەزەبکا. وێڵم بەدوای ڕێگایەکدا نەمباتەوەبەرەو بانە،بەڵکو بەرەو قووڵایی دەریاکانی بیرکردنەوەو ڕامانم ببات. بمبات بەرەو کەنارەکانی خۆشنوودی. بەدوای ماچێکدا عەودالم تازەماچ بێ و بەهیچ لێوێک ئاشنا نەبێ، ماچێک لەگەڵ خۆیدا هەڵم بگرێ و بمبا بەرەو زەردەپەڕەونبووەکانی شارەکەم، بمبا بەرەو ئۆقرەیی و دانووسان لەگەڵ ئەندێشە. سەردەشت ئاوای گووت.

ئەستێرەکان ڕەشپۆشن و هەر بەڕەشپۆشیش دەمێننەوەتا بڵێسەکانی تووڕەییم خۆیان نەسپێرن بەئەڤین و تا خەمەکانم لەژێر کانیاوی





کامەرانیی کاڵ نەبنەوە. تا خەونەکانم بکوژرێن، تا وێنەکانی دایکم و کچەدەزگیرانەکم لەباخەڵ نەبێ،تا نەیەمەوەنێو پۆلەکانی زانکۆ و ڕۆژنامەی ژیانم دەرنەکەم و وەک سەرنووسەری عاشقێکی شێت و گومڕای ڕۆژنامەیەک خۆم نەنووسمەوە. تا کڵاوی دەرچوونم لەئاهەنگی ڕۆژی دەرچوونم هەڵنەدەم بەئاسمانا، تا منداڵانی گێمەدێ و ڕەحیماوەو گشت ئۆردوگا و خانووەگڵ و نزمەکانی کوردستانم برسی بن. تا قەڵەم لەسێدارەبدرێ من هەر لەوێم و لەناوتانم. لەئاهەنگ و لەکۆڕو کۆمەڵتانم و بەردەوامیش یادتان ئەکەم. سەردەشت ئاوای گووت.

ئایاری ٢٠١٠

کەنەدا

ژێرنووس :

کلک مشک و باداوە : دوو گەڕەکی هەژار نشینن لەشاری هەولێر

باتا : شەقامی باتا کەوتۆتە ناوەڕاستی شاری هەولێر

ئاراس : پێشمەرگەی ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست و گیانبەختکردویی ڕێگای ئازادی و یەکسانی

گێمەدێ : گەڕێکێکی هەژارنشینە لە هەولێر

ڕەحیماوە : گەڕەکێکی هەژارنشینە لە کەرکوک

تێبینی : ئەم پەخشانەشیعرەلەڕۆژنامەی هەواڵ ژمارەی ساڵی ٢٠١٠ بڵاو کراوەتەوە.

# شارێک دێت و شاعیرێک بەسەر ئەکاتەوە

شارێک هەیە لەڕ و لاواز،قاپووتێکی ڕەشی درێژی لەبەردایەو
حەز ئەکا لەژێر بارانا شیعر بۆ ڕیشۆڵەکانی تاراوگەبخوێنێتەوە
ڕیشێکی تەنکی داناوەو ساڵ نا ساڵێ لەم غوربەتەدێت سەرێکم لێ ئەدات و
بەجانتایەک پڕ لەدووکەڵی تامەزرۆ و
بەکتێبێک پڕ لەئینجانەی برین و
بەبەرانپیلێک پڕ لەزەنگییانەی خەیاڵەوەیەک ئەدوێنین
ئەدوێین لەسەر قەڵەم تۆزەتۆراوەکەی حەوشەکۆنەکەی ماڵ باوکم
ئەدوێین لەسەر کۆڵانەلێو بەبارەکەی هەموو ساڵێ شەرمی ئەکرد گۆرانی بڵێ
بۆ ژنەمەمک بەرزەکانی گەڕەک
ئەدوێین لەسەر شیعر و گۆڤاری بەیان و ڕەفیق حیزبییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی
چ جارێک بێت زاق و زریقی منداڵیم و
شەرم و ڕەنگ سوور هەڵگەڕانی گەنجیمی لەڕۆژنامەیەک
وەک کراسێکی ئوتووکراو بەدەستەوەیەو بۆم دێنێ.





چ جارێک بێت وەکو منداڵ وڕکم لێئەگرێ تا بیبەم بۆ بارەکەی سەر کۆڵانەدرێژەکەی گرانڤیڵ (١)
بیبەم بۆ بینینی سەمای درەختەلێو گێلاسەکانی کەناری ئەم کیشوەرەسارد و سڕە
بیبەم بەسەر شاخەکانی فەنائیبوونا خۆی لەبیر کات
شارێک هەیەلەوەتەی هەیەدڵدارەو هەرگیز دەزگیرانی خۆی لەباوەش نەگرتووە
قەت پیاسەیەکی بەدڵ خۆی بەکوچەکانی نیشتمان نەکردووە
قەت نەچۆتەسەر گردەکانی بێزاری
کچەکانی پەشتەماڵی ڕووناکی دەدەن بەسەردا و
بەدەم گۆرانی وتنەوەلەدەوری ئاگری عەشق
سەما ئەکەن تا لەبێ دەزگیرانیدا
ئەچن ئەبن بەپاساری
ئەبن بەباڵندەی خەون و
ئەفڕن بەسەر فیردەوسەکانی تەنیایی.
شارێک جەستەی لەئاگرەڕوحی بەگڕەی ئێواران دەچێتەسەر شانی کۆترێک و ئەڕوا
بەر لەسەفەر چێشتەخەوێک ئەکا و ئەچێ ماڵێکم لەیادگارییەکان بۆ ئەخاتە
نێو سەبەتەیەک لەخۆشەویستی و بۆم دێنێ.
لەسێبەری ستارەکانی سەر خانووی هۆرەبەجێماوەکانم
سکێچی ئەمەکانی کچەدراوسێکەم ئەکێشێ

**تێئەفکرێ چۆن لە پەیکەری برۆنزی فیکەحەرامزادەکانم**
**دڵی تابلۆیەک لەگوناە و لەخەتام لێ نەیەشێ**
**شارێکەخاڵی لەیەقین.لەرێگا دوورەکانەوەدێ و ئەمناسێت و**
**نیمدەرەیەک لەدڵنیایی ڕائەخاتو لەبەردەم**
**دەریاچەکانی تێرامانا دائەنیشێ**
**شارێک نییە پڕ لەخانوو و باڵەخانە**
**پڕ لەشەقام و پڕ لەبارِ و پڕ لەباخچەو پڕ لەرێگا**
**شارێک نییەبەسەرپشتی خەیاڵەوە**
**شارێکە پڕ لەبەسەرهات**
**پر لەتەلیسم و چیرۆکی ئەفسانەیی، شارێکەدوو باڵی هەیەبەلام**
**نافرێ**
**شارێکەبێ ماڵ و حاڵ و بەبێ وڵات.**

*

**شارێک هەیەبەسواری فڕۆکەنایەت**
**خۆی بەغەریبەنازانێ و لەدەرگای ماڵەکەم نادات**
**هەر کەجانتاکەی دائەنێ پێش ئەوەی پێڵاوەکانی دابکەنێ**
**تێر ئالا و ئاتین بۆن ئەکات،(٢)**
**هەموو جار دێت سوێندم ئەدات**
**نەیگێڕمەوەکەدایکمی هاتۆتەخەون**
**پێی گووتووەعەبدولام لەجیاتی ماچ کە.**
**هەموو جارێ دووای ئەوەی پشوویەک ئەدات**





**گەلێ سوعبەت لەگەڵ نێرگزیش ئەکات و نامەیەکی پڕ لەبۆنی شۆراوی**
**بۆ درێژ ئەکات(٣)**
**شارێک هەیەجەستەی لەهەورەو چاوانی دوو چۆلەکەن ئەجریوێنن**
**هەرچی جارێک کەهاتبێ یەک دوو شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی هەر بۆ**
**هێناوم**
**ئەم شارەقەت بەنهێنی سەفەر ناکات بۆیەکەدێ**
**وەک خۆی ئەڵێ ، دەیان وێنەی ڕەش و سپی ناو قوتابخانەی**
**زێوەری(٤)**
**لەئەلبومی یادەوەری بۆ داناوم**
**لای وەستا حەسەنی خەیات،لەبز شیرین**
**قاتی بۆ بالای خەیاڵ و غوربەتم داوەتەدوورین**
**وەختێ منیش جێئەهێڵێ ڕووبارێک لەوردەڕاسپاردەی پێئەڵێم**
**وێنەیەکی خێزانی بۆ یادگاری لەگەڵ ئەگرین**
**ڕۆژی بەر لەگەڕانەوەنێرگز ئەوینەنامەیەک بۆ شۆراو و بۆ ڕەحیماوەی**
**ئەداتێ(٥)**
**ئالا و ئاتینیش هەر یەکە پەلکەزێڕینەیەک ئەگرن و ئەنێرن بۆ**
**گردەتەم نشینەکان**
**منیش وەک خووی هەمیشەییم بۆنی غوربەت و هەنسکی تاراوگەیی و**
**شیعرێکی نوێ و ماچێک ئەنێرمەوەبۆ خونچەکانی نێو باخچەکانی**
**مێرمنداڵیم**
**ئەینێرمەوەبۆ دار سنەوبەرەکانی ڕۆژبێ هەتاوەکان و**
**ئەینێرمەوەبۆ ئەوانەی ڕۆژێک منیان خۆشویستووە.**

*

شارێک هەیەدڵی چۆتەسەر دەریا و ئۆقیانووسەکان
گەلێک جار خەو بەبەلەم و بەکەشتی و بەندەر ئەبینێ
زۆرجاریش هەناسەی ساردی بۆ کچەنیوەڕووتەکانی
سەر شەقامی ئەم غوربەتەهەڵکێشاوە
کەدێ هەردوو بێناسنامە، یەکەیەکەهێلانەی نەورەسەکانی عەشق
بەسەر ئەکەینەوە
ئەبین بە"با" و گەردەلوولێک لەخۆشەویستی ئەگێڕین
ئەچین لەسەر شاخەکانی سایپرێس و سەیموور وەک خەیام(٦)
پێکی شەراب هەڵئەدەین و ئەچینەوەبەگژ تەواوی ڕێکەوت و
یاسا و ڕێساکانی سروشت
کەدێ ئەڕۆین سەر لەکتێبخانەی گشتی شار ئەدەین
ئەچین بۆ بینینی شانۆ و هایکویەکی نوێ لەگەڵ خۆماندا ئەبەین
شارێک هەیەکەدێ ئیتر لەگەڵ خۆیدا ئەمباتەوە
ئەمباتەوەلای پەپوولەزویرەکانی نائومێدی
ئەمباتەوەنێو ژوورەبچکۆڵەکەی حەوشە
ئەمباتەوەتەنیشت سۆپا عەلادینەڕەنگ ڕۆیشتووەکەی جاریجاران
ئەمباتەوەنێو حەوشەکەی ئیمان و دڵداری و خەون
خەون بەکچێکی جوان و خەون بەعیشق و ئازادی
شارێک دێت و لەگەڵ خۆیدا ئەمباتەوە
شارێک هەیەڕۆژ نییە پێکەنینێکی نەسپێرێ بەزەردەگەلایەکی وەریو
هەناسەیەکی نەخاتەژێر باڵی تەیرێکی تەریو



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

وەک خۆی ئەڵێ ڕۆژ نییەدڕکی گوناهێک نەچێ بەدڵی منداڵێکیا
ڕۆژ نییە"با"ی نائومێدی فوو نەکات بەقوتیلەچرای ماڵێکیا
ڕۆژی هەر وەک نووتەک وایە، سڵ ناکاتەوەلەمەرگ و لەخۆشەویستی
ناترسێ
دەستی لەدەست ئەویندایەو
لەسەفەر و لەهەتاوەڕژاوەکانی باخچەی ژیان ناپرسێ
شارێک هەیەشەقامەکانی لەهەورەو کۆڵانەکانی لەزریان
پەیکەرێکەلەگزنگ و بەسەرهاتێکەبۆ ژیان
من نەسەبم لەشارێکی ئارەزووئەرخەوانییە، گوێزەبانەمبۆ ساز ئەکات بەئاوی
ڕەش
من نەسەبم لەمێژوویەکی پرشنگدارەوەک چرای گەش
من کوڕی شارێکم ئەوا پەڵەهەوری نائومێدی لەنێوچەوانی منداڵ و
کوڕ و کچەعازەبەکانی خۆی ئەبەستێ
من کوڕی شارێکم تاریک، قەدیفەیی
بۆ ئەوەی دڵی کوکوختییەکەم بۆ ڕابگرێت لەسەر گردی نائارامی ڕائەوەستێ.

نیسانی ٢٠١٠
کەنەدا

ژێرنووس :

- گرانڤیڵ ناوی شەقامێکەلەشاری ڤانکۆڤەر.
- ئالا و ئاتین جگەرگۆشەکانمن.
- نێرگز هاوسەری ژیانمە.
- قوتابخانەی زێوەر قوتابخانەیەکی دوا ناوەندییەلەکەرکووک.

- ڕه‌حیماوه‌گه‌ڕه‌كێكی كوردنشینی شاری كه‌ركووكه،هه‌روه‌ها شۆراو گوندێكه‌له‌نزیک شاری كه‌ركووک شوێن و مه‌نزگای باب و باپیرانی نێرگزی هاوسه‌رمه.
- دوو شاخن له‌باكووری شاری ڤانكۆڤه‌رن.

تێبینی : ئه‌م شیعره له ڕۆژنامه‌ی هه‌واڵ ژماره ٤١٩ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاو كراوه‌ته‌وه.



به باوه‌شێك له فه‌ناوه نیشتمانی زویر ماچ ده‌كه‌م............ عه‌بدولا سلێمان (مه‌شخه‌ڵ)

## جه‌نگه‌كان ده‌ست پێئه‌كه‌ن

له‌جه‌نگه‌كانه‌وه‌خۆشه‌ویستی ئه‌گه‌ڕێته‌وه‌لامان
پشت به‌دارێكه‌وه‌ئه‌دا
كزه‌بایه‌ک یه‌خه‌ی كراسه‌كه‌ی دێنێ و ئه‌با
به‌نهێنی ناوی ده‌زگیرانه‌كه‌ی ئه‌هێنێ
بۆ چوونه‌قوتابخانه له‌سه‌ر منداڵه‌دراوسێكانیان‌ئه‌وه‌ستێ
له‌ڕۆژانی هه‌ینی ئه‌چێته حه‌مام و
بانگ له‌ناترێک ئه‌كات و لیفكه‌به‌پشتیا بهێنێ
له‌جه‌نگه‌كان كچه‌كان سواری پاسكیل و گوێدرێژ و خه‌فه‌ت ئه‌بن
به‌شوێن پیاودا ئه‌چن مراز و ناو له‌پ و ڨاوه‌و به‌خت ئه‌خوێننه‌وه
كچه‌كان له‌جه‌نگه‌كاندا به‌خه‌یاڵ ده‌ستپه‌ڕ لێئه‌ده‌ن
بێئه‌وه‌ی كه‌س هه‌ستییان پێبكات له‌گه‌ڵ ته‌نیایی ئه‌خه‌ون و
له‌گۆشه‌یه‌ک له‌گه‌ڵ خه‌م و له‌گه‌ڵ ئازار ئه‌مێننه‌وه
وێنه‌ی پیاوه‌ڨۆز و جوانه‌كانی نێو گۆڤاره‌كان لێئه‌كه‌نه‌وه‌و
به‌دیواری مووبه‌ق و ژووری خه‌یاڵ هه‌ڵیان ئه‌واسن
له‌جه‌نگه‌كان ئایینه‌كان له‌نێو كوخ و كه‌له‌به‌ره‌تاریكه‌كانی ڕوح دێنه ده‌رێ
سه‌ر هه‌ڵئه‌گرن و له‌ئه‌شكه‌وته‌ته‌ریكه‌كان ئه‌بنه‌وه‌كوڕی موعجیزه و ئه‌فسانه‌كان
ده‌ستی پێغه‌مبه‌ره‌كانیان به‌ده‌سته‌وه‌و
له‌مزگه‌وت و له‌كڵێسا و په‌رستگاكان ئه‌گه‌ڕێن به‌شوێن جه‌وانی و هه‌رزه‌كاری
له‌جه‌نگه‌كان ئایینه‌كان ڕه‌نگاوڕه‌نگن

**وەکو ڕەنگی خوا پەرستی و فیداکاری**
**لەجەنگەکان شیعر سەرمان لێئەدات و ئەمانداتەدەست وشەوەو**
**بێئەوەی هیچ پێبیزانین ئەبین بەئەندێشەو دووکەڵی خۆڵەمێش**
**ئەبین بەهاودەمی گوڵەکوژراوەکان**
**لەجەنگەکان هەموو دێینەوەسەر شۆستەی بیرکردنەوەو**
**بەئارامی و بەئاسایش ئەمانەوێ ببین بەباڵندەو بفڕین**
**ئەمانەوێ لەم دۆزەخی کوشتارگایەبژین،نەمرین.**
**جەنگەکان دەست پێئەکەن**
**ئێمەش لەنێو ئینجانەکانی ئیمان و ئایدۆلۆژیا**
**چاوەڕوانی دەستی ناسکی خانمێکین تا بەئاوی خۆشەویستی ئاومان بدا**
**لەجەنگەکان ئەبین بەدار ئەرخەوان وداری لاولاو**
**بەبەژن و باڵای کچەکان ئەئاڵێین و دەم ئەنێینەگۆی مەمکیان و ئەیانمژین**
**چی لەمژینی مەمکی خڕ و پڕ و توند و تۆڵ بەتامترە؟**
**چی لەڕاموسانی ناوقەدی ژنانی دوای کارەسات بەچێژترە؟**
**کەجەنگ دێ و شار ئەداتەپێش،خانمەکانی نێو بارەکان**
**بەژێرکراسی کورت و تەنکەوەئەچنەسەر شەقامەکان و**
**کەڵەپەنجەیان بەنەریت و کلتورەکان نیشان ئەدەن**
**کەجەنگەکان بەرپا ئەبن کێ لەسێکس و لەمۆڕاڵ و خۆشەویستی ئەپرسێ؟**
**لەجەنگەکان خواداکان گوێ لەکەس ناگرن**
**دوعا و نزاکان نابیستن**
**گوناهەکان هەموو بەبەرگی سپیەوەلەبەردەم نیشتمانا دەست ئەکەن بەسەما**
**وسەفا**
**کە جەنگەکان دەست پێئەکەن دارستانەکان کاتیان نییەبۆ خوێندنەوەی**
**چیرۆک و**





**گێرانەوەی بەسەرهاتەکانی گەڵا**
**ڕووبار مۆڵەتی نییەجەستەی کچەقەیرەکان بگرێتەخۆی**
**لەجەنگەکان شیعر لەخۆی یاخی ئەبێ**
**کچەکان لەمەمکی خۆیان**
**نیشتمان لەحیکایەتەکانی غەدر و جەنگیش لەخودی خۆی!**

**نیسانی ٢٠١٠**
**کەنەدا**

# مانیڤێستی عەشق یان بۆنی سەفەر

ئەترسم نەتوانم دوا شیعری مانیڤێستی عەشقم بنووسم
نەتوانم داوای لێبووردن لەو جگەرەیەبکەم
کەبڕیار بوو بەدەم ڕێکردن بەنێو لالەزارەکانی خەما بیکێشم و
نەمکێشا!
چەند لەسەفەرەکتوپڕەکان ئەترسێم چەند
کتوپڕ وەک کۆچی دوایی فانۆسێکی پرتەپرتکەر
وەک وەستانی دڵێکی پڕ خۆشەویستی
خۆ بڕیار بوو باران دەستی لەدەستما بێ
پەنجەکانی بەنێو خەونەکانمدا بگێڕێ و بڕۆی گەڵایەک هەڵبگرێ
چاویلکەیەک بداتەدەست پەڵەهەورێکی چاوکز و
نینۆکی وێنەیەک بکات
خۆ بڕیار بوو پەیکەرێک لەپێکەنین بێ و
مۆمیکی پشت کۆم بکا بەکەفیلی خۆی تا لەڕۆژانی کۆتایی هەفتەکانا
بڕوا خۆی تەواو مەست بکا و بۆ کچەنیمچەڕووتەکان
ئەو حیکایەتانەبگێڕێتەوەکەکەس ناوێرێ باسیان بکات
بڕیار بوو بەو ڕۆژنامانەگوزەر بکەم کەبەسەر پردەکانی وشەبەرەو
سێبەرەوشکبووەکان دەپەڕنەوە
لەتەمومژترین بەیانییەکی بنار کێوەسپییەکانی نائومێدی



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولاّ سلێمان (مەشخەڵ)

قۆڵەکانم لێ ئەبن بەباڵ و ئەفڕم. سەرم ئەبێ بەگۆی زەوی و
چاوەکانم بەپەنجەرە
هەتا ئەچم تەنیاییەک ئەدۆزمەوەهەر کتومت لەخۆم بچێ
هەتا بۆنێک ئەدۆزمەوەهەر لەبۆنی سەفەر بچێ
هەر لەبۆنی شیعر و فڕینی تۆ بچێ
بۆنی سەفەر ، تەنها و تەنها وێنەکانی ناو ئەلبوومەبێنازەکانئەکا
بەنیشتمانی خۆی
بۆنی سەفەر لەبۆنی باڵندەئەچێ، لەو بۆنانەی دایکم ئەچێ
کەباوکم لەسەفەرێکی وەرزەکانا بۆی هێنابوو
بۆنی سەفەر کێڵگەکانی خەونی کردم بەدارستانی تەنیایی
نیشتمانی بردم دایەدەستی پۆلێک مەلی ڕەنگاوڕەنگی ئاسمانەکانی
خەیاڵم
دایکم هەتا مرد هەر دەیوت"ئای لەبۆنی ماڵئاوایی. وەی لەبۆنی
جیابوونەوە"

*

دایکم مرد و دڵی نەهات بۆنی سەفەر هەڵبمژێ
دایکم مرد و نەیهێشت باوکم لەنهێنی خۆی و بۆنی سەفەر بگات.
دایکم بۆنی لەنێو ئەنگوچکی کراسەکەی ئەشاردەوە
چەندجار ئارابخا بینیبووی لەژێر درەختەقژ پژنەکەبۆنی زەرد و بۆنی
سەوز و بۆنی سووری شاردۆتەوە
چەندجار بەفێڵی ئاوهێنان بەتەنەکەبۆنی حەوشەو هۆدەکانی
بردۆتەلای مەشخەڵەکەی باوەگوڕگوڕ

دایکم بۆنناسێکی سەیر و کچێک بوو پڕ لەتریفەو
لەزمانی گوڵ ئەگەیشت.

*

خەونێکی بۆنکردووم بە بۆنی تەڕایی سپێدەکان
ئەچوو لەعەرشی خواوەندی بۆن ئەگەڕا
ڕۆژێک تەمی بۆن دایئەپۆشێ
کۆڵانەکان پڕ ئەبن لەفریشتەی بۆن
سەرتاپای خەون ئەبن بەچۆلەکەو ئەفڕن
سێبەر ئەبێ بەباڵندەو دار هەنارەکان لەدەوری ماڵی گومان ڕیز ئەبەستن
کانییەکان بە پرتاو هەڵدێن،توولەڕێگا ئەبێ بەمار
شاخەکان ڕەنگ و بۆی بیابان ئەگرن و ئاسمانیش ئەبێ بەقەقنەس
ئائەو ڕۆژە زریکەیەک بایەقووش زارەترەک ئەکا و هەتاوێک دێ و بۆ هەمیشەخەون ئەبارێ

*

سترانێکی ڕەنگاوڕەنگ دێت و کڵافەیەک پەلکەزێڕینەی لەگەڵە
دەستی هەتاو ماچ ئەکات و لەبەردەمیا دەست لەکالان ڕائەوەستێ.
کراسێکی لەتەمی بۆن لەبەر دایەو نامەیەکی لەبۆن پێیە
"لەنێوان تۆ و شەنگەبیترین گوڵەجوانەکانی باخچەی خەیاڵ
لەنێوان تۆ و شەرابیترین سەرمەستی عەشق
لەنێوان تۆ و نەرمترین لەرینەوەی مۆسیقای ڕۆح



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەکەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

لەنێوان تۆ و خۆم، تۆم هەڵبژاردووە،ئەی درەوشاوەترین ئەستێرەی شەوەکاڵەکانی ئومێدم
ئەی ئاوازی سەفەر و بێکۆتایترین ڕێگەم
وەرە..وەرەبا ختووکەی "با" بدەین
با گێڵگەکانی ژیان پڕ بێ لەزاق و زیقی سەرخۆشیمان
با لەدرزی ڕووناکییەوەبچینەنێو نووری خوا
بالەدەلاقەی باوێشکی ڕووبارەوەپەی بەکون و کەلەبەری ڕازەکانی ماسی بەرین
با بەسواری کەشتی دوودڵییەوەزەریاکان بەرین بۆ مێوانی دەریاچەتاک و تەنیاکان.
ئەی گوڵەبەیبوون با بڕۆین لەسەر پشتی هەورێک زەماوەند ساز بکەین.

*

لەبێدەنگی بۆن و شیعرا هەر بەتەنها عەشق هەیە
ژووان لەگەڵ ڕووناکی بگرێت و بۆنیش بکاتبەدەزگیران
پێکەنینی باخچەببا بۆ سەر گردی پەشیمانی
لە پەنجەرەی گومانەوەپاساری خەم لەسەر دەستی بچکۆلانەی بفڕێنێ
شمشێری خۆر بەدەستەوەو بچێتەشەڕی شەوەکان
سێبەرەکان بنێرێ بۆ ئاواییەکانی ئیمان و باوەڕەمەچەک زبرەکان

*

وا لەنێوان شیعر و بۆن و تاراوگەیا
لەنێوان خەون و سەفەرا خەریکەنیشتمان ئەکا بەخۆشەویست

**بۆن خەریکەقەسیدەیەک لەسەر تەنافی عەشق هەڵئەخا**
**مانیڤێستی خۆشەویستی ئەنووسێت و**
**لەو بەرزاییەکاکی بەکاکییەی خەیاڵا ، بێدەنگیی ئەینووسێتەوە**
**هەموو رۆژێ ئەبێ بەوشەی بێدەنگ و**
**ئەرژێ بەسەر شان و ملی چیرۆکێکی فەرامۆشکراو**
**لەژێر چرپەی ئەو نهێنییەونبووانەی رۆژگارەکان**
**ئەبێت بەشووشەی هەورێکی سپی چەشنی خەونەسادەکانی مناڵ**
**ئەبێ بەشەوەتریفەییەکانی غەریبی و بەجریوەی چۆلەکەکان**
**بەترپەی پێی رەوەندەکانی سەرشەختەو ماڵئاوایی نەورەسەکان**
**ئەبێ بەهاییا هاییای نەیتیڤەکانی خۆرئاوا**
**ئەبێ بەخۆی بەڵام تەنها لەخۆی ناچێ.**

*

**لەچاوی بۆنەوەسەفەر کەشتییەکەبێ سەرنشین**
**مانگ ژنێکەسوێند بەسەری بۆن ئەخوات و زووش زووش ئەچێ بۆ پرسەی ئەو بەرانپیلەی**
**گرێکانی خۆی بەخشییەخەنجەرێکی خاڵی لەسوێند و لە گرەو**
**خاڵی لەگۆرانی و ئاواز**
**فرمێسکێکیش بەر لەوەی چاوی خۆشەویستی جێبێڵێ**
**پێش ئەوەی سەفەر بۆنی کات**
**لەبۆنی نیشتمان ترسا و هەڵاتەباوەشی خەیاڵ**
**فرمێسکێک پاشماوەی تەمی سەر رووومەتی بۆنەخەونێک**
**فرمێسکێک هەر لەسەر باڵی "با" دا هەیەو هەر لەئاوێنەی غەمەوەجوان ئەبینرێ**





**فرمێسکێک غەرق لەخۆشەویستی و ترس و شەرم**
**بەچاوانی رۆژگارمەوەورد ورد بەسەر لاشەی عەشقمەوە هاتەبارین**
**هاتەبارین و تا ئێستاش هەر بەلێزمەدێتەخوارێ.**

**٢٠١٠**
**کەنەدا**

# ونبوون

**وەکو پاڵدانەوەی سێبەرێک لەبەر هەتاو**
**لە پەنای میهرەبانیتا خەیاڵەکان ئەخەمەبوخچەی سەفەر و خۆم ون ئەکەم.**
**باڵێک لە"با" قەرز ئەکەم و**
**ئەڕۆم بەسەر بۆنی ڕژاوی غوربەتا**
**بەسەر هەناسەکانی تاراوگە**
**دڵۆپەبارانەکانی تەنیاییم کۆ ئەکەمەوە.**
**ماچەکانم بەقەدەغەکراوی و نیگەرانییەوەدەق و نوشت ئەکەم و**
**ئەینێمەگیرفانی خەونێکی بێکەس**
**لەدڵتەنگیدا خەریکەغوربەتم پیر ئەچێتەوە**
**خۆم لێئەبێتەدەنکەزەنگیانەی دوودڵی یان بەهەورێکی پشتکردوو لەمتمانە**
**خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە. کوێ بگەڕێم؟**
**تۆ ئەڵێی چی؟ بچم لەتوێی شینەخەونێک بۆی بگەڕێم**
**ئەو خەونەی قاچاخ و فیرارم تیایدا**
**تۆ چی ئەڵێی؟ لەنێو دڵۆپەبارانەکانی گومانا**
**ها؟ لەکەنارەکانی خەما؟**
**چی؟ لەلێواری ئۆقیانووسی سەفەر و ماڵئاوایی**
**بەڵێ چیت گووت؟ لەگەڕەکانی تاراوگەبۆی بگەڕێم**





**لەباڕەکان؟**
**لەفڕینی پەپوولەدا**
**لە پەنای فانۆسەکانی گومان**
**لەزەردەخەنەی کچانی ڤانکۆڤەرا**
**تۆ لەدواوە؟ لەیادەوەری منداڵیم**
**یان لەگۆرانییەغەمبارەکانی دایکم**
**خۆمم بۆ نادۆزرێتەوە**
**کوێ بۆ پەیکەم؟ لەشیعرا نامۆم بەخۆم و**
**نابینم قەت ئێوارەیەک مەقامێکی عەلی مەردان بێ و دامپۆشێ**
**لەرزی سەرمای چەند ساڵی تاراوگەم لەلەش دەرکات**
**قەت نەمبینی ڕوانینێکی نەشمیلی ئەم شارەبێت و دەست لەملی شیعرم بکات.**
**ئاخر چۆن خۆم بدۆزمەوە...منێک لەنێوان تاراوگەو نیشتمانا**
**دەستم لەدەست خەون بەربوو و ڕێگاکانیش فریویان دام**
**ئێستا نازانم من منم یان من خۆمم**
**یان خۆم منم؟**

**٢٠١٠**
**کەنەدا**

# ئەی خانم

**تۆ هەر تەنها "با" ئەناسی**
**هەناسەکانتی پیا بنێری**
**هەر بە بۆن تەنیایی ئەدۆزیتەوە و**
**بەجۆلانەی گومانەوە خەریکی دیلانی کردنی**
**بە گەڵایەک لەهەناسەم باوەشێنی یادەوەری خۆت ئەکەی و**
**عەسرانیش لەفلکە سەرمەدییەکەی چاوەڕوانی**
**دۆدڵمەیەک لە ڕوحم بەدەستەوە دەگری و**
**زمانی فەنای پیا دەهێنی**

*

**تۆ لەشەقامی ڕوانینێکمەوە ئەپەڕیتەوە و**
**پێیەک ئەنێی بەسەر چرپەکانی ڕوحم**
**وەکو شەختەی سەر ڕووی چاڵە ئاوێک خرچەی لێوە دێت و**
**دواتر ئەبینی خرچەکان بەپاژنەی بەرزی پێڵاوی بێدەربەستییەوە نووساون**
**یەک دوو جارێک پێ بەزەوی فەرامۆشی ئەکێشیت و**
**ئەچیتەوە پاڵ درەختە بێکەسەکەی سەر کۆڵانی منداڵیمان**

*

**تێکستە پەیامێک بە مۆبایلێ عەشق دەنێری بۆ من و کوڕە بەستەزمانەکانی گەڕەک**
**بەوێنەکانی ڕۆژەکاندا ئەچییەوە و**





**یەک دوو وێنەیەکی سەردەمی ناوەندی یان ئامادەیی ئەبڕیت و جوانترینیان**
**لەتەک وێنەی کازم ساهیر یان جۆرج وسوف دائەنێی**
**خەون هەر بە گۆرانیبێژ و ئەکتەرە مەزەددارەکانەوە ئەبینی**
**بەخەیاڵ ئەچیتە باڕ و شەوان لە دیسکۆکانەوە بەسەرخۆشی شیعر ئەنووسی و**
**شەوە سوورەکانی حەوا و ئادەم ئەگێڕیتەوە بۆ کوڕە بزێوەکانی گومان**

*

**تۆ شیعر ئەکەیتە سێبەری چاوەکانت و**
**چاویلکەی چاوەڕوانیت لەتەوقی سەر دائەنێی**
**پانتۆڵێکت لەغەددر و کراسێکی تەنکیش لەبێدەنگی دەکەیتە بەر**
**بەشەقامەکانی سەفا دێیت و ئەچی**
**مەمکەکانت وەک دوو کۆتر ئەنێریتە سەر دارەکانی ڕوانینی کوڕوکاڵ و**
**قژت ئەکەی بەهێلانەی ئەستێرەکان**

*

**مەترسە لەتووڕەیی شیعر**
**شیعر لەژن و جوانی تووڕە نابێ**
**شیعر ئەوکاتە جوان و ئاوەدانە**
**کەژنێکی مەزەددار مێوانییەتی**
**شیعر ئەو کاتە تەژییە لەخەیاڵ**
**کەدوو مەمکی پڕ دێرەکانی شیر بدات**
**بەهەشت لەکوێیە لەکوێ**

**لەنێو قریوە و پێکەنینە**
**یان لەسیلکی قژی ئاڵتونیت**
**تا بەهەشت وا لەبۆنی ئەو مەمکە پڕانەتەوەیە**
**کەخواش سەری لەخوڵقاندنی سوڕماوە**

❊

**بەڕێگا پەلکەڕەنگینەکاندا مەچۆرە خوارێ خانم**
**با "با"یەک زەفەرت پێنەبات و**
**بەرلەگەیشتن بەخاڵی مراز گلت بداتەوە**
**مەبە بەقاسیدی خەون**
**مەچۆرە سەر پەیژەی تەم و سواری پشتی ئاسمان نەبی**
**تا غوربەتت لێنەچۆڕێ**
**تا دەست لەملی مانگ نەکەی**
**تا ئەستێرە لەنێو قژتا نەشارییەوە توانای بینینی تۆم نابێ**

❊

**بەگوێگرتن لە گۆرانییەکانی بەرد و**
**هەراوزەنای ساڵنامەیەکی ڕیش سپی**
**ئاگەی بە ناڵەی پەرداخ و**
**تریقەی بێڵچەیەک لەلێبوردەیی و ڕق**
**تەختەڕەشی ناو پۆلەکانی ئیمان و بێباوەڕی**
**فێرت ناکات چۆن لەسەفەر خوا ببینی**
**فێرت ناکات مەمکەکانت بنێیتە ناو دەمی شاعیر**

❊





**بەتێپەربوون بەپەنای سێبەرەکانی بێدەنگی و**
**بەکردنەوەی پەنجەرەکانی باوێشک و**
**دەست خستنەسەر دەمی خۆر و**
**خڕکردنەوەی تریفە ڕژاوەکانی مانگی مەمکەکانت خانم**
**بەناردنی نامەکانی تەریقبوونەوە و شەرم**
**ئاگەیتە سەرسەکۆی جوانی و بەختەوەری**
**بەدانانی وێنەیەکی لەخۆت نەچوو لەفەیسبووکدا**
**بەچاتکردن لەگەڵ خواوەند و فریشتە و ئەهلی بەهەشت**
**تەریقەتت پێوەرناگیرێ لەخەیاڵ**
**زیکری جوانیت پێناکرێ**
**ناتوانی لەمێرگوزارەکانی بەهەشت ژوورێکی تەجاوزیشت بۆ مەیسەر بێ**

❊

**هەتا لەنێو چیرۆکێکی پێچراو بەتەم**
**لەنێو ژوورێک سیخناخ بەڕەمز و تاریکی دابنیشی**
**تاکو لەبەردەم شیعردا خۆت ڕووت و قووت نەکەیتەوە**
**هەتا مەمکەکانت نەنێیتە دەم شیعر و وشەی برسیم**
**تا باخچەکانی تەنیاییت لەنێو جزدانی متمانە نەهێنییەدەر**
**تا لەسەفەر بۆ یەکتری پێنەکەنین**
**تا لەکۆڵانەکانی غەدر و دڵشکان سەما نەکەین**
**نەدەمبینی و نەدەتبینم ئەی خانمە سەرکێشەکە**

**کانوونی دووەمی ٢٠١١**
**کەنەدا**

## چاوەڕوانی

ئەمڕۆ نییە و
میژوویەکە پەنچە تووتەی
هەست و نەست و خەم و خەندە و
یاد و بیرم داوەتە دەستی خۆشەویستیت
چەپک چەپک خەونەکانم بوون بە سێبەرێکی ڕژاو
بوون بەجەستەی هەڵتروشکاوی ژێر هەناسەی مۆمی کوژراو
لەسەر ڕێگای ئازادیدا پۆل پۆل کچ و کوڕی چاوگەش
بەچەپکە نێرگزی مژدە و بەمەشخەڵی ئارابخەوە لەسەر ڕێتن
ئەمڕۆ نییە و مێژوویەکە دڵی ئازادی و شۆریجە و ئیمام قاسم ڕەحیماوەم
دادەخوپێ و گشت ئێواران لەسەر کەلەکەی سێکانیان بۆ ڕزگاری یەکجارەکی چاوەڕێتن
ئەمڕۆ نییە و مێژوویەکە ڕیشی خەمم بۆ ئەم شارە درێژ بووە و هەر نایتاشم
چاوی چاوەڕوانیم کز بوو و بەچاویلکەی ئومێدەوە هەر دەڕوانم
نەدەست بەسەر مێزدادانی هیچ سەرۆک و
نە تووڕەبوونی پەرلەمان
تەنها جارێ بۆ برسێتیت
نەبوون بە کولێرە و بە بەنان

ئازاری ٢٠١١
کەنەدا





## زۆنی سپی...زۆنی ڕەش

ئومێدەکان بەڕیز بەشوێن یەکتردا دێن و لەسەر کورسی سیسبوونەوە دادەنیشن
چەند کاڵن وەختێ بەر لە فڕینیان ئەچن خیانەت لە دڵ ئەکەن و
لەنێو پەنجەکانی شەودا بەدەم باوێشک دانەوە جفرەی ئەستێرەکان ئەخوێننەوە
سەر ئەخەنە سەر شانی مانگێکی شکاو
بەبەردەمی شەوەکاندا دەستی غەدر و سوێند بائەدەن
بلیتی شەونخوونی بۆ ئاسمانەکانی دڵنیایی خەون ئەبڕن هەتا وەکو
لەگەڵ مەسیحە دەربەدەرەکانی ڕوحم بچن لەدەرگای یەئس بدەن
چەند ونن ئەو ماچانەی بەر لەئاشنابوون بە لێو و دەمی کۆستی مەراق کێشان
بێکەسییان قۆڵبەست ئەکرد و بەموئامەرەوە ڕەشەبایان دەنارد
بۆ سەفەرە نەهاتەکانی پێشوازی لە ئەهلی ئیرەیی و شەرم
لەمەودای نێوان خەیاڵی گەلایەک و گێرانەوەی بەسەرهاتی باخچەکانی نائومێدی
پیاسەکانم کراسێکی تەنک تەنک لەتەمی تار لەبەر دەکەن
لەوەجدی خەیاڵی خێرایی خەونێکا، گوڵێک لەسەر گۆڕی گومان دائەنێن و
عەشق ئەگرنە بەهەشت و داتاکانی سەرکۆڵانی زۆنی وەرینی کتێب و
داوەشانی قارەمانە شەرم لەخۆ کردووەکانی ناو ئەفسانەکەی گلگامش
لەسێبەری گرتنەوەی قۆڵی شیعرێکا

**لەتەنیشت پەڵە هەورێکی نامراد و تەزیوی دەست شێوەکارێکی بەدگومان لەهێڵ و ڕەنگ**
**سەرخۆش بەکێل و بە گۆڕی زێوانێکی غەرق لە تاوان و گوناە**
**لەسەر پشتی ئێوارەیەکی ترساوی بەردەم مەسحەفێکی سپی**
**یەئس دێ و لەم خۆرهەڵاتی تاریکییەدا بۆنی میسک و بۆنی جەنگ و بۆنی شکان**
**بۆ شەقامەکانی شەلاڵ لە شەرم و شەڕانگێزی و قەهر و خەیاڵ ئەیبرژێنێ**
**ڕووتبەرەوە لەبەردەم هەناسەکانی هەوری هاوینەی ئینجانەی پەژارەیی و**
**تەمی بزێوی سەر جادە تەڕەکانی نێوان عەشق و هەڵدانی کۆلارەی سەفەر ڕووتبەرەوە...لەسەر باڵی شەوە لاقەکراوەکانی هەفتەیەکی سکپڕ بەتراژیدیای سپی**
**ببە بە گۆرانی و بەسەرهات. لەبەردەم ئاوێنەی شیعرا ڕووتبەرەوە**
**تا کتێبێک لەسەر جووتبوونی خەیاڵ و وشە و ڕەنگ و دەنگ و هێما**
**لەسەر جووتبوونی ئومێد و نائومێدی ئەخوێنییەوە**
**خەونێکی سوور لەبەردەم شەهوەتی شەوا خۆی ڕووت و قووت ئەکاتەوە و کراسێ لەهەور ئەپۆشێ**
**بەسەر ئەندێشەکانی خەم باز ئەداو بەگالیسکەی پێشبینییەوە دوورگەکانی مراز بەسەر ئەکاتەوە**
**چرایەکی سکپڕ ئەگرێ بەدەزگیران**
**هەینییەکانیش چەند کاژێرێ لەسەر فەیسبووک ، سڵاو لەچەند شیعرێ ئەکات**
**وێنەی گەنجی خۆی دائەنێ و چەند لایک و چەند کۆمێنتێک بۆ هەتیو بوونی باران و**
**نەخۆشکەوتنی تەنیایی ئەنووسێت و سێ چوار حەزی جوان ئاد ئەکات**





**پەڕێک لەباڵی ئومێدم بەچاویلکەی دوودڵییەوە چاوکز چاوکز شەقامەکانی بەر باغی زویربوون و**
**گۆڕەپانی ماڵئاوایی و شۆستەکانی گومان لەپاڵ یەکتر دائەنێن**
**وێنەی ئەگرتن بۆ بەردەم سەفەری شیعر و شەرم و شکۆ**
**منیش چەترێک لە نیگەرانی و باوەشێنێک لەترس بەنێو زۆنی ڕەش و سپی ئەگێڕم و**
**ڕەهێڵەیەک لە وشە و ماچ وەکو تارا ئەدەم بەسەر ئاسمانی ڕوح**
**ئەندێشەیەک ئەسپێرم بە کۆچی ڕەوە ئەستێرەیەک**
**نامەیەک ئەدەم بە غوربەت.**

**ئازاری ٢٠١١**
**کەنەدا**

**تێبینی : ئەم شیعرە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٧٤٣ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاو بۆتەوە.**

## نەخشەکانی ڕێگای گەڕیدەیەکی تەنیا

**بۆ هەست بەبۆنی سەفەر ناکەی ئەی موسافیر**
**کەخاک بوویێتە غەریبێ و**
**بەشەرمەوە نیگاکانی بنێرێت بۆ ژوانی ماچ و**
**یاسەمینەکانی حەسرەت بخاتە نێو ئینجانەکانی باران**
**کەڕێگا بەسەرمەوقولانج بێتە پێشوازی پەنجەرە و**
**بەردی ئەڵاس گەڵا دەرکا**
**بۆ هەورەکانی سەر دوورگەی تەنیاییت جێهێشت ...موسافیر**
**کەتۆ سەرت بەسەر سینگی دەریا کردوو و خەونت ڕواند**
**بەجۆلانەی باهۆزەوە دیلانێت بۆ گۆرانییەکانی غەم ساز کرد**
**لێم مەگرە ئەی موسافیری ونبووی هەناوی نەخشەکان**
**ئەی پاسارییەکەی ئاسمانی شیعر لێ قەدەغەکراوم**
**من پیرەگەنجێکی ئەغیارم دڵم نایەت لەنێو دوکەڵی وەهمەوە**
**بچمەوە کن زەردەخەنە وشکبووەکانی ڕەشەبا**
**دڵم نایەت ڕۆژنامە بێ وشەکان بەرم بۆ سەر مێزی نائومێدی**
**پیرە گەنجێکی ئەغیارم ئەی موسافیر**
**بۆن بەو نیگایانە بکە کە لێم ونبوون**





**دەستی ئەو تیشکانە بگرە کە بەدزی هەتاوەوە ئەچن لەباخچەی خەیاڵا**
**وێنە ئەگرن لەگەڵ قەفەس و کولانە و کوخە بێکەسەکانی پاڵ**
**دیوارێکی تەنیا و تەریک**
**دڵی ئەو کۆتر و دارمێوەم بۆ ڕازیکە وەختێ بۆڵە پەرسیلەیەک**
**ئەگۆڕنەوە بە گمە ڕەش و سپییەکانی قەراغ جادە چۆڵەکانی نزیک**
**ناسینەوەی وەرزی نەعناع**
**دەستی دڵم بگرە ئەی موسافیری خاڵی لەبۆن**
**کەی ساباتی هەناسەکانی ئیلیۆت و ئۆکتاڤیۆ پاز**
**دەبنە شوێنی سەرخەوشکانی دێوانەکانی غوربەت**
**کەبای غەریبی پەنجە بەنێو قژی گەڕانەوەدا دێنێت**
**بەچ چاوپۆشینێکەوە ماچەکانی خۆشەویستی سزا ئەدەی**
**ئەغیارم ئەی گەنجیی ئەغیارم**
**بەچ شێوازێک دەنگ و قریوەکانی ڕوح**
**لەپردی سیراتی خەما دەپەڕێتەوەو**
**بەبۆراقی خەیاڵەوە دەچێتە سەفەری گەڕیدەکانی تەنیایی**
**سێبەرەکانی ئیمان چۆن ئەنێریتەوە بەر خوێندن**
**بە چ مافێک مانگ زویر ئەکەی**
**خەم ئەخەیتە ناو تەرازووی دادپەروەرییەوە و**
**بۆنی ڕێگا و سەفەر ئەکوژی**
**ئەغیاری بەرەو کوێ ئەبەی**
**ترمۆسی عەشق چۆن پڕئەکەی لەقاوەی خەم**
**بەکوێدا ڕێگا ون ئەکەی**

**پەیكەرەكانی سەر ڕێگای چوونەوه بۆ لای تەنیایی  چۆن ئەدوێنی**
**پیاسەكان چۆن لەسرە دەردەهێنی و ئەیانبەی بۆ كەنار دەریا و**
**پاركەكانی خاڵی لەگوڵ و دار و گیا**
**هەست بەبۆنی سەفەر بكە ئەی موسافیر**
**تۆ خۆت ئێستا بەشێكی لەبۆنی سەفەر**
**بەشێكی لە دڵشكان و پەشیمانی**
**قۆمەتێكی لە دوودڵی و بارستاییەكی لە گومان**
**ئاراستەیەكی لە گەشت و ڕەهەندێكی لە تێپەڕین**
**جۆگەیەك لەگلەیی و ئۆقیانووسێكی لەخەون**

**ئایاری ٢٠١١**
**كەنەدا**

**تێبینی :**
**•ئەلیۆت شاعیری ئەمریكی بەرەچەڵەك بەریتانییە و ڕۆبەرت فرۆست شاعیری ئەمریكییە.**
**•ئەشیلۆس هێمایە بۆ كەشتی ئەشیلۆسی ڕۆمانی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی عەبدولڕەحمان مونیف.**

**تێبینی : ئەم شیعره لە گۆڤاری نەوشەفەق ژمارە ٨٢ ی ساڵی ٢٠١١ بڵاو بۆتەوە.**





## ندی و بدی

**لێم دەبووری ئەگەر بڵێم**
**هەرگیز مەمكی توند و پڕی وام نەدییە.**
**خۆ دەمبەخشی ئەگەر داوای ماچێك بكەم**
**خۆ پێمناڵێی وەی وەی لەو ندیو بدییە.**

**٢٠٠٩**
**كەنەدا**

## کەس وەکو من،
## کەس وەک ئێمە تەنیا نییە!

**بەگەڕان بەهەموو ئەستێرەکانی خەیاڵ و**
**سەرکردن بە کونی ڕەشی هەسارەکانی بوونا**
**لەژێر لەرینەوەی ژێی گەشتی ڕەنگەکان، لە بۆشایی**
**لە پەنای هەتاوێکی پیر و خامۆش**
**کە تیشکە لاوازەکانی لەمێژە دڵی هیچ تاریکییەکیان ڕووناک نەکردۆتەوە.**
**لەچاوەڕوانی ماڵئاوایی ئەو بێدەنگییە گەورەیەیەی**
**جگە لە زمانی ڕەنگ و سەفەرکردن**
**جگە لەزمانی تەنیایی زمانێکی تر شک نابات بۆ گفتوگۆ**
**تەنیایی گەمارۆی داوم**
**هەتاوە تاریکەکان لە کوێن ئەی گومان؟**
**کەتۆ دەستێکیت بە ماچکردنی ئەستێرەکانەوە گیرابێ و**
**دەستێکی تریشت خەریکی لاوانەوەی تریفە ڕژاوەکانی ئەو "مانگ"انە**
**بێت کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە**
**لەکوێدا گەردوون پێناسەکەی فڕێئەدا و**
**دێت لەبەردەم عەشقێکی ئەزەلییدا ژیان ئەدا بەتاریکیی**
**تەنیاییم لە کوێیە بۆشایی؟**





**کە من لەکات ئاڵا بم و**
**شوێنیش بەند بێ بەچرکەکانی بوونەوە**
**بۆ کوێ بڕۆم تا هاودەمێک بدۆزمەوە لەدەرەوەی کات و شوێنا**
**سواری پشتی خەیاڵ بووبێ و**
**لە تەنیاییە لەبن نەهاتووەکانی بوون**
**لەسەر ڕێگای کاکێشانی ئەوینێکدا**
**گوڵ دابنێ لەسەر بوونی ئەو مەخلوقە سەرسوڕهێنەرە تەنیایەی**
**ناوی لەخۆی ناوە مرۆڤ**
**لەتەنیایی خۆمدا ونم**
**دەنگم ناگات بەهیچ شوێنێک**
**چرکە نامبات بەرەو باوەشی هیچ ئەستێرە و هەتاوێک**
**دێم جێگۆڕکێ بە هەفتە و مانگ و ساڵ ئەکەم**
**ساڵ دەکەم و بە چرکەیەک و**
**ڕۆژیش دەکەم بەسەدەیەک**
**هەر بۆ ئەوەی گوێم لەدەنگی نەبیستراوی تەنیای خۆم بێ**
**هەر بۆ ئەوەی خۆم لە خۆمدا بدۆزمەوە**
**ئەوسا ئیتر ڕەنگە مەرگ مانایەکم لا پەیدا بکات**
**تا ئەو ساتە من تەنیام و**
**کەس وەکو من،**
**کەس وەک ئێمە تەنیا نییە!**

**تەمموز و ئابی ٢٠١١**
**کەنەدا**

## خۆ فڕێدان

لەلێواری تاریکییەوە وەختێ خونچەی مردن بەسەر داری ژیان دێتە بارین
بەهاوڕێتی حەوشەیەک لە بیرکردنەوە و
هۆدەیەک لە پێکەنین و
دەلاقەیەک لە تێڕامان
بەسەر جادەی عەشقەوە دێم
تـا لەقەراغ زەمەنەوە بە یـو تێرنێـک ئەچـمەوە لای بەرینـایی هەڵـدانەوەی کتێبەکان
ئەلبێشکێکی ڕەش وسپی بۆ پشووی سەفەر ئەنێرمە مەملەکەتی منداڵەکان
فتیلەیەک بۆ چرای هەناسەکان و
لیفکەیەکیش لەجودایی ئەدەمە دەست ناترەکانی غەریبی
لەسرِە درێژەکـانی دەرهێنـانی خەم هەر بەدرۆ شقارتەکەم فڕێ دەدەمە سەر زەوی تا لەهەڵگرتنەوەیدا
تەماشای ڕانی کچە تەنوورە لەپێکەی بەردەمم بکەم
بەدانیشتنەوە لەسەر بلۆکێکی چیمەنتۆ وێنە ئەگرم
بەمەرجێ ماسوولکەکانی شان و باڵی تەنیاییم دەربچێت و
لەپشتەوەش خەیاڵ واژووی لەسەر بکات
تاڵەرێحانەیێ بۆنسز ئەنێمە بنا گوێم و
سەر لووتی شیعرم ئەکووتم
قاپقاپ دەکەمە پێی گریان
دوو دوو و سێ سێ وەرزەکان ئەبەم بۆ شانۆ و ئەو کۆنسێرتە قاچ ڕووتانەی
زەوقی فەنام پێی هەڵئەسێ
دارلاستیکێک لە چوپی ژمارە و پێوان لەمل ئەکەم





نیتاقێکی لێکدانەوە لەپشت ئەکەم و
لەناو بازاڕی سەفەردا شووتی شیعرە هەتیوەکان بەشەرتی چەقۆ ئەفرۆشم
بەدار گەزەکانی ستایش و سەرزەنشت هەڵئەگەڕێم
چەند پێڵاوێکی لاستیک و
دوو کۆنە مەنجەڵی فافۆن
ئەدەم بەنەفەرێ کەبابی غەریبی
بەپاسـکیلێکی سـێ تـایە ئەچـم بـۆ گەشـتی ئەفـسانە و حیکـایەتە تۆمارنەکراوەکانی ناو مێژوو
بەگژ ئەژدیهای لاستیک و
ماری دوو سەرەی فیشکەفیشکەری ناو کتێبی علوم دا دەچمەوە
هەتا ناوی عەسکەریم دێ و جارێکیتر فیرار دەکەم
خـۆم ئەکەمەوە بەشـاری تەزویرکـردنەوەی ناسـنامە و نووسـینی نـامیلکەی دەستنووس
بێئەوەی کەس پێمبزانێ ئۆپەرێتە شیعرییەکانم
لەسەر سەکۆ و شوێنی دامەی پیرەپیاوەکان دەردەهێنم
شەویش ئەچم پاڵ دەدەمە دار تێلە گلۆپ شکاوەکان
خۆم لەماشێن و شەقام و مرۆڤەکان ئەبوێرم و
سواری پشتی گەلابەیەک لەبێئاگایی ئەبم و ئەچم
تا لەخێراییەکی فرە خێرا خۆم فڕێ دەدەمە خوارێ و
ئەوسا دەمرم...
د..ە..م..ر..م..
م...ر...م...

**ئەیلولی ٢٠١١**
**کەنەدا**

## عەشق

من بەعەشقی تۆ چاوم تەڕ ئەکەم
ئەدەم بەشانما پریاسکەی ئەوین
تریفەم خستە بەر نیگای جوانیت
بۆ چرپەی ڕاز و ڕۆژی دڵ وەرین

کەناری دەریا جێگا ژوانمە
نازی شەپۆڵ و باڵندە ئەگرم
هەورێک کەسێبەر ئەخاتە سەرم
وەختە لەخۆشیا جووتێ باڵ بگرم

تەمەنێک لەخەم ڕۆیی و تێپەڕی
خەریکە گەنجیم بیربچێتەوە
لە بیابانی تەنیایی ئەژیم
خۆزگە مەرگ بێ و بمپێچێتەوە



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

دیوارم هەڵچنی لە جەور و تاڵی
پێم وابوو ئیتر نابمەوە مناڵ
کەلەتاراوگە جەستەم بوو بەگڕ
ئینجا کەوتمەوە یاد و گڕوگاڵ

من تۆم خۆش ئەوێ بەقەد بینابیم
نازانم دڵت بۆچی وا ناڵێ
ئەزانی ئیتر بێ تۆ هەڵناکەم
بێ تۆ هەم تەنیام هەم پەشێو حاڵی

گومانم نییە لە عەشق و هەستم
شیعرم هێناوە بۆ بەردەمی تۆ
هەموو دینەکان بەجێدەهێڵم
بۆ چاوی ڕەش و دڵی گەرمی تۆ

بناری شاخ و باوەشی گەرمی
باڵندە و شەپۆڵ بەدڵ ئەسپێرێ

لەگەڵ گزنگا چاوم تەڕ ئەبێ و
هەزاران پەیام بۆ ژین ئەنێرێ

بڵێی دڵی من لەبری تارا
پەلکە زێڕینە بدات لەسەری
لەجیاتی ئەسرین گوڵ ببارێنێ
بەرچنی ئۆخەی بکاتە بەری

بڵێی ئاوێنەی ڕوخساری ئەمڕۆ
سیمای شەکەتم ڕاژەنێ دەم دەم
یان لەتاوێری بەرز و بڵندی
مەشخەڵێ بدات لە سیمای سەردەم

شوباتی ٢٠٠٢
- کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣
کەنەدا



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

## وێنەیەکی ڕەش و سپی نێو دەروونی پڕ سکاڵام

لەچاوەڕوانی ئاوی پێم داهات
سۆمایی چاوم بوو بەگۆمی خوێن
تۆ هەر نەهاتی ، نازانم بۆ چی
خۆ لەدووری تۆ نەجێم هەس نەشوێن..

گەڵای وەریوی پیرەدارەکان
شایەدی حاڵی تەنیایی منن
چیمەنی سەوز و جوانی ئەم شارە
هەموویان لەبەر چاوی من ونن.

کێڵگەی زۆر خەونم بۆ خۆم ئەکێڵا
ئومێدی زۆرم دەنایەسەر ڕێ
لەگەڵ هەر خەون و ڕاچەڵەکینێکا
مەرگی زۆر هیوام دەهاتەبەرپێ

قژی زۆر خۆزگەم ئەهۆنیەوە

**بەختم یار نەبوو ئەکەوتم بەدەم**
**خۆ نائومێدی دڵی تەنیوم**
**بووم بەموعجیزەی ڕۆژگار و سەردەم.**

**بەگوێی ئاسمان و زەویم دەچرپاند**
**بەڵکەئەستێرەی بەختم بۆ هەڵبێ.**
**لەئاست لافاوی خەم و تەنیایی**
**دڵی بەدبەختم نەیتوانی هەڵبێ**

**زۆر جار چۆلەکەی خەیاڵ دەیجریواند**
**کۆشکێکی وەهمی دەبووەمێوانم**
**هەرگیز نەمتوانی دەستم بیگاتێ**
**حەسرەت لەتاوا جەستەی شێوانم .**

**گەلێک دەروازەم بەڕوودا داخرا**
**سەرم سووڕ دەما لەبەختی ڕەشم**
**بووم بەپارچەیەک لەبێئومێدی**
**بەدبەختی بووەهاوەڵ و بەشم**

**نەمزانی چییەخەندەو پێکەنین**
**دڵم نەیدیوەئاسوودەو خۆشی**
**مەراقم بووەیەک زەردەخەنە**





**لەبری قاقا ، زەجراوم نۆشی**

**ئێستا هەیکەلم گەنجێکی پیرە**
**شەو گارێکی ڕەش دەوری تەنیوم**
**خوێنم سەراتاپا خەم چڕینیەتی**
**نەک جەستەی تەواو ، کەمتر لەنیوم.**

**هاکا تەمەنم هاتەکۆتایی**
**لەگۆڕا شادی ببینێ دڵم**
**ئەوسا  خەندەیەک بێتەسەر لێوم**
**ئۆخەیەک بکا جەستەی ژێر گڵم .**

**خەزانێک نەما نێتەمێوانم**
**بوومەنێچیری ئازارێکی سەخت**
**هیوایەک نەبوو نووتەکی عومرم**
**دەستەمۆ بکاو بنۆێ لەگەڵ بەخت**

**بەپەیژەی گەلێ خەونا سەرکەوتم**
**هیچ ئاستەنگ نەما نەیەتەسەر ڕێم**
**چی ئەبوو ئەگەر لەگەڵ ئەوینما**
**سوجدەی بردایەخۆشی لەبەر پێم**

من بەد گومانم لەتەزرەو باران
نەمامی گەنجیم بۆتەخۆڵەمێش
چ كارەساتەلەئینجانەی بوون
بژاكێ عومرم لەنێو خەم و ئێش .

ڕۆژگارێك ژیام ، تاڵ و سوێر تێكەڵ
سەرتاپای ژینم شەپۆرو خەفەت
لەتاو ئازاری دەردی تاراوگە
بووم بەپیرێكی پەكەكەوتەو كەنەفت

خۆزگەسەد خۆزگەبۆ تەنها یەكجار
زەمەن ڕێم بدا بچمەوە دوێنێ
ئەوسا ئەمزانی بەچ زمانێ دڵ
عەشق و ژیان و جوانی ئەدوێنێ

ئابی ٢٠٠٢
تاران - ئێران .





## چوار كورتە گۆرانی

بۆ ساڵیادت ئەی شارەكەی سلێمانی
ئەبمە مۆم و
تۆش بزە و خەندەی لێومانی

بۆ دهۆكی جوان و دەلال
خوێنم دەكەم
بەروبار و تاڤگە و شەلال

لەبۆ قەرات و منارەش
چیم پێبكرێ دەیكەم ئەگەر
ملم بدەن لەقەنارەش

بۆ دڵ و خۆر و قودسەكەش
دڵم دەكەم بەشەقام و
عەشقیشم دەكەم بە نۆبووك
تاكو هێزم تیا بێ دەڵێم
سڵاو لەتۆ سڵاو كەركووك

كانوونی یەكەمی ٢٠١١
كەنەدا

## مەستی و شەراب

**کەسەرخۆش بم توخوا گیان بگرەدەستم**
**دڵت با بلاوێنێ هۆش و هەستم**
**کەمن پەروەردگار پێی بەخشیم شەراب**
**قەسەم بەمەستی بەچاوی تۆ مەستم**

**کەدیت زەردەپەڕ ئەمهێنێ بەلادا**
**نەکەی پەرچەم دابهێنی بەلادا**
**دەیان ساڵەلەدوای ئەوینت وێڵم**
**سەری عیشقم نەدەی بەدەست جەللادا**

**کەخۆر ئاوا ئەبێ و شووشەم بەتاڵە**
**ئەڵێن کوانێ لەکوێن ئەو چاوەکاڵە**
**کەتۆ دوور بی لەمن تاوانم چییە**
**هەنگوین بخۆم لای من بێ تام و تاڵە**

**شەراب ناخۆم ئەوەشەرابەئەمخوا**
**دەڕووی خۆت وەرمەگێڕەگیانەتوخوا**
**کەمن بەشەرابی ڕوانینت مەست بم**



به باوەشێك له فەناوه نیشتمانی زوێر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

**ئیتر مەی و شەراب چی لێبکەم توخوا**

**کەخوا خوڵقاندمی بۆ کەیف و خۆشی**
**گووتی تا ئەمری با شەراب بنۆشی**
**ئەگەر شەوێ بنووی بێ مەی و شەراب**
**دڵت نامۆ ئەبێ بەجۆش و خرۆشی**

**دڵم مەستەهەر وەک خۆم مەستم بەمەی**
**شەرابم نۆشی و عیشقم دوورەلەوەی**
**بەئەشئەی دڵ هاتمەسەر جۆش و سەما**
**مەڵێ کوا ئاهەنگ کوانێ مۆسیقا و نەی**

**شوباتی ٢٠١٠**
**کەنەدا**

## تەنیایی و شیعر

بالأی عەشقم بڵندەوەک بالأی هەور
ئاپوورەی خەون ئەمداتەبەر بێ ماڵئاوا
کۆچێک ئەکەم هەر تەنیایی هاوڕێمەو بەس
بەرەو دوورگەزۆر تەنیاکانی خۆرئاوا

چ خەیاڵێک ئەمخاتەسەر لەپی باران
لەبەردەم کام قەتارەی غەم دڵ ئەبەزێ
کام پەرسیلەی خۆشەویستی بنێمەدەم
تاکو ڕوحم بەشەتاوی تۆ بتەزێ

دەمم پڕ بێ لەوردەئاونگی خەیاڵ
هێشتا ئاسمان خۆی ناکا بەنیشتمانم
لەشارێکا کەوتمەشوێن کۆڵانەکانی
تا لەسیلەی نیگایەکتا دەرچێ گیانم

هەتا توانیم هەر هەورم کرد بەدەزگیران
کەچی کچەقەیرەکانم لێ هاتنەدەنگ
کاتێ نامەی دڵداریشم نارد لەبۆیان
ڕایان کرد و وشەکانمیان خستەبەر جەنگ



به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

لەسێبەردا دڵم لای تیشکی هەتاوە
لەگۆرانیش من قارەمانی دڵداریم
چ شەوێکەو دەرگاکان دەخرێنەسەرپشت
تاکو بفڕن باڵندەکانی بێداریم

ئێمەگەردین دەبینەوەبەگەرد و تۆز
دەبێ بەهای ژین و مرۆڤ لەچیدابن
بۆچی خەندەهەندێ لێو دەکا بەمۆڵگەو
هەندێکی کەش قوربانی دەم ڕەشەبابن

هاتنەسەر ڕێم گەلێ باخچە و کەناری جوان
دڵم نەهات بشکێنم دڵی ناسکیان
گەلێ کیژی سینگ مەڕمەڕی و بەژن زراڤ
دەستیان هێنا قۆڵ بکەمەقۆڵ و باسکیان

وێنەی گەلێ بەهەشتم دی سەرم سوڕما
بۆچی خەڵک عەوداڵن بەشوێن بەهەشتا
بەهەشت نەلەژێر پێی دایکەو نەلەئاسمان
بەهەشت خەیاڵەو چێژێکەوا لەلەشتا

سەرەتای تەمموزی ٢٠١٠
کەنەدا

# ئاشت بوونەوە

چ حەوەجەت بەدەستەوەگرتنی سەبەتەیەک  گلێنەیە
کەبینابیت وەک قوڕی شل پەنجەرەکانی بینینی سواخ دابێ
بەدەست بەتاڵییەوە لەدەرگاکانی نائومێدی مەدە
کەتۆ چەپکێ هیوات خستبیتە ناو گیرفانی دڵەوە
ئەی مەفتوونی خەون، ئەی نیشتمانی عەشق
دەبێ سەفەری مەعشوقەکەت چەند لەبەر دڵ گران بووبێ
چ ئارامییەکت بردۆتە ماڵی جوانی
وێنەی چ ئەدمیراڵێکت بەدیواری سەفەرەوە هەڵواسیوە
لەقیستڤاڵەکانی مەرگا سەمات لەگەڵ چ وەرزێکی بێڕەنگ کردووە
میزاجی کامە سەفەرت خوێندۆتەوە
ئەی مەعشوقی قەلب، ئەی پەروانەی وەجد
سەراسیمانە چ شاگەشکەبوونێکت هێناوە بۆم
بەباڵی چ زەردەپەڕێکەوە بە ئاسمانەکانی ڕوحدا فڕیت
شیعرت بۆ چ نیشتمانێک هۆنیوەتەوە
"لەبنبمیچی هەورێکەوە سەرابی گڵکۆی خۆم بینی
تەنیا و تەنیا تۆراو لەنەغمەی پەپوولە و
لەفڕینی نائومێدی و لەگریانی بۆڵە پەرسیلەی جودایی
تەنیا و تەنیا پشت لە شڵپەکانی شەپۆڵ
ڕوو بە قەسیدەیەک لە ماچ





کەرنەڤاڵێک لە ئیرەیی بەدەورەوە
بۆنی بەدەست ڕەهێڵەوە ئەخستە نێو قووتووی بیرکردنەوە و گومان
بەرانپیلێک لە بێکەسی ئەدا بەسەر چاڵوچۆڵمی ڕاستەڕێگانی مردن
لێی نووسرابوو " من بیر ناکەمەوە ..کەواتە من نیم...سەرخۆشێک"
سەرابی گلکۆم جێدێڵم و ئەچمە سەر دارگەزی ڕوانین
چاویلکەیەک لەتریفە لەچاو ئەکەم
ڕۆژنامەیەک لەڕۆژنامە بێ وشەکان ئەکەم بەسفرەی خواردن و
کێکێک لە ئاسوودەیی دەنێمە سەر مێزی وەهم
گریمانەیەکی بێعار و
گوێسوانەیەکی زویر لە چۆلەکەی فڕیو و
هەورێکی قەڵس بەهەتاو و
شەقامێکی لەتوپەتکراو بانگێشتی گفتوگۆ ئەکەم
حیکایەتی ئاشتبوونەوە دەخوێنمەوە
ئاشتبوونەوەی مەرگ و ژیان
ئاشتبوونەوەی نیشتمانیکی کوژراو  وشاعیرێکی مەنفاخنکاو"
من نامەوێ ئاشت بمەوە ئەی نیشتمان
ئەوە نییە بەسەر تەرمی مەستی و شەراب
ئەچن گوڵ ئەبەن بۆ دۆزەخ
عەشق ئەدەن لە سێدارە و
خواش لەتاوان هەڵئەکێشن
ئەوە نییە سێبەرەکانی بەختەوەری ئەکوژن
ئازادی ورد و خاش ئەکەن

**لەدوورەوەش کەدەستیشیان بە شیعر ناگات**
**هەناسەی سارد هەڵئەکێشن**
**ئاشت نابمەوە ئەی نیشتمان ئاشت نابمەوە**
**سوێندم خواردبوو گەر بێمەوە بتبەم بۆناو باخچەکانی خەون و ئومێد**
**پیاسەی ناو کۆڵانەکانی تاراوگەت بۆ بگێڕمەوە**
**هەر پێکەوە بەسەر مەملەکەتی خەون**
**پەنجەرەکان پڕ کەین لە خەندە و ڕووناکی**
**جەستەی ژیان بەسەر بەختیاری بگێڕین**
**سوێندم خواردبوو هەر پێکەوە بین بە ساقی**
**ماڵەوماڵ شووشە مەی و پیاڵەی شەرابی خۆشەویستی بگێڕین**
**نا...لێمگەڕێ ئاشت نابمەوە ئەی نیشتمان**
**ئاشت نابمەوە.**

**کانوونی یەکەمی ٢٠١١**
**کەنەدا**





## لەرزین لەبەردەم سەرسامیدا

**ئەگەر بڵێم خۆشم ئەوێی**
**تاوانبار نیم**
**لەبەردەم گەورەیی عەشقا**
**نازانم چیم**
**هێندەنەبێ بەختەوەریی لەچاوی تۆوەئەبینم**
**تۆم لێ دوور بێ، وەکو کوێر وام**
**هیچ نابینم.**

*

**گەلێجار لەخۆم ئەپرسم**
**ئەبێ خۆشەویستی چی بێ**
**هەست و سۆزەیان چاوی تۆ**
**زۆر کەڕەتیش لەنیوەشەو**
**وەئاگادێم بەناوی تۆ**
**ئەشەو تەنیاییم دەبات و**
**ئەڕۆژ دەبێ بەهاودەمم**
**لەم بێ تۆییەترسناکە**
**ناوت دێنم پڕ بەدەمم**

*

**جارێکیان بەکچێکم گووت خۆشم ئەوێی**
**وتی تۆ وەکو برامی**
**گووتم ئێ گوناهم چییەلەم شەوەزەنگەتاریکە**

**تۆ تەنها خۆر و چرامی**

*

**لە پەیمانگا کچێک هەبوو**
**جوان هەر وەکو دەنکەترێ**
**لەو کچانەی هەم تریفەو**
**هەم شاجوانیان پێ ئەوترێ**
**ویستم پێی بڵێم تۆ جوانی و حەزم لێتە**
**هەتا ئێستاش هیچم نەگووت**
**دەترسام پێم بڵێ شێتە**

*

**جلی کوردی بپۆشە**
**قەشەنگی بەو جلەوە**
**شازادەی ناو جوانانی**
**بەدەم پیاسەی ناو پارک و دەستەی شل و ملەوە**
**هەرچی جوانی خوا هەیە**
**لەتۆدا کۆبۆتەوە**
**تۆ ئەو سیحری شەنگییەت**
**جێم مەیەڵەلەخۆتە**

*

**بڵێ بەچی ئاشت ئەبیەوە**
**داوای لێبووردنت لێ بکەم**
**ماچت بکەم، یاخود دیاری بهێنم بۆت**
**تۆ بۆ ئاوا بێ ئەندازەدڵ ناسکی**
**هەم ئازاری من ئەدەیت و هەمیش هی خۆت.**





*

**کتێبێکم لەخۆشەویستی تۆ پێیە**
**وشەکانی لەباوەشن و**
**لاپەڕەکانی لەماچن**
**دڵم نایەدەستی لێدەم**
**ئەڵێم نەوەک لاپەڕەکان پەڕپەڕ بن و**
**لەتوێی کتێبەکەلاچن.**

*

**سەرزەنشت ناکرێم، دڵنیام**
**شیعر بنێرمەبەر دەرگای**
**ژنی نەشمیل و ناسک و ئاڵ**
**باوەڕ بکەن نەخوا و نەکەس لۆمەم ناکا**
**بۆ ژنێکی سینگ بەرز و تەڕ**
**شیعر بکەم بەمۆڵگەو ماڵ**

*

**خەتام نییەکەسەرنجم بەلای ژنی جوانا ئەچێ**
**چەند بێ گوناهم خودایە**
**وەختێ ئازارێ ئەبینم**
**نەک هەر هۆشم، زمانیشم لەگۆ ئەچێ**

**من لەبەردەم جوانی ژنی شۆخ و شەنگا**
**ژنی پەری ئاسا لاڵم**

**ئەو ساتانەمەگەر هەر شیعر بتوانێ**
**گوزارشت بێ لەهەست و سۆز و لەحاڵم**

**وەختێ جوانێ دەرئەکەوێ لەبەرچاوم**
**ئیتر لەیادم نامێنێ**
**شاعیرم یان چیبەناوم**

**تائەوپەڕی لەزەتبەخشین ئەڕوانم لێی**
**هەر لەتەوقی سەرییەوەتاکو نووکی پێی**

❊

**ئەم نەورۆزە**
**جلی کوردی ئاڵو والآم بۆ بکەبەر**
**خۆت لەتەلی جوانی بدە**
**لەنووکی پێ تا تەوقی سەر**
**با تێر بۆنی نێرگز بکەم**
**هەڵمژم بۆنی سینگ و مل**
**تۆ نازانی ئا بەو جلەکوردییانەوە**
**چەند نازداری، چەند شل و مل**

❊

**شاگەشکەبووم  ئەو سینەبەرزەتم بینی**
**مەست بووم بێ خواردنەوەی شەراب**
**کەدەرکەوتی ڕوحم هاتەلەرزین کەچی**
**لەپڕێکا ون بووی لەبەرچاو وەک سەراب**





**کەهێند تەڕی**
**من چی لەدەریای شین بکەم**
**کاتێکیش کەجێم ئەهێڵی**
**توخوا ناهەقمەشین بکەم**

**بەئەندازەی ئەو جوانییەی چاوم بینی**
**دڵم لەرزی کەچی ئەمما**
**شیعرێکی ڕۆمانسیم نووسی**
**ئەو مەمکانەی سەر سینەشت**
**کەوتنەسەما لەبەردەمما**

❊

**هیچ گومانم نییەکەتۆ فریشتە بی**
**لەم گەردوونەجوانیت بۆ من عیشق و تینە**
**کەخوا هێندەدەست ڕەنگینە**
**ئیتر بۆچی سەری کڕنۆش دانەنوێنم**
**بۆ جوانی تۆ و خوا لەم ژینە**

❊

**گەر خوا تۆی ناردبێ بۆ لام**
**ئیتر شیعر و وشەو زمان قەت تاڵ نابن**
**کەخوا نووری خۆی لەتۆدا تواندبێتەوە**
**ئیتر خەیاڵ و فەنتازیا و جوانی و شۆخی**
**لەبەردەم پەیکەری جەستەت چۆن لاڵ نابن**

❊

**وێنەت ئەسپێرم بەچاو و**

لەخەیالاّ ئەتكەم بەشاژنی عەشق و
بەفەرمانڕەوای مەملەكەت
تۆ لەدەیجووری شەوی من هەتاوێكی بێ هاوتا بی
منیش ئەبم بەنەسیمێكی بزێو
لەسەرەخۆ ئەسمم جەستەی ژێر جلەكەت

❊

لەبەردەم قاوەیەكی سارد دانیشتووم و
ئەڕوانم لێت
تا لەنهێنی ئەو جوانییەت بگەم و
بێمەبەرپێت
تۆش ئازاد بەچۆن تێم ئەگەی
نەزان، گەمژە، عاشق، یان شێت

❊

من چیم هەیەبێجگەلەوشەو خەیاڵ و
بێجگەلەسەما و لەبەستە
خۆت پێمبڵێ جوانیت بۆ من دیاریی خوایە
بۆ تۆش تەمی شەنگی جەستە
من مەخلوقێكی جوانگرم
لەبەردەم تۆ و پەیكەری جوانی زەبوونم
ڕەنگەئێستاكەبزانی
چییەمایەی شیعر و بوونم.

٢٠١٠

كەنەدا

## پڕۆفایلی عەبدولا سلێمان( مەشخەڵ)

* عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) لەساڵی ١٩٦٤ لە شاری كەركوك لەدایك بووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی وپاشان پەیمانگای تەكنەلۆجیای لە ساڵی ١٩٨٦ هەر لە كەركوك تەواو كردووە.

* لە سەرەتای هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە شیعر دەنووسێ و لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامەكانی كوردستان و دەرەوەی كوردستان و سایتە ئەلەكترۆنییەكان شیعر و وتاری ڕەخنەیی ئەدەبی و سیاسی و جەماوەری بڵاوكردۆتەوە.

* بەشداری چەندین كۆڕی شیعری كردووە لە شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٨٣) و لە كەركوك لە ساڵی (١٩٨٥).

* سێ كۆڕی شیعری تایبەتی كردووە لە شاری ڤانكۆڤەر لە كەنەدا لەساڵی ٢٠٠١ و لە ساڵی ٢٠١٠ و لە كەركوك لەساڵی ٢٠١٢

* لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ جەماڵ كۆشش و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(هۆشەنگ) "حەلقەی ئەدیبانی كۆمۆنیست" دادەمەزرێنن و بۆ ماوەی سێ ساڵ ١٢ ژمارەی گۆڤاری ڕابەر دەردەكەن.

* یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی یەكێتی بێكاران لە كوردستان ١٩٩٢

* یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق ١٩٩٣

* یەكێك بووە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی بنیادنانی حیزبی كرێكارانی كۆمۆنیست/ عێراق ١٩٩٨

* سەرنووسەری چەندین ژمارەی ڕۆژنامەی "دەنگی بێكاران" بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٢ — ١٩٩٤ .

*ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هانا بووە لەنێوان ساڵانی ١٩٩٧—٢٠٠٠

* ئێستاش هەژدە ساڵەلە وڵاتی كەنەدا دەژێت.





## کتێبە چاپکراوەکان

* چرای شۆڕش شیعر (دەستنووس) ١٩٨٩

* دیوارەکان ئەڕوخێنین وەرگێڕانی بەشێك لە شیعرەكانی برێخت لە ژێر ناوی(دلاوەر حوسێن)(دەستنووس) وەرگێڕان ١٩٩٠

* چاوم لێیە شیعر ١٩٩٢

* چەند گۆرانی یەک لە جەنگەڵستانی ژیانەوە شیعر ١٩٩٢

* نامیلكەی ( دەربارەی قانونی جەمعیاتی حکومەتی هەرێم ) لێکۆڵینەوەودیداری سیاسی ١٩٩٣

* نامیلكەی (با ئاوڕێک بۆ دواوە تەکانێک بێت بۆ پێشەوە) لەژێر ناوی(مارف عوسمان) مێژوویی - سیاسی ١٩٩٣

* ڕژانی دڵۆپەکانی مەنفا شیعر ٢٠٠٥

* بیابانێکی پڕ لەدووکەڵ شیعر - وەرگێڕان ٢٠٠٦

* گوڵەمۆرەکان منداڵان -چیرۆک- وەرگێڕان ٢٠٠٦

* ئەلاس شیعر - وەرگێڕان ٢٠٠٧

* ئاکشن شانۆگەری - وەرگێڕان ٢٠٠٨

* لولا و سەگەکەی منداڵان - چیرۆک - وەرگێڕان ٢٠٠٩

* دڵی سەرباز شانۆگەری — وەرگێڕان ٢٠٠٩

* ڕاکشان لەتەنیشت تارمایی نیشتمانەوە شانۆگەری ٢٠١١

* کۆمەڵێ دەقی شانۆیی و چاوپێکەوتن -شانۆگەری و چاوپێکەوتن— وەرگێڕان٢٠١٢

## کتێبی ئامادەبۆ چاپ

* ڕۆیشتن لەژێر نمەبارانی وشەدا    شیعر
* بەباوەشێک لەفەناوە نیشتمانی زویر ماچ ئەکەم    شیعر
* لە پەنای ئێوارەیەکی مەخمەلیدا..گووتمان  دیدار و ووتار و وەرگێڕان
* لەژێر دووکەڵێکی ڕەشدا بیرەوەری کارەساتی ڕۆژی هەولێر
* فیفوخان و هاوڕێکانی    شانۆگەری - وەرگێڕان
* پاسارییەک گشت سبەینان ئەڵێ سڵاو    چیرۆک بۆ منداڵان – وەرگێڕان
* لەبەردەم خۆرئاوابووندا پێم دەگووتی خۆشم دەوێی کۆی بەرهەمە شیعرییەکانم ١٩٨٣ – ٢٠١٢





## ناواخن


* پێشکەشە
* پەیوەندیم لەگەڵ شیعردا  دانپیانانەکان
* بگەڕێوە دوو قسەم ماوە بۆ وتن
* قەسرین لەبەردەم نەخشەکانی بەرائەتدا
* گەلەرییەک لەخەتا و پەشیمان بوونەوەیەکی درەنگ
* پێکەنینێکی قەدیفەیی
* نیشتمانیک لەخەون و نەوەیەک لەفەنا
* وتەیەک لەبەردەم حەزرەتی مردن
* پۆترەیتی حوجرە پیرەکان
* تەریقەت لە ئاشوبگاکانی غەریبی
* کێن ئەوانەی چیرۆکەکانی خوا ئەنووسنەوە؟
* کۆدی پڕبوون لەمیهرەبانی
* دوعایەک گەورەتر لە دوعا
* منداڵتر لە پیریی
* من بەفەنا موعتاد بوومە
* لەدەرەوەی حیکایەتەکانی فەنا
* لەشەواندا دەبینە تەمتومانی عیشق
* پێچکردنەوە لەبەردەم خەیاڵەکانی "با"دا
* وەرزی بارینی باڵندە
* من و "با" و تابلۆیەکی سوریالی

- چەند نموونەیەک لە شیعری کۆنکریتی یان شیعرە وێنە
- پیریم جووتی کلاشی ڕەشی لەپێبوو وەختێ دەرکەوت
- خەونە ئالووسییەکانی شاعیرێک
- فانۆسێک لەنێو خەونێکمدا ونبوو
- خەونێکی شکاو لەنێوان "No"یەکانی من داواکانی تۆدا
- لەسێبەر ئەو دارە ڕادەکشێم کەپێی ئەڵێن داری خەون
- نەخشەی شارێک نقووم لە شیعر و هەتاو
- وردە وشەکانی دڵ
- ڕەشستان
- سەرنشینانی ئەو کەشتییەی ڕۆژێک ناوی لێنرا زەمەن
- ئێوارەیەک تیایدا دەگەڕێمەوە
- ئای کەچەند تەنهای نیشتمان
- بەشوێن بێدەنگیدا
- من پیاوێکم سیخناخ لەتۆ
- ئەو- من- ئەو لەخودێکی بێدەنگدا
- چەند وێنەیەکی کەمدوو
- ئێمە و مرۆڤ...مرۆڤ و ئێمە...وێرانە مرۆڤ
- ئەمەوێ منداڵ ببمەوە
- ئەستێرەکان ڕەشپۆشن..سەردەشت ئاوای گووت
- شارێک دێت و شاعیرێک بەسەر ئەکاتەوە
- جەنگەکان دەست پێدەکەن
- مانیڤێستی عەشق یا بۆنی سەفەر
- ونبوون
- ئەی خانم




به باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر ماچ دەكەم............ عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)


- نەخشەکانی ڕێگای گەریدەیەکی تەنیا
- ندی و بدی
- کەس وەکو من، کەس وەک ئێمە تەنیا نییە
- خۆفڕێدان
- عەشق
- وێنەیەکی ڕەش و سپی نێو دەروونی پڕ سکالام
- چوار کورتە گۆرانی
- مەستی و شەراب
- تەنیایی و شیعر
- ئاشتبوونەوە
- لەرزین لەبەردەم سەرسامیدا
- پرۆفایلی عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)
- ناواخن

**ئەو كتێب و بڵاوكراوانەی لقی كەركووكی یەكێتی نووسەرانی كورد پاش كۆنفرانسی ئازادی بەچا پی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ كە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی كتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٨ | خوێندنەوەی چەند دەقێكی | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | ٢٠١٠ |
| ١٠٩ | هەرمێیەكانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | ٢٠١٠ |
| ١١٠ | تەونێك لە شیعر و وشە | لێكۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | ٢٠١١ |
| ١١١ | ١ ١ ١ نامەی سۆزداری | تێكستی دڵداری | كۆكردنەوە و ئامادەكردنی: حەمە سەعید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | دانای كوێخا شەوكەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | سەمای روح | كورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف كاكەیی | | ٢٠١١ |
| ١١٤ | سلێكوك هۆكلێر عاجباتیی هەشتەم | ڕۆمان | عەبدوڵڵا سەڕاج | | ٢٠١١ |
| ١١٥ | خەزان و شنەی بەیان | شیعر | غازی ڕەشید زەنگنە | | ٢٠١١ |
| ١١٦ | بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاكانی هەولێر | لێكۆڵینەوەی ئەدەبی | د.هیمدادی حوسێن | | ٢٠١١ |
| ١١٧ | ئاوابوونی جەستە لە سەفەری دڵدا | شیعر | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان | | ٢٠١١ |
| ١١٨ | دەرگاكان | كۆچیرۆك | خالید مەجید فەتحوڵڵا | | ٢٠١١ |
| ١١٩ | تەنیا لەبەر مەعاشەكەیە | كورتیلە چیرۆك | بەكر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٢٠ | گەشەكردنی زمانی منداڵ | زمانی منداڵ | | و: د.ئازاد | |
| ١٢١ | لە لووتكەی ئەدەبی ئەڵمانەوە | لێكۆڵینەوەی | عومەر عەلی شەریف | | ٢٠١١ |
| ١٢٢ | وازییەكانی ڕەشەگۆم | ڕۆمان | كاكە مەم بۆتانی | | ٢٠١١ |
| ١٢٣ | شاری لە غەم ئاوسبوو | ڕۆمان | سالار ئیسماعیل | | ٢٠١١ |
| ١٢٤ | ململانێ لەگەڵ پرسیاردا | كۆدیدار | دانا عەسكەر | | ٢٠١١ |
| ١٢٥ | ئەو نامانەی بۆ پیرێتی خۆم دەیاننێرم | دەق | سوارە نەجمەدین | | ٢٠١١ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢٦ | عامُ الصِّفو | شعر | صباح رەنجدەر | ترجمە: المهندس محمد حسین رسول | ٢٠١١ |
| ١٢٧ | ڕاكشان لە تەنیشت تارمایی نیشتمانەوە | چەند دەقێكی شانۆیی | عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١١ |
| ١٢٨ | لقاءات تحت أشعة الحروف المشرقة | مجموعة حوارات | سردار زنكنە | | ٢٠١١ |
| ١٢٩ | دزەكان | كۆمەڵە چیرۆك | | ئازاد نەجم | ٢٠١١ |
| ١٣٠ | ڕووبەرێكی ڕەخنەیی | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید | | ٢٠١١ |
| ١٣١ | كتێب | خوێندنەوەی بیست تێكستی | جەلیل كاكەوەیس | | ٢٠١١ |
| ١٣٢ | لە سۆاخی عیشقدا | كۆمەڵە چیرۆك | سەلمان شێخ بزێنی | | ٢٠١١ |
| ١٣٣ | عومەر سەیفەدین | لێكۆڵینەوە | | و. لە توركییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٤ | مەحوی ناسی | لێكۆڵینەوە | هیمداد شاهین | | ٢٠١١ |
| ١٣٥ | بەیداخ | نۆڤلێت | حەمە كەریم عارف | | ٢٠١١ |
| ١٣٦ | زایەڵەی ئاوەسپی | كۆمەڵە بەرهەم | ئا: بەكر دەروێش | | ٢٠١١ |
| ١٣٧ | بازاڕی ناوخۆیی | ڕۆمان | | و: بورهان ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ١٣٨ | ڤلادیمێر سیمۆنەڤیچ ڤیسۆتسكی | وەرگێڕان | | و: لە رووسییەوە: | ٢٠١١ |
| ١٣٩ | پەنجەرە بچووكەكان | چیرۆك | ئازاد عەبدولواحید | | ٢٠١١ |
| ١٤٠ | چەند بوارێكی زانستی زمانەوانی كوردی | زمانەوانی | حمید خالید كەریم | | ٢٠١١ |
| ١٤١ | گەڕانەوە | چیرۆك | چنوور نامیق | | ٢٠١١ |
| ١٤٢ | لە مەدرەسەی نالییدا | لێكۆڵینەوەی ئەدەبی | حەمە مەنتك | | ٢٠١١ |
| ١٤٣ | قاوەخانە | كۆمەڵە چیرۆك | | و: ستار شێخانی | ٢٠١١ |
| ١٤٤ | دارستانێك لە شمشاڵ | شیعر | نامق هەورامی | | ٢٠١١ |
| ١٤٥ | شینبوونی بەرد | كۆچیرۆك | د. موحسین ئەحمەد | | ٢٠١١ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤٦ | چۆن و چی بۆ منداڵ | لێكۆڵینەوە | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠١١ |
| ١٤٧ | مصطبة وحيدة أمام القلعة | دراسة | فاروق مصطفي | | ٢٠١١ |
| ١٤٨ | في الشعر الكُردي المعاصر | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠١١ |
| ١٤٩ | كتێبی بۆشاییەكان | شیعر | ئەدیب نادر | | ٢٠١١ |
| ١٥٠ | ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو | چیرۆك | | عەبدولستار جەباری | ٢٠١١ |
| ١٥١ | ڕاز و گەمەی ئیشق | شیعر | عەباس مەجیــــد | | ٢٠١١ |
| ١٥٢ | نووسەر و نووسینەوەی زمان | لێكۆڵینەوە | نیهاد جامی | | ٢٠١١ |
| ١٥٣ | زیارەتی ماچ | شیعر | ڕەسووڵ سوڵتانی | | ٢٠١١ |
| ١٥٤ | لە گێژەنی پرسیاردا | دیمانە | حەمەفەریق حەسەن | | ٢٠١١ |
| ١٥٥ | بنەماكانی ڕەخنەی ئەدەبی | ڕەخنەی ئەدەبی | محەمەد سابیر مەحموود | | ٢٠١١ |
| ١٥٦ | دڵی داگیرساوی دانكۆ | چیرۆكی وەرگێڕردراو | | و: ئەحمەد عارف | ٢٠١١ |
| ١٥٧ | شورای گۆڕەكان | كورتە چیرۆك | هیدایەت محەمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٨ | كۆچباری گزنگ | رۆمانە شیعر | ستار ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٥٩ | باللولی داناو قەرەقووش | بەسەرهات و پەند و ئامۆژگاری | عەبدوڵلا عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٠ | هونەرستان | خوێندنەوەگەلێكی هونەرییە | ئازاد گەرمیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦١ | بەسەر شانی سەحەردا وەرە | كۆمەڵە شیعر | عەبدولرەحیم سەرەڕۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٦٢ | مینا ڕەنگینەكان | كورتە چیرۆك | جەلیل محەمەد شەریف | | ٢٠١٢ |
| ١٦٣ | چیرۆكەكان | كۆمەڵە چیرۆك | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠١٢ |
| ١٦٤ | گەڕانەوەی تارماییەكەی ژەنەراڵ | كۆچیرۆك | سەمەد ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٦٥ | كەركوك لە دیدی چەند سەرچاوەیەكدا | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | هاشم عاصی كاكەیی | | ٢٠١٢ |





| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٦٦ | گوڵبژێرێك لە وتەی ناوداران | وتەی ناوداران | ئامادەكردنی: ڕەزا شوان | | ٢٠١٢ |
| ١٦٧ | ئەزموونی رۆژنامەگەریم | یادەوەری | زاهیر رۆژبەیانی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٨ | مەرگی ئیلزە باسكولایت | كۆمەڵە چیرۆكی وەرگێڕدراو | و. حسێن عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٦٩ | هۆنراوەكانی تیلەكۆ | هۆنراوە | عاسی عەلی تیلەكۆ | | ٢٠١٢ |
| ١٧٠ | بۆ زاخاوی مێشك | مەتەڵ بۆ منالاَن | عوسمان دەروێش شكور | | ٢٠١٢ |
| ١٧١ | نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە | شیعر | گوڵباخ بەهرامی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٢ | تۆبەی فیرعەونی | شانۆنامە | وریا شەهاب | | ٢٠١٢ |
| ١٧٣ | هەنگاوێك بۆ ساغكردنەوەی دیوانی خالۆی كۆماسی | لێكۆڵینەوە | ئا:كاروان عوسمان عەلی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٤ | مۆزایكی خۆشەویستی و مردن | چیرۆكی وەرگێڕدراو | | و: عەبدوڵلا مەحمود | ٢٠١٢ |
| ١٧٥ | آراء وملاحظات نقدية عن الثقافة الكوردية | آراء | جمعة الجباري | | ٢٠١٢ |
| ١٧٦ | بلّقی بەرد | كۆشیعر | خالید كاوێس قادر | | ٢٠١٢ |
| ١٧٧ | كۆچی باڵندەكان | كۆمەڵە شیعر | ساڵەح هەلاج | | ٢٠١٢ |
| ١٧٨ | گورگ و مرۆۋ | چیرۆك بۆ منالاَن | گرفتار كاكەیی | | ٢٠١٢ |
| ١٧٩ | خۆشترین چیرۆكی ئەوینداران | چیرۆكی وەرگێڕدراو | دەرویش ئەلجەمیل | و. وەلید رەمەزان | ٢٠١٢ |
| ١٨٠ | پیاسەیەك لەگەڵ نوحدا | شیعر | بورهان ئەحمەد | | ٢٠١٢ |
| ١٨١ | ڕەهەندەكانی كوردستانیبوونی قەزای خورماتوو | لێكۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠١٢ |
| ١٨٢ | شەقامەكانی دڵ | شیعر | سەلاَح قابیل | | ٢٠١٢ |
| ١٨٣ | دوو شانۆگەری و چەند باسێكی شانۆیی | شانۆنامە | سوارە كافرۆشی | | ٢٠١٢ |
| ١٨٤ | هاواری ئەنفال | شیعر | محەمەد ئەمین ڕەشید | | ٢٠١٢ |
| ١٨٥ | لە چاوەڕوانی هیچدا | شیعر | سەیوان سەعیدیان | | ٢٠١٢ |
| ١٨٦ | بە باوەشێك لە فەناوە نیشتمانی زویر.... | شیعر | عەبدولاَ سلێمان (مەشخەڵ) | | ٢٠١٢ |